دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤٣٦
هەینی ١٥ی بانەمەڕی ١٣٨٥
٥ی مای ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

## ڕۆژی جیهانیی کرێکار لە سەرجەم کرێکاران بە تایبەت کرێکارانی کوردستان پیرۆز بێ

ڕۆژی ١ی مای، ڕۆژی جیهانیی کرێکار لە کاتێك دا دەکەینە جەژنو ڕێز لە هەوڵو چالاکییەکانی کرێکارانی زەحمەتکێشی وڵاتەکەمان دەگرین کە کرێکارانی ئێران بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی، لە دۆخێکی نالەباردا دەژینو لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە نەتەنیا هەقدەستی چەندین مانگەی بەشێکی زۆریان نادرێ، بەڵکوو لەسەر کاریش دەردەکرێنو چووکەترین دەربڕینی نارەزایەتیش بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێ.

بەو هیوایەی کرێکارانی ئێران یەکگرتووانە بەرەنگاری ڕێژیمی چەوسێنەری "ویلایەتی فەقیه" ببنەوەو خەباتی دژی زۆرداریی خۆیان تێکەڵ بە خەباتی دێموکراسیخوازانەی چینو توێژەکانی دیکەی ئێران لە دژی دیکتاتۆریو سەرەڕۆیی بکەن. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە هەموو کرێکارانی جیهان بە تایبەت کرێکارانی ئێرانو کوردستان دەکەینو پشتگیریی بێئەملاولای خۆمان لە خەباتی ڕەوایان بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانیان ڕادەگەیەنین.

کوردستان میدیا

بەپێی بەرنووسی بڕیارنامەی نوێی ئەنجومەنی هێمنایەتی

# ئەگەر ئێران بەرنامەی پیتاندنی ئورانیۆم ڕانەگرێ سزا دەدرێ



**پێنج شەممە ٤ی مای ٢٠٠٦**

وڵاتانی ڕۆژئاوایی گەڵاڵەی بەرنامەیەکی نوێیان داوەتە ئەنجومەنی هێمنایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دەتوانێ ڕێخۆشکەری گەمارۆدانی ئێران بێ ئەگەر ئەم وڵاتە لە ڕاگرتنی بەرنامەی پیتاندنی ئورانیۆم خۆ بپارێزێ.

هەنگاوی ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی مای ٢٠٠٦ی بریتانیاو فەرانسە کە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارنامە نوێیەیان بە شتێکی پێویست ڕاگەیاند، چۆتە قۆناخێکی نوێوە. لە بەرنووسی ئەم بەڵگەنامەیەدا داوا لە ئێران کراوە پیتاندنی ئورانیۆم ڕاگرێ ئەگینا لەگەڵ سزاگەلێك کە هێشتا وردەکارییەگانی دەرنەخراوە ڕووبەروو دەبێ. ئەنجومەنی هێمنایەتی دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە لەنیویۆرك دوای ئەوە کۆبۆوە کە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، هەینیی ڕابردوو (٨ی بانەمەڕ) لە ڕاپۆرتێك دا گوتبووی تاران گوێی نەداوەتە داوای ئەنجومەن بۆ ڕاگرتنی پیتاندنی ئورانیۆم.

بەرنووسی ئەم بڕیارنامەیە سەرەڕای نارەزایەتیی ڕووسیەو چین، لەسەر بنەمای بەشی حەوتەمی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوەکان داڕێژراوە. بەشی حەوتەم لە کۆتاییدا ڕێگا بۆ سەپاندنی گەمارۆ یان تەنانەت کردەوەی سوپایی لەدژی ئەم وڵاتە دەکاتەوە. بەرنووسی بڕیارنامەکە ئێران هان دەدا "تەواوی چالاکییە پێوەندیدارەکان بە پیتاندنی ئورانیۆمو لەوانە لێکۆڵینەوەو پەرەپێدان بوەستێنێ"و هەروەها "دامەزراندنی ڕیئاکتۆرێکی ئاوی قورس ڕاگرێ". دەقی بەڵگەنامەکە هەڕەشە دەکا "ئەگەر پێویست بێ ڕێوشوێنی دیکە دەگرێتە بەر تا لە بەرێوەچوونی دڵنیا بێو ئەمەش ئاماژەیە بە گەمارۆ چاوەڕوانکراوەکان.

جان بۆلتۆن، باڵوێزی ئەمریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی، "کلیلی کێشەکە لەدەست ئێران دایە." ئەو هەروەها گوتی: "ئەگەر ئەوان واز لە هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی بێنن، زۆر شت دەکرێ. ئەگەر درێژە بە هەڕەشەو گوڕەشەو لێڵ کردنی ئاو بدەنو هەوڵ بدەن خۆڵ لە چاوی ئێمە بکەن، لەو حاڵەتەدا دەکەوینە هەلومەرجێکی جیاوازەوە".

بەر لە پەسندکرانی هەر جۆرە بڕیارنامەیەکی پشت ئەستوور بە بەشی حەوتەمی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوەکان، ئەنجومەنی هێمنایەتی دەبێ ئەوەی قبووڵ بێ کە "ئاشتیو تەناهیی نێونەتەوەیی" لە مەترسی دایە.

ئێمیر جونزپری، نوێنەری بریتانیا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، گوتی کە ئەندامانی ئەنجومەنی هێمنایەتی لەسەر ئەم بابەتە کە دەیانهەوێ ئێران چەکی ناوکیی نەبێ یەکگرتوونو ناکۆکییەکانی ئەوان تا ئێستا لەسەر چۆنیەتیی ڕووبەروو بوونەوە لەگەڵ گرفتەکەیە.

بەشی فارسیی سایتی: BBC

## پەیامی پیرۆزبایی کاك مستەفا هیجری بەبۆنەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی مام جەلال تاڵەبانی بە سەرۆك کۆماری عێراق

زۆر بەڕێز جەنابی مام جەلال!
وێڕای سڵاوو حورمەت

هەڵبژاردنی دووبارەی بەڕێزتان لەلایەن پارلمانی عێراق بۆ سەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە جێگای خۆشحاڵیی ئێمەو هەموو دڵسۆزانو دۆستانی گەلی کوردە.

بەم بۆنەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان دەکەینو ئاواتەخوازین لەسایەی لێهاتوویيو ئەزموونی بەنرخی ساڵانی خەباتو سەرکردایەتیتان دا، عێراق بەرەو ئارامیو ئاوەدانی بچێو گەلانی عێراق بە بەختەوەریو برایەتی بژین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی ـ مستەفا هیجری
پاریس ـ ٢٣ی ئاوریلی ٢٠٠٦ ـ ٣ی بانەمەڕی ١٣٨٥

## تۆپبارانی هێزەکانی ڕێژیم خەڵکی گوندەکانی سەر سنووری تووشی ئاوارەییو زەرەرو زیان کرد

شەوی ١٣٨٥/٢/١٠، هێزەکانی ڕێژیم لە ناوچەی سەردەشتەوە بە مەبەستی لەناوبردنی بنکەکانی PKK، بە توندی گوندەکانی ناوچەی ژاراوێ (کوردستانی عێراق) لەوانە گوندەکانی دۆڵەکوگێ، ڕەزگەو مارەدوویيان تۆپو خومپارەباران کرد.بەم هۆیەوە زەرەرو زیانێکی زۆر بە مووچەو مەزرای خەڵکی ئەو گوندانە گەیشتووەو ئەوان بە ناچاری گوندەکانیان بەجێ هێشتووەو ئاوارەی شوێنەکانی دیکەی ناوچە بوون.

بەپێی هەواڵەکان، ڕێژیم هێزێکی زۆری لەسەر لێوارەکانی سنووریی نێوان ئێرانو عێراق دا کۆ کردۆتەوە کە هێندێك لە کارناسانی سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەن کە مەبەستی سەرەکیی ڕێژیم لە هێرش بۆ سەر pkk، میلیتاریزە کردنی ناوچەکەو خۆ ئامادە کردن بۆ ئەگەری هەر جۆرە هەڕەشەیەك لەو ناوچەیە دایە.

## بۆکان

### پێش بە کردنەوەی ئەنجومەنی ئەدەبیی بەیان گیرا

ڕۆژی دووشەممە، ١٣٨٥/٢/١٢، لەلایەن هێزی ئینتیزامیو ئیدارەی ئیتلاعاتەوە پێش بە کردنەوەی ئەنجومەنی ئەدەبیی بەیان کە بڕیار بوو لەلایەن ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکانەوە، جێبەجێ بکرێ، گیرا.

ئەو هێزانە بە گوشارو هەڕەشەو سووکایەتی پێکردن نەیانهێشت بەشداربووان ڕێوڕەسمی کردنەوەی ئەنجومەنی ناوبراو بەڕێوە ببەن.

رۆڵی سوپا لە سەقامگیریو مانەوەی نیزام دا ٢
کۆماری ئیسلامی لە نێوان سیاسەتی شەڕخوازانەو توندبوونەوەی گوشارەکاندا ٢
هەواڵەکانی کوردستان ٣
وردەکارییەکانی شەڕی ساڵی ١٣٥٨ لە نەغەدە لە وتووێژ لەگەڵ چەند کەس لە ڕێبەرانی حیزبدا ٤
گرنگایەتیی تەلەفزیۆن لە جیهانی ئەمڕۆدا ٨
باسێك سەبارەت بە جوداییخوازیو کوردستان ٩
تیرۆریستەکان لە بەرگی ئۆگرانی فووتباڵدا ٩
تەوەرێك لە سەر تیرۆریزم ١٠
لە قامووسی فیمینیزمدا ١١

## ڕامین جەهانبەگلوو، فەیلەسۆفی ئێرانیی لە بەندیخانەی ئێران دایە



دوکتور ڕامین جەهانبەگلوو تاوانی جاسووسیی دراوەتە پاڵ.

ڕامین جەهانبەگلوو، فەیلەسۆفی ئێرانیی خاوەن بڕوانامەی زانستیی دوکتورا لە لقی فەلسەفەدا (هی زانکۆی سۆربۆن)و بڕوانامەی سەروو دوکتورا لە لقی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناسیدا (هی زانکۆی هاروارد) لە زیندانی ئێوین دایە.

ڕۆژی دووشەممە، ١ی مانگی مەی ئەم هەواڵە بڵاوبروە کە ڕامین جەهانبەگلوو، گیراوە. ڕۆژنامەکانی ئێران کە بە توندی لەژێر فشاری دەزگا ئەمنییەتیو قەزاییەکانی ئێران دان لەم بارەوە بێدەنگییان کردوە. بەڵام ڕۆژی چوارشەممە ٣ی مانگی مەی (١٣ی بانەمەڕ) سەرەنجام هەواڵی گیرانی فەیلەسووفو نووسەری ئێرانی، دوکتور ڕامین جەهانبەگلوو لەلایەن کاربەدەستانی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیەندرا.

ڕامین جەهانبەگلوو کە سەرەپەرەستیی گرووپی بیری هاوچەرخی لە دەفتەری لێکۆڵینەوە فەرهەنگییەکان لە ئەستۆ بوو، لەم مانگانەی دواییدا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی لێکۆڵینەوەیی چووبووە هێند. ناوبراوز پاش گەڕانەوە لە هێند لە فرۆکەخانەی تاران گیرا. بەپێی هێندێك زانیاری، دوکتور ڕامین جەهانبەگلوو لەلایەن وەزراەتی ئیتلاعاتەوە گیراوە.

هێندێك لە نزیکانی دوکتور ڕامین جەهانبەگلوو دەڵێن لەوانەیە ناوبراو بەهۆی وتووێژێکی ڕەخنەگرانە لە دەرەوەی وڵات لەبارەی بە ئەفسانە ناوبرانی کوشتاری جوولەکەکان لەلایەن سەرکۆمار ئەحمەدینەژادەوە گیراوە. ژمارەیەك لە چاوەدێرانی سیاسیو فەرهەنگیش لەم بڕوایەدان کە گیرانی دوکتور ڕامین جەهانبەگلوو لە پێوەندی لەگەڵ هەوڵەکانی کۆنەپارێزان بە مەبەستی سەرکوتی هەڵگرانی بیری نوێو سکۆلار دایە. هەواڵدەریی فارس لە زمانی کاربەدەستێکی ئاگادارەوە گوتویەتی

سایتی DW، بەشی فارسی

## ڕاگەیەنەکان بۆ خۆیان هۆکارێکن بۆ گۆڕان

### پەیامی کوفی عەنان بەبۆنەی ٣ی مای، ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنییەوە

زانیارییەکان لە هەموو شوێنێك ئێمەیان گەمارۆ داوە. بە سەرنجدان بە بەربڵاویو زۆربوونی ڕاگەیەنە خەبەرییەکان، تێکنولۆژییە نوێیەکانو مێتۆدە تازەکانی بڵاوکردنەوەی بابەتەکان، دەستڕاگەیشتن بە زانیاری زۆر هاسان بووە. زانیارییەکان لە دنیای ئەمڕۆدا، هەروەها جۆراوجۆرییەکی سەرنجڕاکێشیان تێدایە. بۆ نموونە ڕەوتی سەرەکیی ڕاپۆرتدانەوەی ڕاگەیەنەکان بەهۆی ڕاگەیەنە موشارەکەتییەکان تەکمیل بووە. ئەگەرچی ڕاگەیەنەکانو ژورنالیسم ڕۆڵیان هەیە بەڵام ڕەچاوکردنی هێندێك بنەمای بنەڕەتی، هەروا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. لە ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنیدا، من جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆم لە مافی جیهانیی ئازادی بیروڕادەربڕین ڕادەگەیەنم. زۆر لە تێکۆشەرانی بواری چاپەمەنی کوژراون، نەقوستان بوونو کەوتوونەتە زیندان، یا بە شێوەی جۆراوجۆر بوون بە ئامانجی لەنێوبردن، تەنیا بەو تاوانە کە بە ڕێگایەکی دروست کەڵکیان لەو مافەی خۆیان وەرگرتوە.

بە گوێرەی ڕاگەیاندنی کومیتەی پشتیوانی لە ڕۆژنامەنووسان، لە ساڵی ٢٠٠٥دا، ٤٧ هەواڵنێرو ڕۆژنامەنووس کوژراونو لە ساڵی ٢٠٠٦دا ١١ کەس گیانیان لەدەست داوە. ئەوە کە ژمارەیەك ڕۆژنامەنووس لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان دا گیانیان لەدەست دەدەن،، شتێکی جێگای داخەو ناتوانین قبووڵی بکەین. ئەم ئامارانە وەك پارامیترێك بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی ئازادیی بیروڕا دەربڕین سەیریان دەکرێ، من پێی لەسەر دادەگرمەوە کە هەموو دەوڵەتان [دەبێ] دەروەستیی خۆیان لە دابینکردنی بوارەکانی گەڕان بەشوێن زانیاریو وەدەستهێنانو بڵاوکردنەوەیان دا هەروەها ڕاگەیاندنیان لە ڕێگای ڕاگەیەنەکانو، بێ وەبەرچاوگرتنی سنوورەکان ـ بەو جۆرە کە لە ماددەی ٩١ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دا هاتوە ـ جارێکی دیکە نیشان بدەنەوە.

لەم کاتەدا من داوا لە هەمووان دەکەم بە شێوەیەکی بەرپرسانە، لە جێی خۆیداو چالاکانە کەڵك لەم مافە وەربگرن. ڕاگەیەنەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ هەیە، بەجۆریك کە ڕاگەیەنەکان لە تەنیشت کۆڕی گشتیدا، ڕۆڵێکی گرنگیان لە پەسندکردنی بڕیارنامەی پێکهێنانی شووڕای مافی مرۆڤ، بەرەوژووربردنی وێکهەڵکردن، ڕێزدانان بۆ ئایینەکانو ئازادیی مەزهەبو بیروڕادا هەیە.

ڕاگەیەنەکان نابێ ببن بە ئامرازێك بۆ دنەدان یا وێرانکاری یا بڵاوکردنەوەی ڕقو نەفرەت. ئەوان دەبێ لە دەسەڵاتی خۆیان بە بێزیان گەیاندن بە ئازادییە بنەڕەتییەکان کەڵك وەربگرن.

لە ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنیدا، ڕێگامان پێ بدەن بیسەلمێنین کە ڕاگەیەنە نەتەوەییو جیهانییەکان تەنیا کاری بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی گۆڕانەکان ناکەن، بەڵکوو بۆ خۆیان هۆکارێکن بۆ پێکهێنانی گۆڕان. ئێمە هەموومان دەبێ سوپاسی کارو داهێنانی ڕاگەیەنەکان بکەین. من دڵنیام ڕاگەیەنە کۆنو نوێیەکان بە بێبوونی هەڕەشە، ترسو هەر هەڵوێستێکی دیکە، دەتوانن درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن.

سایتی: ایران امروز

# ڕۆڵی سوپا لە سەقامگیریو مانەوەی نیزام دا

**عەلی بداغی**

**و: لوقمان عەبدوڵلازادە**

یەکێك لە هەنگاوە بنەڕەتییەکانی زەتکەرانی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی ١٣٥٧، دەسەڵاتدارانی حکوومەتی تازە دامەزراوی کۆماری ئیسلامیی، دامەزراندنی بونیادگەلێك بەناو ئینقلابیو، گرینگترینیان سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی بوو. مەبەست لە دامەزراندنی ئەو هێزە چەکدارە، پتەوکردنی بناخەکانی دەسەڵاتی سیاسیی تازەپێگەیشتوو، بلاوکردنەوەو بەزۆر داسەپاندنی بایەخو دەسکەوتەکانی شۆڕش! لە کۆمەڵگادا، پاراستنی ڕێژیم لە دزەی هێزگەلی دەرەکی، بەربەرەکانی دەگەڵ هەر جۆرە هەرەشەیەك کە مانو ومەوجوودییەتی نیزام بخاتە مەترسییەوە، بوو. ئەرتەش لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە، جێگای متمانەو پشت پێبەستن بۆ ئەم مەبەستانە نەبوو ڕێبەرانی ڕێژیمیش هەر بۆیە هاتبوونە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ هێزی چەکدارو پارێزەرانی ڕێژیمەکەیان لە کەسانی جێی متمانە، عەقیدەتیو گوێلەمستی خۆیان پێك بێنن.

ڕۆڵی سەرەکیی سوپا لەو کاتە گرینگەدا، بەربەرەکانی لەگەڵ هێزە دێموکراتو سیکولارو ئازادیخوازەکانی دژ بە ڕێژیمو سەرکوت کردنی هەر جۆرە سەرهەڵدانو حەرەکەتێك بوو کە ڕێژیمەکەیانی بەرەوڕووی مەترسی بکاتەوە، یان بە جۆرێك کەوتبنە دژایەتی کردنی.

کەشوهەوای تا ڕادەیەك ئازادی یەکەم مانگەکانی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانو ئەو ماوە کورتەی کە ئازادی باڵی بە سەر وڵات دا کێشابوو، هەلێکی باش بۆ ڕێکخستنو بەهێزکردنی سوپای پیلانگێڕیی دەمڕاستەکانی ڕێژیم بە مەبەستی سەرکوت کردنی حیزبو هێزە پێشکەوتووو جیابیرەکانو قەڵاچۆکردنی بزووتنەوەکانی کۆمەڵانی خەڵك، بە تایبەت بزووتنەوەی نەتەوە زۆرلێکراوەکانی وڵاتو بەگاڵتەگرتنو پێخوست کردنی ویستو داخوازە ڕەواو، دێموکراتیكو ئازادیخوازانەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بوو.

بۆ باس لەسەر چۆنییەتیی پتەوبوونو پەرەسەندنی هێزو دەسەڵاتی سوپای پاسداران لە قووچەکی دەسەڵاتداو، زاڵبوون بەسەر هەموو پۆستە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە وڵات دا، دەبێ سەرنج بدەینە دوو شوێنو کاتی جیاواز:

یەکەم: پێش شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق دا

دووهەم: دوای شەڕی ٨ ساڵە

پێش شەڕی ٨ ساڵە: ڕێژیم لە ئاڵۆزییەکانی دوای ڕاپەڕینو کێشەی هێزو سەپاندنی ئاستەنگیی مەزهەبیو نیزامیدا دەگەڵ کۆسپێکی ئەستەمو دژوار لە کوردستان دا ڕووبەڕوو بوو. خەڵکی کوردستان بە سەرنجدان بە دەسکەوتەکانی بزووتنەوە نەتەوەییە ڕەسەنەکەیانو ڕێنوێنیی حیزبە پێشکەوتووەکەیان واتە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ملیان بۆ سیاسەتی پاوانخوازانەی تالانچی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینو بادانەوە لە ویستو داخوازە بەرحەقو لەمێژینەکانیان ڕانەکێشاو کوردستانیان کرد بە مەتەرێزی بەرگری لە هەمبەر هێرشی سەرەڕۆیانەی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو.

فەتوا بەد ناوەکەی خومەینیو ڕاگەیاندنی جیهاد دژی نەتەوەی کورد، بوو بە هۆی ئەوە پاسدارانی تاریکیو نەزانیو تینوو بە خوێنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان، وەك سێڵاو برژێنە کوردستانو ببنە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی ماڵوێرانکەر، کە سەرانسەری کوردستانی تەنیەوە. پاسدارانی خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی بە وەرگرتنی بەڵێنی چوونەبەهەشتو گەیشتن بە دواپلەی شەهادەت (کاتێك کە کوژران) بوونە خولقێنەری کارەساتێکی سامناك لە کوردستان کە، زمان توانای باسو دەربڕینی نییەو، پەڵەیەکی ڕەشە بە تەوێڵی ڕێژیمەوە. سوپای پاسداران بە لەژێر باڵ گرتنی خۆفرۆشە خۆماڵییەکانو ڕێکخستنو چەکدارکردنیانو سەپاندنی شەڕێکی نەخوازراو بەسەر میللەتی کورددا، خەسارێکی گیانیو ماڵیی یەکجار زۆریان بەسەر کورددا سەپاندو بە بەهێزکردنی دیاردەی جاشایەتی، ئەم نەریتە ناشیرینو دزێوەی لای بەشێك لە خەڵکانی کاڵفامو چنۆك زیندوو کردەوە.

ئەم ڕێکخراوە (سوپای پاسداران) سەرکوت کەرەی ڕێژیم بە میلیتاریزە کردنی کوردستانو دانانی هەزاران مۆڵگەی گەورەو بچووك، لە شارو گوندو بەرزاییو سەر تەپۆڵکەکانی کوردستان کەوتنە بەربەرەکانی دەگەڵ خەباتی مافخوازانەو دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان.

ئێستاش پاش چۆڵکردنی بەشێکی زۆر لەو مۆڵگانە ڕۆژ نیە تەقینەوەی مین لە دەورووبەری ئەم مۆڵگە چۆڵکراوانە بنەماڵەیەك ڕەشپۆشو تازیەبار نەکاو دڵێك لە لێدان نەکەوێ.

لە ئاستی گشتیی وڵاتیش دا سوپای پاسداران، گلێنەی چاوو پارێزەری ڕێژیم ڕاستەوخۆ، کەوتە دەستێوەردان لە کاروباری سیاسیی وڵات. لەو شتانەی بوونە هۆی دەستێوەردانی سوپا لە کاروباری سیاسی وڵات، دەتوانین ئاماژە بکەین بەوە کە: نەبوونی هێزو لایەنە سیاسییەکان کە لە ئاکامی ڕەوتی پاکسازیی گشتیو هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنیان لە لایەن ڕێژیمەوە، بە کردەوە لە مەیدانی سیاسیی وڵات دا جێپێیان پێ لێژ کرا. هۆیەکی دیکەی هێز نواندنی سوپا لە داڕشتنی سیاسەتی گشتیی وڵات دا، لە ئارادا نەبوون یان بەشداریی لاوازی هێزە مەدەنییەکانو نەبوونی ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەی ئازادو ڕەخنەگر، لە تەنیشت کردەوە ئێعترازییەکانی خەڵك بوو.

**سەردەمی دوای شەڕی ٨ساڵە:**

سەردەمی دوای شەڕی ٨ساڵە، هاوکاتە لەگەڵ هەڵکشانو چوونەسەری نفووزو دەسەڵاتی سوپای پاسداران لە هەموو بوارەکان داو جیا لە پەرەپێدانی توانای نیزامییو تەسلیحاتی، بوارەکانی سیاسیو ئابووریشی خستە پاوانی خۆیەوە.

یەکەمین دەستێوەردانی ئاشکرای سوپا لە ڕەوتی سیاسیدا، پێنجەمین خولی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بوو کە لەژێر ناوی هێرشی سیاسیدا، بووە هۆی گۆڕینی هاوسەنگیی سیاسیو دەسەڵات بە قازانجی باڵی ڕاستی سوننەتی.

خوێندنەوەیەکی دیکە لە ئاسایشی نیشتمانیو لێك گرێدانی دەگەڵ کولتووری حیزبوڵلا بۆ بەرگری لە بایەخەکانی شۆڕشو پاوانکردنی هەموو ناوەندەکانی دەسەڵاتی وڵات، دوا ئامانجی سوپا لەو هەلومەرجە زەمەنییەدا بوو.

حەرەکەتێك کە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی پێنجەم دا، هەنگاوی یەکەمی بۆ هەڵگرتو، هەنووکەش بە هاتنە سەرکاری ئەحمەدینەژاد وەك سەرکۆمار ئەو ڕێگاکەی بە تەواوی خۆش کردو بڕی.

ئێستا کە دەکرێ بە سەرنجدان بە هەلومەرجی جیهانیو بارودۆخی ئێران لە هاوسەنگیی سیاسیی نێونەتەوەیی ئەمڕۆداو بارودۆخی نێوخۆی وڵات، دوا ئاکامو دەرەنجامی ئەو دەوڵەتە نیزامییە بخرێنە بەرباس.

دەوڵەتی نیزامی ـ ئەمنییەتی ئەحمەدینەژاد کە میراتگری ناکارامەیی دەوڵەتەکانی پێش خۆشی لە هەموو بوارەکانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ کولتووریو ئابووری دایە، هەنووکە چارەسەرکردنی قەیرانە نێوخۆییەکانی وڵاتی لە ناردنە دەرەوەی قەیرانو پێك هەڵپڕژانو ئاوقەبوونی لەگەڵ هێزێکی دەرەکیدا دیتۆتەوەو، بە تەمایە بەجێی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ چارەسەری ئەو قەیرانو دیاردانەی کە کۆمەڵگایان لەنێوخۆیان دا نوقم کردوە، شەڕێکی نەخوازراو لەگەڵ هێزە دەرەکییەکان بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێو بە خولقاندنی قەیرانێکی دیکە چەند ڕۆژێك تەمەنی نگریسی دەسەڵاتی خۆی درێژ بکاتەوە.

لە دوا ئاکامەکانی ئەو قەیرانە دەکرێ، ئاماژە بە داخرانی جموجۆڵی سیاسیو سەرکوتی بزووتنەوە ئێعتیرازییەکانی نێوخۆی وڵات بکەین، کە لە ئاکام دا دەبێتە هۆی دەمکوتکردنی موتلەقو لاوازبوونی هەرچی زیاتری بونیادە مەدەنییەکانی نێو کۆمەڵگا.

سەرەنجامی دەوڵەتێکی ئەوتۆ، ئەگەر ڕووخانی لەلایەن زلهێزەنەیارەکانی دەرەکییەوە نەبێ، بە دڵنیاییەوە تەقینەوەی بزووتنەوە ئێعتیرازییەکانو ڕاپەڕینی جەماوەری دوا بزمار بە تابووتی ئەم دەسەڵاتەدا دەکوتێو کۆتایی بە تەمەنی نگریسی دەهێنێ.

**ڕۆڵی سەرەکیی سوپا لەو کاتە گرینگەدا، بەربەرەکانی لەگەڵ هێزە دێموکراتو سیکولارو ئازادیخوازەکانی دژ بە ڕێژیمو سەرکوت کردنی هەر جۆرە سەرهەڵدانو حەرەکەتێك بوو کە ڕێژیمەکەیانی بەرەوڕووی مەترسی بکاتەوە، یان بە جۆرێك کەوتبنە دژایەتی کردنی**



# کۆماری ئیسلامی لە نێوان سیاسەتی شەڕخوازانەو توندبوونەوەی گوشارەکاندا

**سەلاح موڕادی**

پاش هاتنەسەرکاری مەحموود ئەحمەدینەژاد، قۆناخێکی دیکە لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی پێکرد. سیاسەتێك کە لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم لە سەردەمی سەرکۆمارییی خاتەمیدا لە هێندێك لایەنەوە جیاوازیو ناتەبایی تێدا دەبینرێ. خاتەمی لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی خۆیدا هەوڵیدا وێڕای گرژی ڕەواندنەوە لە ئاستی ناوچەدا، ڕوخسارێکی ئەمڕۆییانەو ئاشتیخوازانە لە ڕێژیم کە لەگەڵ نێوەرۆكو بنەمای سیاسەتە سەرەکییەکانیدا ناتەبا بوو، لە ئاستی نێونەتەوەییدا بخاتەڕوو. باشترکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبستانو تا ڕادەیەك میسرو تەنانەت عێراق لە کاتی دەسەڵاتی ڕێژیمی بەعسداو پشتیوانیی وڵاتانی ئورووپایی لە سیاسەتە ریفۆرمخوازانەکانی خاتەمیو پەرەگرتنی پێوەندییە سیاسیو ئابوورییەکانی نێوان ئێرانو ئورووپاو پەیدابوونی هێندێ بوار بۆ وتووێژ لەگەڵ ئەمریکادا لە ئاکامەکانی ئەو شێوازە لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی خاتەمی بوون. شکستی ڕەوتی ریفۆرمخوازیو هاتنەسەرکاری یەکێك لە باڵە ڕادیکاڵو توندڕۆیەکانی ڕێژیم، ئاڵوگۆڕی سەرەکیی لە سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمدا پێك هێنا. سیاسەتێك کە بە سیاسەتی هێرشبەرانەو شەڕخوازانە ناو دەبرێ. هۆکارەکانی گرتنەپێشی سیاسەتێکی وا چین؟ ڕادەی سەرکەوتنی ئەم شێوە سیاسەتە چەندە؟ ئاکامەکانی ئەم سیاسەتە شەرخوازانەیەو کاردانەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکا لە بەرامبەریدا چۆن دەبێ؟ بابەتی ئەم باسەی ئێمەن کە لە درێژەی ئەم وتارەدا هەوڵ دەدەین، وەڵامیان بدەینەوە.

***

لە کاتێکدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی گوشارێکی نێودەوڵەتی بۆتەوەو هەر ڕۆژ لە ئاستی نێونەتەوەییدا تەریکتر دەخرێتەوە، ئەم ڕێژیمە لە باتی ڕەواندنەوەی گرژییەکانو هەوڵدان بۆ هێمن کردنەوەی بارودۆخ، سیاسەتێکی گرتۆتەبەر کە نەتەنیا هاوپەیمانێکی ئەوتۆی بۆ نەهێشتۆتەوە، بەڵکوو هاوڕاییو یەکڕیزییەکی زیاتریش لە نێوان وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بۆ بەرەنگاریی لەگەڵ سیاسەتە زێدەخوازانەکانی لێکەوتۆتەوە. هۆکارەکانی گرتنەبەری ئەوجۆرە سیاسەتە دەگەڕێنەوە بۆ:

**نێوەرۆکی شەڕخوازانەو هێرشبەرانەی سیستمی حکوومەتیی ویلایەتی فەقیه**

بۆ ئەوەی باشتر لە نێوەرۆکی ڕاستەقینەی ڕێژیم تێبگەین، باشتر وایە سەرنج بدەینە بەشێك لە وتەکانی دامەزرێنەرو داڕێژەری بناخەی حکوومەتی ویلایەتی فەقیه، خومەینی کە دەڵێ:

"... ئێوە ئاغایانی عولەما بۆچی هەر وەدوای نوێژو ڕۆژوو دەکەون؟ بۆچی هەر ئایەتی ڕەحمەت لە قورئاندا دەخوێننەوەو ئایەتی کوشتن ناخوێننەوە؟ قورئان دەڵێ بکوژە، لێبدە، بەند بکە. بۆچی ئێوە هەر ئەو لایەنەتان گرتوە کە باسی ڕەحمەت دەکا؟ ڕەحمەت دژایەتی لەگەڵ خودایە.... مێحراب واتە جێی شەڕ، واتە جێی جەنگ، لە مێحرابەکانەوە دەبێ شەڕ پەیدا بێ، هەروەکوو زۆرترین شەڕەکانی ئیسلام لە مێحرابەکانەوە پەیدا بوون. پێغەمبەر شمشێری هەیە تاوەکوو خەڵك بکوژێ، ئیمامانی ئێمەش (علیهم السلام)، هەموو سەرباز بوون، هەموو شەڕکەر بوون، شمشێریان دەوەشاند، خەڵکیان دەکوشت، ئێمە خەلیفەمان دەوێ کە دەست ببڕێتەوە "حد" جێبەجێ بکا، هەر وەکوو ڕەسولوڵلا(ص) دەستی دەبڕیەوەو "حد"ی جێبەجێ دەکردو هەروەکوو جەماعەتی "بەنی قوریزە" کە ناڕازی بوون، کوشتوبڕ کران".(١)

هەر لەسەر ئەم نێوەرۆکە شەڕخوازانەو کۆنەپەرستانەیەی ڕێژیم بوو کە سیاسەتی دەرەوەی لە سەرەتادا لەسەر بنەماکانی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی حکوومەتی جیهانیی ئیسلام، پشتیوانی لە هەژارەکانو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، تەبلیغ بۆ ئیسلامو بانگهێشتنی خەڵك بۆ ئەم ئایینە بە گشتیو مەزهەبی شیعە بە تایبەتیو وەلانانو ڕەتکردنەوەی خۆرهەڵاتو خۆرئاوا، داڕێژرا. سیاسەتێك کە بە ڕوونی نێوەرۆکی هێرشبەرانەو شەڕفرۆشانەی ڕێژیم دەردەخا. لە گرتنەپێشی سیاسەتێکی وادایە کە شەڕ بە نیعمەتی خودا دەزانرێو حکوومەتی ئیسلامییش کە لە ئێراندا دامەزراو دەبێ لەو ڕێگایەوە بۆ وڵاتانی دەوروبەرو تەواوی دنیا بنێردرێ.

بەڵام ڕێژیم پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ ڕێژیمی بەعس، شەڕێك کە لە ئاکامی سیاسەتە ناڵۆژیکییەکانی ڕێژیمو زێدەخوازیی سەددام حسێندا پێك هاتو شکستی دروشمی "ڕێگەی قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێ"، گۆڕانی لە سیاسەتی دەرەوەدا پێك هێناو شێوازی سیاسەتی بەرگیریو پاساودانەوەی دروشمە قەبەو ـ بریقەدارەکانی گرتەبەر، شێوازێك کە لەگەڵ نێوەرۆکی شەڕخوازانەو

بۆ لاپەڕەی٨



**برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە نێوخۆی وڵات

ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزو ئەمەک ناسی حیزب، ئەمجارەش وەك هەمیشە، بوێرانەو بەرپرسانە لە بەرامبەر کێشە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، بەشێوەی تراکت و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە بەرزایی یەکانی وڵاتەکەمان نارەزایەتیی خۆیان بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران نیشان دا.

ئەو شارانەی کە لەم دواییانەدا چالاکی تەبلیغییان تێدا بەڕێوە چووە، بریتین لە : تەرگەوەر ـ بانە ـ بۆکان و مەریوان. (بڕوانە ـ کوردستان میدیا)

## کۆکردنەوەی دەزگاماهوارەیی یەکان



کۆماری ئیسلامی لە درێژەی کردەوەی بێشەرمانەکانی خۆیدا، بە گوێرەی هەواڵێك کە بە دەستمان گەیشتوە، لە گەڵاڵەیەك دا، بڕیاری کۆکردنەوەی دەزگا ماهوارەیی یەکانی بە هێزە پاشقەرۆکانی خۆی داوە. لەو گەڵاڵەیەدا هاتووە کە دەبێ لە ماوەی سێمانگدا، سەرجەم دەزگا ماهوارەیی یەکان لە سەرانسەری ئێراندا کۆ بکرێتەوەو ئەگەر کەسێکیش ئەم بڕیارە بشکێنێ بەپێی قانوون دەبێ ٦ میلیۆن تمەن جەریمە بکرێ.

لەگەڵ ئەوەی ئەم بڕیارە بۆ سەرتاسەری ئێران دراوە، بەڵام ڕێژیم وەك هەمیشە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارە دژە شارستانییەکانی لە کوردستانەوە دەستی بەکار کردوەو لە هەنگاوی یەکەم دا لە ڕۆژەکانی ٨٥/٢/٩ لە سنەو ٨٥/٢/١٠ لە مەریوان و لە ڕۆژانی ڕابردووشدا لە شارەکانی پیرانشار ـ ورمێ و نەغەدەو گوندەکانی دەوروبەری ئەم شارانە، لەناکاوو بێئیجازە خۆیان بە ماڵ و دووکانەکانی خەڵك دا کردووەو بێژمارە دەزگای ماهوارەیی و کەرەسەی دیکەی ناو ماڵەکانیان بەتاڵان بردوە، کە ئەم کردەوانە بوونەتە بشێوی و ئاڵۆزی باری دەروونی خەڵك و زەبرێکی زۆری ئابووری لە هەندێك لە بنەماڵەکان داوە.

## تێکهەڵچوون لە نێوان هێزی ئینتیزامی و خەڵك دا بووە هۆی بریندار بوونی ٣ کەس

ڕۆژی ١٣٨٥/٢/١١، خەڵکی گوندی شیناوێی بۆکان پێشیان بە کاناڵ لێدان بە مەبەستی لوولەکێشان بۆ گاز کە بێمۆڵەتی ئەوان و قەرەبووکردنەوەی زەرەرەکان بەنێو زەوییەکانیان دا تێدەپەڕێ، گرت. بەم بۆنەوە هێزی ئینتیزامی هێرشی کردە سەر خەڵك و لەنێوانیان دا تێکهەڵچوون پێکهات.

لەم تێکهەڵچوونەدا ٣ کەس لە خەڵکی شیناوێ بریندار بوون و ٧ کەسیش دەستبەسەرکران.

## هێرشی جاشەکان بۆ سەر دوو هاووڵاتی مەهابادی

چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە کاتێك دا جاشەکان و بەکرێگیراوانی ڕێژیم خەریکی ناشتنی تەرمی خۆفرۆشێك بەناوی حوسێن عەزیزی لە گۆڕستانی جاشەکانی مەهاباددا بوون، دوو هاووڵاتی بەناوەکانی سۆران و سەردار نیازمەند، هەر دوو کوڕی وەستا عەلی کە لەوێوە تێدەپەڕین کەوتنە بەر پەلامارو هێرشی جاشە مەنگوڕەکان و بە توندی بریندار بوون.

## لە سەقزدا ئێوارەکۆڕێك لەسەر کێشەی ژنان بەڕێوەچوو

ڕۆژی پێنج شەممە، ١٣٨٥/٢/٧، ئێوارەکۆڕێك لەلایەن ژنانی نووسەرو شاعیری سەقزەوە لەسەر کێشە سەرەکییەکانی ژنانی کورد بە بەشداریی ژنان و پیاوانی هۆگر، بەڕێوەچوو.

لەم ئێوارە کۆڕەدا لەلایەن نووسەران: شلێر ڕەشیدی، کوبرا شەعبانی و شوعلە بەیگزادەو چەند نووسەری ترەوە وتاری زانستی و هەروەها لەلایەن شوعلە شێخی، نەشمیل نشەستە، کۆچەر، شەهلا ڕەزاپوورو چەند شاعیری ترەوە شێعر لەسەر بابەتەکە خوێندرایەوە. لە بەشێکی بەرنامەکەدا کچانی وەرزشکاری شاری سەقز، کۆمەڵێك کاری ڕەزمی پێشکەش کرد. پاشان کۆڕەکە بە خوێندنەوەی چەند بڕیارو پەسندکردنیان لەلایەن بەشداربووانەوە کۆتایی پێ هات.

## ناچارکردنی پەناخوازانی کورد لە تورکیە بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ ئێران



بە گوێرەی هەواڵێك کە بە "کوردستان میدیا" گەیشتووە ژمارەیەکی بەرچاو لەو کوردە ئێرانی یە پەناخوازانەی کە لە تورکیە نیشتەجێن، بەهۆی درێژەی دژایەتیی وڵاتی تورکیەو کومیساریای بەرزی پەناخوازانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و نەدانی وەڵامی ئەرێنی پێیان و بەڕێ نەکردنیان بۆ وڵاتی سێهەم، خەریکە ناچار دەبن بگەڕێنەوە بۆ ئێران.

شایانی باسە کە نزیکەی ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ پەناخوازی ئێرانی کە زۆربەیان کوردن ماوەیەکی زۆرە لە تورکیە نیشتەجێن و لەلایەن دەوڵەتی تورك و کومیساریای بەرزی پەناخوازانی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە نەتەنیا هیچ هاوکارییەکیان ناکرێ، بەڵکوو دژایەتیشیان لەگەڵدا دەکرێ و هێندێ جار وڵاتی تورکیە ژمارەیەك لەو پەناخوازە کوردانەی کە کێشەی سیاسییان هەیە، ڕادەستی ئێران کردۆتەوە کە لەگەڵ مەترسیی ئێعدام کران دا ڕووبەڕوو بوون و لێیشیان ئێعدام کراوە.

# چاوپێکەوتنەکانی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە دەرەوەی وڵات

ڕۆژی ٢٥ی ئاوریلی ٢٠٠٦ (١٣٨٥/٢/٥)، سکرتێری گشتیی حیزب، بەڕێز کاك مستەفا هیجری لە سەفەریدا بۆ وڵاتانی ئورووپایی گەیشتە لەندەن، پێتەختی وڵاتی بریتانیاو لەلایەن شاندێکی کومیتەی حیزبەوە پێشوازیی لێکرا.

بەڕێز کاك مستەفا هیجری لە وڵاتی بریتانیا ئەم چاوپێکەوتن و چالاکی یانەی بەڕێوەبرد:

- کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٥ی ئاوریل: دیدار لەگەڵ بەڕێزان تۆم کلارك و مایکل کۆنێرتی، ئەندامی پارلمان
- کاتژمێر ٥ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٥ی ئاوریل دیدار لەگەڵ دوکتور فیلیپ ڕۆبین، مامۆستای زانکۆی ئاکسفۆردو لێپرسراوی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە زانکۆ.
- کاتژمێر ٣:٣٠ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٦ی ئاوریل: دیدار لەگەڵ بەڕێز لۆرد کۆربیت.
- کاتژمێر ٥:٣٠ی ڕۆژی ٢٦ی ئاوریل: دیدار لەگەڵ ڕێزدار خاتوو مۆرەکانێری، کونسولی سیاسی لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بریتانیا
- کاتژمێر ١ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٧ی ئاوریل: دیدار لەگەل بەڕێز کلیمنت جۆن، هەروەها لەلایەن بەڕێزیانەوە کاك مستەفا هیجری بۆ نەهار لە پارلمان بانگهێشت کرا.
- کاتژمێر ١ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٩ی ئاوریل: کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی کومیتەی حیزب لە بریتانیا.
- کاتژمێر ١٠ی بەیانیی ڕۆژی ١ی مەی: وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "شەرقول ئەوسەت".
- کاتژمێر ٥ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١ی مەی: دیدار لەگەڵ بەڕێز لۆرد ئێریك ئیڤبری.



**مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزب ـ لەندەن**

هەروەها لە سێ ڕۆژو ڕێکەوت و شوێنی جیاوازدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتیی کوردو ئێرانیدا کرد.

تەوەری باسەکانی بەڕێزیان لە سەرجەم چاوپێکەوتنەکان دا بریتی بوو لە:

باس لەسەر ئێران و ڕەوشی کورد لە کوردستانی ئێران، پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ڕێژیمەوە، خۆپیشاندانەکانی ساڵی ڕابردووو ئەمساڵ لە کوردستانی ئێران و پێشێل کردنی مافە نەتەوایەتی یەکانی کورد لەلایەن کۆماری ئیسلامی یەوە، خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، پشتیوانیی ڕێژیم لە تیرۆریزم و گرووپە تیرۆریستی یەکان، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە لەژێر دروشمی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی و دژایەتی لەگەڵ ڕەوتی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا.

لەم باسانەدا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب بارودۆخی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران لەبارتر زانی و هەروەها لەسەر هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دەستراگەیشتن بە چەکی ناوکی وتیان: "حیزبی ئێمە پێی وایە تەیاربوونی ئێران (ڕێژیم) بە چەکی ئەتۆمی، بۆ گەلانی ئێران و ناوچەو کۆمەڵگای جیهانی بە تایبەت ڕۆژئاواو ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و دونیادا مەترسیدارە. وتووێژەکانی چەند ساڵەی وڵاتانی بریتانیا، فەڕانسەو ئاڵمان تا ئێستا نەیانتوانیوە ئێران (ڕێژیم) بێننە سەر ئەو ڕێگایە کە دڵنیایی یەکی تەواو بە کۆمەڵگای جیهانی و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی بدا، کە بە ڕاستی بە نیازی دروست کردنی چەکی ناوکی نیە. بە تایبەت دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی‌نەژادو دەست پێکردنەوەی پیتاندنی ئۆرانیۆم، ئەو گومانەی لای کۆمەڵگای جیهانی بەهێزتر کردوە".

هەروەها بەڕێز کاك مستەفا هیجری لە دەستنیشان کردنی ڕێگایەك بۆ دەربازبوونی گەلانی ئێران لە بارودۆخی زاڵ بەسەریان دا وتی: "حیزبی ئێمە پێی وایە گونجاوترین ڕێگا بۆ ڕزگاربوون لەو هەلومەرجە ناخۆش و دژوارە کە گەلانی ئێران تووشی بوون، پشتیوانی‌کردن لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵە، هاوفکری و یارمەتی‌دانیانە کە دەتوانێ رووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مسۆگەر بکاو ئەوکات دەتوانین بە هاوکاریی هەموولایەکمان نیزامێکی گەلی و دێموکراتیك کە هەم ئێران بتوانێ لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا جێگای شیاوی خۆی بەدەست بێنێتەوەو هەم گەلانی ئێران بە مافەکانی خۆیان بگەن و بە ئازادی بژین، هەم کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە مەترسیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕزگاری بێ، دامەزرێنین".

جێی باسە کە لە سەرجەم دیدارەکان دا کاك مەولوود سوارە، نوێنەری پێوەندییەکانی حیزب لە بریتانیا هاوڕێی بەڕێز سکرتێری گشتی بوو.

## کۆڕی شایی و هەڵپەڕکێی خوێندکارانی کوردو تورك لە زانکۆی "تربیەت معلم"ی تەورێز

شەوی یەکشەممە، ١٣٨٥/٢/١١، خوێندکارانی کورد لە خەوتنگەی زانکۆی "تربیت معلم"ی تەورێزدا ئاهەنگێکی شایی و هەڵپەڕکێیان بەبۆنەی قەبووڵبوونی ٢ کەس لە خوێندکارانی کورد بە پلەی ١٥ و١٦ی ئێران بۆ دەورەی کارشناسی ئەرشەد لە ڕشتەکانی ڕیازی و کۆمەڵناسی‌دا، بەڕێوەبرد.

جێی باسە کە خوێندکارە تورکەکانیش بۆ بەشداری لەم ئاهەنگەدا بانگهێشت کرابوون و کۆی بەشداربووان بە کوردو تورك زیاتر لە ٣٥٠ کەس دەبوو.

ئاهەنگەکە بە وتنەوەی دروشمەکانی "بژی کوردستان"، "بژی ئازەربایجان" و "یەکیەتی، یەکیەتی" و خواردنی شیرینی کۆتایی پێهات.

## ئاگاداریی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب بۆ لاوانی سنە

کەسێك کە خۆی بە ئەندامی حیزب ناساندوەو داوای لە لاوانی ئەم شارە کردوە کە ببنە ئەندامی حیزب و کاتێ موراجعەی پێکردون و داوای موشەخەسات و ئیمزای لەو لاوانە کردوە و پاشان پێی ڕاگەیاندون کە بوونەتە ئەندامی حیزب.

لەم پێوەندییەدا لاوانی شاری سنەو هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە ئەندامگیری لە حیزبی دێموکراتدا بەو چەشنە ناکرێ و ئەو شێوە کارە تەنیا کاری بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامییە بۆ لەداوخستنی لاوانی شۆڕشگێڕی وڵاتەکەمان.

**لاوانی تێکۆشەر!**

ئێوە تا لە سلامەتیی سیاسیی کەسێك بە تەواوی دڵنیا نەبن، نابێ بڕوای پێ بکەن و موشەخەساتی خۆتانی پێ بدەن. ئەو کەسانەش کە بە خراپ وەرگرتن کەڵك لە ناوی حیزب دەیانهەوێ لاوان فریو بدەن، دەبێ بزانن کە ئەو کردەوەیەیان بێ وڵام نامێنێتەوە.

## زانکۆی "تربیت معلم" آزەربایجان
## لە نێوان خوێندکارانی کوردو "حەراسەت" و سەرۆکایەتیی زانکۆدا کێشەو هەرا پێکهات

ڕۆژی یەکشەممە، ١٣٨٥/١/٢٦، بەهۆی مۆڵەت نەدان بە خوێندکارانی کوردی زانکۆی "تربیت معلم آزەربایجان" لە تەورێز، بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی خۆیان لە ڕێوڕەسمی ئامادەکراودا، بەبۆنەی "حەوتووی وەحدەت"ەوە، لەنێوان ئەوان و بەسیجی‌یەکان و سەرۆکایەتی و "حەراسەت"ی زانکۆکەدا کێشەو هەرا پێك هات.

خوێندکارەکوردەکان کە نزیکەی ٢٠٠ کەس دەبوون بۆ نارەزایەتی لەبەرامبەر ئەم کردەوەدا لەکاتی وتەکانی نوێنەری سەرۆکی زانکۆدا، بە وتنەوەی "ئاخوندی کەسیف"ڕێوڕەسمەکەیان بەجێ هێشت. لە درێژەی نارەزایەتی‌یەکەدا خوێندکاران چوونە بەر دەرگای سەرۆکی زانکۆو پاش ئاڵۆزبوونی بارودۆخ، نوێنەری سەرۆکی زانکۆو بەرپرسی "حەراسەت" ویستیان کێشەکە بە کێشەی کوردە سوننی‌یەکان لەقەڵەم بدەن و هەڕەشەی دەرکردنی خوێندکارانیان کرد. بەڵام قووڵتربوونەوەی نارەزایەتی‌یەکان ئەوانی ناچارکرد کە بەڵێنیی دانی مۆڵەتی پێکهاتنی ئەنجومەنێکی کوردی و بەڕێوەچوونی بەرنامەی تایبەتیی خوێندکارانی کورد لە ڕێوڕەسمەکەدا بدەن.

دواتر لەسەر داوای خوێندکاران بۆ ئامادەبوانی سەرۆکی زانکۆ، لە ڕێوڕەسمەکەدا، بەرنامەکانی تایبەت بە خوێندکارانی کوردبە تەواوی بەڕێوەچوون.

شایانی باسە کە پاش تەواوبوونی ڕێوڕەسمەکە یەکێك لە خوێندکارەکان، بەناوی عووسمان هەڵۆیی، بانگکراوەتە "حەراسەت"ی زانکۆ.

## کوژرانی هاووڵاتیەکی مەهابادی لە لایەن هێزی ئیتلاعاتی ڕێژیمەوە

شەوی ٣ی بانەمەڕی ١٣٨٥، هێزە ئیتلاعاتی‌یەکانی ڕێژیم لە مەهاباد لاوێکی ٢٠ ساڵەیان بەناوی موزەفەر لە ناوچەی پشت تەپ دا کوشت.

ناوبراو بەهۆی بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی مەهاباددا، هێزەکانی ڕێژیم بەدوایە بوون و لەو شەوەدا پاش ئەوەی بە فێڵ و تەڵەکە لەماڵ دەیهێننە دەرەوە، بە تەقاندنی ٣ فیشەك دەیکوژن.

شیاوی باسە کە هێزە دژی‌گەلی‌یەکانی ڕێژیم بۆ ئەوەی کە کەس لەم ڕووداوە ئاگادار نەبێ، تەرمی ناوبراو دەبەنە پاسگای هێزی ئینتیزامی و بە تەلەفوون بنەماڵەکەی ئاگادار دەکەنەوە کە تەرمی کوڕەکەیان بە کوژراوی دیتۆتەوە. تەرمەکە تا ئێستا بە بنەماڵەکەی نەدراوەتەوە.

## لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری‌یەوە لیستی پەسندکراوی ناوی ١٥ بەندکراو بۆ ئێعدام درا بە بەندیخانەی گەوهەردەشت

بەپێی هەواڵێك کە لەلایەن چالاکانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران دا بڵاوکراوەتەوە، دەسەڵاتی دادوەریی ڕێژیم لە ڕۆژی ١٣٨٥/١/٢٨دا لیستی پەسندکراوی ناوی ١٥ بەندکراو کە بڕیاری ئێعدامیان لەسەر دراوە، دا بە بەندیخانەی گەوهەردەشتی کەرەج. بەدوای ئەم هەواڵەدا ڕۆژی سێشەممە، ١٣٨٥/١/٢٩، دوو بەندکراو بە ناوەکانی عەلی‌ئەسغەر نووسرەتی، لە بەندی ٥ و سەعید تالعی‌پوور، لە بەندی ٤ی بەندیخانەی گەوهەردەشت لە سێدارە دران.

دەوترێ کە دەبێ بڕیاری ئێعدامکردنی ئەو ١٥ کەسە تا کۆتایی مانگی بانەمەڕ جێبەجێ بکرێ. ئەمە لە کاتێك دایە کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئێعدامگەلێکی وێکچووو بەربڵاو لە بەندیخانەکانی ئێران دا بەڕێوەچوون.

چالاکانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، وێڕای دەربڕینی نیگەرانیی توند لەم ڕەوتەو بە توندی مەحکوومکردنی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ، خوازیاری ڕاگرتنی ئێعدامەکانن و داوای هاوکاری لە سەرجەم چالاکان و پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ دەکەن.

## سەردێڕی هەواڵەکانی دیکە

- ٣٠ کەس لە کرێکارانی بەنداوی چەپەراوێی شنۆ لەسەر کار دەرکران
- بە بەشداریی ١٠ پارت و ڕێکخراو کۆبوونەوەی کومیتەی هاوکاریی ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە بریتانیا بەڕێوەچوو
- ڕێوڕەسمی "ڕۆژی ئەرتەش" لە پیرانشاردا بەساردو سڕی بەڕێوەچوو
- هێرشی هێزی ئیتلاعات بۆ سەر ماڵی هاووڵاتییەك لە سەقز
- لە ناوچەی هەورامان دا دایکێکی شەهیدپەروەر کۆچی دوایی کرد
- دەستبەسەرکردنی کوڕو کچێك لە مەهاباد
- کۆچی دوایی "مام ئەحمەد بۆرناز" باوکی "محەممەد بۆرناز" شەهیدێکی سەربەرزی حیزب لە ژاوەرۆ
- دەرکردنی ١٥ کرێکاری دیکەی پرۆژەی بەنداوی چەپەراوێی شنۆ لەسەر کارەکەیان
- ئازارو ئەشکەنجەی خەڵکی ناوچەی بەرپلەی ساراڵ لەلایەن بەسیجی‌یەکانەوە
- پەرەگرتنی گوشارەکانی ڕێژیم بۆ سەر بنەماڵەی پێشمەرگەکان لە ناوچەی ژاوەرۆ
- کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزب بەناوی سەعید مشیری لە ناوچەی هەورامان
- گوشاری ئیدارەی ئیتلاعاتی شنۆ بۆ سەر ئەندامانی تەسلیم بووی حیزبە کوردستانییەکان
- لەناوچەی هەورامان دا هاووڵاتییەك بەناوی سیروان دەوڵەتیاری بەهۆی تەقینەوەی مینەوە کوژرا
- سەفەری وەزیری ناوخۆ بۆ مەهاباد
- سەرهەڵدانی کێشەی کەمیی بەنزین لە شارەکانی کوردستان
- بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزی ئینتیزامی‌یەوە هاووڵاتی‌یەك لەچۆم دا خنکا
- "حەراسەت"ی زانکۆی شەهید ڕەجایی لە نامەیەك دا هەڕەشەی لە خوێندکارانی مانگرتوو کرد
- سەربازێك لە بانە خۆی کوشت و لاوێکی ١٨ ساڵەش لە سەقز
- هەوڵ و وادەکانی ڕێژیم بۆ بە بەسیجی‌کردنی وەرزشکارانی سنە
- سەردانی بەڕێز دوکتور مەحموود ئەحمەد لە دەفتەری سیاسیی حیزب
- سەردانی شاندێکی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزب
- بەیاننامەی یەکیەتیی خوێندکاران دێموکراتی کوردستانی ئێران
- سووکایەتیی کارگێڕانی بەندیخانەی مەراغە بووە هۆی لەخۆدانی بەندکراوێك
- لە تێکهەڵچوونی نێوان تاقمێك تاڵانچی و دووکانداران دا هاووڵاتییەك لە جوانڕۆ گیانی لەدەستدا
- لە دووهەمین کۆنگرەی خانەی وەرزێڕان دا نوێنەری وەرزێڕانی کوردستان بە توندی هێرشی کردە سەر سیاسەتەکانی ئەحمەدی‌نژاد.

**بۆ دیتنی هەموو هەواڵەکان، سەردانی سایتی "کوردستان مێدیا" بکەن.**

# وردەکارییەکانی شەڕی ساڵی ١٣٥٨ لە نەغەدە لە وتووێژ لەگەڵ چەند کەس لە ڕێبەرانی حیزبدا

**هەڤپەیڤین: مێهدی مێهر پەروەر**

**پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی ١١ی ڕەشەممە لە میتینگێکی گەورەی شاری مەهابادا، خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێکرد. بە دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا لە شارەکانی دیکەی کوردستان لەو چەشنە میتینگانە لەلایەن حیزبەوە بەڕێوە چوون، کە لەگەڵ پێشوازیی بێوێنەی خەڵك بەرەوروو بوون. ڕۆژی ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ٥٨ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ویستی لە شاری نەغەدەش، میتینگێك پێك بێنێ کە سەرەڕای باس لەسەر سیاسەتە گشتییەکانی حیزب، بناخەیەکی نوێ بۆ هاوخەباتیی دوو گەلی کوردو ئازەربایجانی دابمەزرێنێ، بەڵام بەداخەوە شەڕێکی نەخوازراو ڕوویدا کە بە سەدان کەس لە ڕۆڵەکانی دوو گەلی کوردو ئازەری بوونە قوربانیو بە هەزاران ماڵی کورد بە ناچار ماڵی خۆیان بەجێهێشت.**



**بەڕێز کاك حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئاگری ئەو شەڕە چۆن هەڵگیرساو چ کەسو لایەنێك لە هەڵگیرسانی ئەو شەڕەدا نەقشیان هەبووە، وتی:**

سەرەتا دەبێ ئەوەت عەرز بکەم کە ئەو ڕۆژە کە ئەو ڕووداوە ڕووی داو، ئەو شەڕە لە نەغەدە هەڵگیرسا، خۆم لە نەغەدە نەبووم، ئاگام لە لەحزەی هەڵگیرسانی شەڕەکەو خودی شەڕەکە نەبووو، لە نزیکەوە بینەری ئەو ڕووداوە نەبووم، بەڵام لەبەر ئەوەی لە شاری مەهاباد بوومو مەهابادیش لە نەغەدە نزیکە، هەر ئەو ڕۆژەو دواتریش بە سیفەتی نیزیك بوونم لە نەغەدەو بوونم لە ناو حیزبی دێمۆکرات دا، مەسەلەکەم هەروا بە جیددیو ئەو وەختیو تا دوایەش هەر تاقیب کردوە. ئەو شەڕەی کە لە ڕۆژی ٣١ی خاکەلێوەدا دەکرێ بڵێین دژی حیزبی دێموکراتو ڕۆڵەکانی گەلی کورد لانیکەم ئەو بەشەی کە لە مەراسیمێکی عادیو ئاساییو ئارامدا کە دەبێ بەڕێوە بچێ لە نەغەدە بەڕێوە چوو، زۆر مەسەلە هەن کە دواتر دەرکەوتن ئەو وەختیش هەر زۆر ڕوون بوون چۆنە، واقعییەت ئەوەیە کە قەرار بوو کۆبوونەوەیەکی گشتی بکرێ لە نەغەدە، لە لایەن حیزبی دێمۆکراتەوەو، ئەوەش بەشتێکی زۆر عادیو ئاسایی دادەنرا، بەڵام دیارە پێش ئەوەی کە ئەو کۆبوونەوەیە بکرێ، ڕۆژی ئەو کۆبوونەوەیە دیاری کرابووو ڕاگەیاندرابوو کەسانێك کە دەتوانم بڵێم بەشێکیان لە پاشماوەکانی ڕێژیمی پاشایەتیو دەزگای ساواکی ڕێژیمی شا بوونو هێندێك کەسیشیان لە دەستوپێوەندەکانی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی جمهووریی ئیسلامی بوون. ئەوانە دەستیان دابووە دەستی یەكو، دژی ئەو میتینگەی یان بڵێین ئەو کۆبوونەوە ئاسایییەی حیزبی دێموکرات دەست بەکار بوون، پیلانیان بۆ دارشتبوو. هەر ئەوە بوو کە کۆبوونەوەکە کرا لە زۆر لاوە خەڵکەکە درابوونە بەر دەسترێژ، ژمارەیەکی زۆر کوژران، ژمارەیەکی زۆر، ئێستاش کە ئێستایە هەر بێسەروشوێن چوون، کە من تەنانەت ناوی ژمارەیەکیشیان دەزانم، بەداخەوە هەر قەد وەدی نەهاتن. هێندێکیشیان دوایە تەرمەکانیان لێرەو لەوێ دۆزرانەوە، بە بڕوای من ئەوە پیلانێك بوو کە پاشماوەکانی ڕێژیمی شاو عەوامیلی ساواك کە دەیانەویست بە جۆرێك وەفاداریی خۆیان بە ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووش نیشان بدەنو لەگەڵ ئەو عەوامیلی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، وەکوو مەلا "حەسەنی"و، ئەوەی دیکەشیان لە ڕەئسیاندا، وەکوو "مەعبوودی". ئەو پیلانەیان دژی ئەو کۆبوونەوە، ئارامو هێمنانەیەی حیزبی دیموکرات ڕێك خست. بەداخەوە ئەو کاتەی ڕێژیمی جمهوریی ئیسلامی وای نیشان دەدا کە ئەوە حیزبی دیموکرات ویستوویەتی تەحەروکێکی موسەللەحانە لە نەغەدە بکا کە بە هیچ شێوەیەك وانەبووو ئێستاش لەو قەزیەیەی دەدوێن، هێندێك کەسو لایەن کە لە هەر دەرفەتێك دەگەڕێن کە حیزبی دێموکراتی پێ تاوانبار بکەن، یان پێ موتەهەم بکەن بە جۆرێك قسە دەکەن کە ئەگەر مەسەلەن لایەنێك خەتای هەبووە لایەنەکەی دیکەش بێخەتا نەبوو کە مەبەست حیزبی دێموکراتە، لە حالێکدا بە هیچ جۆر وانەبووە. دەلیل چیە بۆ ئەوەی حیزبی دێمۆکرات، ئەسڵەن بە زینیدا نەهاتوە کە ئەو ڕۆژە لە نەغەدە تووشی دەرگیرییەکی ئەوا بێ؟ لەبەر ئەوەی تەنانەت هەرچی بەرنامەی هەی بووە، شتی ئاسایی بووە، شتی عادی بووەو کۆبوونەوەیەکی عادیو قسەکردن بووە. ئەگەر غەیری ئەوەی با، تەنانەت ئەگەر هەستی بەوەیش کردبایە کە پیلانێکی وەهای دژی گێڕدراوەو، دەیانەوێ شەڕێکی وای بەسەردا تەحمیل بکەن، بڕێك بە ئامادەگییەوە دەچوو. ئێمە دەبینین کە ئەو ڕۆژە زۆربەی ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب، بۆ ئەو کۆبوونەوە بانگهێشتن کرابوونو، لە نەغەدە حوزووریان هەبوو لەو شوێنەی کە کۆدەبنەوە، باشە ئەگەر حیزبێك بە ڕاستی نیازێکی وای هەبایە هەموو ئەو تێعدادە لە ئەندامانی سەرکردایەتیی خۆی بەرەو شوێنێکی ئاوا بەرێ دەکردوو دەی ناردنە شوێنێك کە هەدەف بنو مەترسیی گیانی هەم بۆ ئەوانو هەم بۆ خەڵکەکەی دیکەی کە بەشدارە هەیە؟ دووهەم: بەڕاستی ئەگەر حیزبی دێمۆکرات نیازێکی وای هەبایە، هەموو ئەو خەڵکەو لایەنگرانی خۆیو ئەندامانی خۆی لەیەك شوێنی وەکوو شوێنی کۆبوونەوەکە کۆدەکردەوە، بۆ ئەوەی کە هەدەف بن بۆ ئەو کەسانەی کە پیلان دژی حیزبی دێموکرات دەگێڕن؟ ئەو وەختە حیزبی دیموکرات ئەگەر نیازێکی وای هەبایە، بە ئامادەگییەکی دیکەوە دەچوو، بەجۆرێکی دیکە دەچووو بە ئیحتیاتێکی زۆرترەوە دەچوو. بەڵام وەك عەرزم کردی حیزبی دێموکرات، تەنیا بە مەبەستی کۆبوونەوەیەکی عادی، لەو شارەدا، بوو کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن. لەگەڵ ئەوەی کە برایانی ئازەرییشو ڕەنگە بڵێم نەتەوەکانی دیکەش یا لە پەیرەوانی مەزهەبەکانی دیکەش لەوێ دەژین. بەڵام وەك عەرزم کردی، وەختێك، کاتی ئەو کۆبوونەوەو ڕۆژی ئەو کۆبوونەوە جێگای ئەو کۆبوونەوە دیاری کرابوو، ئەو دوو دەستە لە عامیلانی سەر بە ڕێژیمی پاشایەتیو پاشماوەکانی ساواكو عەوامیلی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە نەغەدە لە شکڵێکی سازمان دراودا چەکدار کرابوونو، حەسەنی لە ورمێڕا پێشتر چەکوچۆڵی ناردبۆ نەغەدە،و مەعبوودی هاوکاریی کردبوو کە لە دەوروبەری ئەو شوێنە دامەزرێنو ئەو کۆبوونەوە عادیو ئاساییو ئارامەی حیزبی دێموکرات بشێوێننو هەروایش بوو، بەداخەوە ئاکامی خراپی لێکەوتەوە. بێجگە لەوە، خۆ ئەگەر حیزبی دێموکرات لە شەرایەتیی زۆر لەبارتر لەو کاتیشداو لە شەرایەتی سەرکەوتنی یەکجاریشدا بێ، قەد شتی وای بەدڵو بەبیردانایە کە لەگەڵ برایانی یا ڕۆڵەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران ڕۆڵێکی ئاوا بگرێتە بەر ئێمە تەجروبەی ئەوەمان هەیە وەختێك ڕێژیمی پاشایەتی، لە زەمانی کۆماری کوردستاندا دەسەڵاتی بەسەر ئازەربایجانو کوردستاندا نەما، ئێمە دەبینین لەبەر ئەوەی لەوێ دەسەڵاتیان نەماوەو، پیلانیان سەری نەگرتوە، دەبینین چەندە لە ئارامیو ئاسوودەییدا پێکەوە ژیاون، بەڵام مادام وەختێك ڕۆڵەکانی دوو نەتەوە لە شوێنێك دەژین تەبیعەتەن چ دەوڵەتی پێشوو، چ ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لە فیکری ئەوەدان کە پێوەندیی دۆستانەو برایانەی دوو گەلی کوردو ئازەری بشێوێننو هەر بەو مەبەستەش ئەو پیلانەیان دارشتو لە نەغەدە ئەو کوشتارەیان لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد وەڕێ خست. غەیری ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامی بە هاوکاریی پاشماوەکانی ساواكو دەستوپێوەندەکانی ڕێژیمی پاشایەتی، هیچ کەسێکی دیکە لەو مەسەلەدا دەستی نەبوو، تەقسیری نەبووو، بە تایبەت ڕۆڵەکانی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تەنیا هەدەفیان بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بووو ناکرێ، هیچ خاڵێکیان بخرێتە سەر کە گویا ڕۆژێ لە ڕۆژان بە دڵیاندا هاتبێ، بە مێشکیاندا هاتبێ، خودای نەخواستە لەوێ تووشی دەرگیرییەکی ئاوا بن، تەنانەت بیریش لەوە بکەنەوە کە پیلانێکی ئاواش بە دژی ئەوان لەگۆڕێ دایە.

**حیزبی دێمۆکرات، ئەسڵەن بە زینیدا نەهاتوە کە ئەو ڕۆژە لە نەغەدە تووشی دەرگیرییەکی ئەوا بێ؟ لەبەر ئەوەی تەنانەت هەرچی بەرنامەی هەی بووە، شتی ئاسایی بووە، شتی عادی بووەو کۆبوونەوەیەکی عادیو قسەکردن بووە. ئەگەر غەیری ئەوەی با، تەنانەت ئەگەر هەستی بەوەیش کردبایە کە پیلانێکی وەهای دژی گێڕدراوەو، دەیانەوێ شەڕێکی وای بەسەردا تەحمیل بکەن، بڕێك بە ئامادەگییەوە دەچوو.**



**شەڕی نەغەدە بەدەرچوونی بەیاننامەیەکی هاوبەش کۆتایی پێهاتو لەو پێوەندییەدا هەیئەتی "حسن نیت" پێك هات. سەبارەت بە نێوەرۆکی بەیاننامەکەو پێکهاتەی هەیئەتی "حسن نیت"و ڕۆڵی کوردەکان لەو پێوەندییەدا، ڕووی پرسیارمان کردە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سیاسەتمەداری ناسراوی کورد، کە ئەوکات نوێنەری حیزبو ئەندامی هەیئەتی "حسن نیت" بوو، بەڕێزیان لە وەڵامدا وتی:**

لە ڕاستیدا ئەگەر بمانهەوێ لە باری شەڕی نەغەدەوە قسە بکەین، دەبێ کەمێ پتر بگەڕێینەوە، هەر وەك دەزانین شەڕی نەغەدە، نەتیجەی پیلانێك بوو کە پاشماوەکانی ڕێژیمی سەڵتەنەتی و ئاژاوەگێڕانی سەر بە جمهووریی ئیسلامی کە لە ڕاستیدا هەر لە چەند عونسورێکدا خۆیان دەنواند بەعەمد بە سەر دوو میللەتی کوردو ئازەرییان داسەپاند، بە بۆنەی ڕێکخستنی میتینگێکی ئاشتیخوازانە کە لە تەرەف حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سازکرابوو. ئەمن بە ئینسافەوە دەڵێم کە حیزبی دێموکرات لە ڕێکخستنی ئەو میتینگەدا بێدیقەتییەکی کردبوو، یەعنی ئێمە نەمان توانیبوو حەساسییەتی وەزعی نەغەدەی بەو جۆرە کە هەیە، تێبگەین و یا ئەو میتینگە وەڕێ نەخەین یان ئەو میتینگە چوکتر وەڕێ بخەین، یا هیچ نەبێ ئیجازە نەدەین کە خەڵك بە چەکەوە بچێتە ئەوێ. ئەمە هەڵەیەك بوو کە لە ڕووی نیازپاکییەوە، ئێمە تووشی بووین. چونکی بەڕاستی حیزبی دێموکرات هیچ نیازێکی نەبوو غەیری ئەوەی کە لە شارێکی وەکوو نەغەدەدا کە دەیویست بیکاتە شاری برایەتی و تەبایی تەئکید بکاتەوە و پێدابگرێ لە سەر پێوەندیی برایانەو خەباتگێڕانەی دوو میللەتی کوردو ئازەری، کە لەو شارەدا دەژین.

بەڵام ئەوانە کە چاویان بە برایەتیی کوردو ئازەری هەڵ نەدەهات، هاتن ئەو بەزمەیان ڕێك خست، ئەو شەڕەیان بە سەر هەر دوو میللەت دا سەپاند. بۆیە دەتوانم بڵێم بەشی هەرە زۆری قوربانییەکان لە هەر دوو لاوە قوربانیی ئەو پیلانە دژی ئینسانییە بوون، کە بە جێی دەزانم بڵێم، سلاو لە یادی هەموو ئەو قوربانییانە دەکەم کە بە نیاز پاکییەوە وارید بوون، بەڵام بوونە قوربانیی پیلانێك و دەسیسەیەك کە دوژمنانی هەر دوو میللەت وەڕێیان خست. ڕەنگە لەو نێوەدا کەسانێکیش هەبووبن کە ئەگەر کوژراون، شیاوی ئەو سزایە بوون کە وەریان گرتوە؛ چونکی بە بێشك لەوانەش کە ئاژاوەکەیان وەڕێ خست هەندێ کەس کوژران. بە هەر حاڵ وەك دەزانین شەڕی نەغەدە لە ڕۆژی ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨دا وەڕێ کەوت. ئەو بەیاننامەیەی کە پرسیاری لێدەکەی ڕۆژی ٢ی بانەمەڕە دەرچوو، کوبوونەوەیەك لە محەممەدیار پێك هات، لەو کووبوونەوەدا لە تەرەف شاری مەهابادەوە و لە تەرەف، بڵێین ڕێبەرایەتیی کوردەوە کە ئەو وەختەی جارێ ڕێبەرایەتییەکی وا مونسەجیم نەبوو. بەڵام حیزبی دێموکرات هەبوو وەکوو تەرەفێك شوورای شاری مەهابادێ هەبوو، کەیخودا و ڕیش سپی و عولەمای دینی و ئەوانە هەبوون هەیئەتێك ڕێك خرا کە بچین، لەوێ دەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی نەغەدە و هەروەها لە گەڵ کارمەندانی دەوڵەت، هەم لە ئوستان و هەم لە شارستانی نەغەدەی، دابنیشین بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە. ئەوەی ئەمن لە بیرم بێ ڕەنگە تەواوتەواو هەموو ناوەکانم بە بیر نەیەن، لە لایەن کوردەکانەوە، خوالێخۆشبووان مامۆستا مەلا ڕەحیمی عەبباسی و مامۆستا مەلا خدری مەولانی یا مامۆستا مەلا خدری سارتکێ کەوا مەشهوورە وەکوو ڕووحانی بەشدار بوون، فەرمانداری مەهابادێ، مەرحوومی حەسەنی بابا تاهێری بەشدار بوو، کاك ڕەحیم خەرازی یان ئێستا حاجی ڕەحیمی خەرازی بەشدار بوو وەك نوێنەری ئەسناف و بڵێین پیاو ماقووڵانی شاری مەهابادێ، ئەمنیش وەکوو نوێنەری حیزبی دێموکرات بەشدار بووم، چەند کەسێکیش دەگەڵ بوون. دیارە هەیئەتی ئێمە هەموو بێ چەك چوون، بێ محافزو ئەوانە، تەنانەت هەندی پێشمەرگەمان دەگەڵ بوون کە پێشمەرگەکانمان لە قاوەخانەیەکدا کە بە قاوەخانەی "حاجی حسێن" دەناسرا بەجێهێشت، بۆ ئەوەی بە بێ چەك بچینە ئەوێ و وەکوو هەیئەتێکی بە تەواو مەعنا بێ چەك و هەیئەتی حوسنی نییەت واریدی ئەوێ بێین. لەوێ باسێکی دوورو درێژ کرا لە سەر ئەو شەڕە و عەوامیلی هەڵگیرسانی و ئەمن زۆر چاکم لە بیرە کە بە فارسیمان قسە دەکرد چونکێ هەمووومان لێك حالی نەدەبووین، ئەگەر بە فارسیمان قسە نەکردبا> فارسی زمانی موشتەرەکی هەموومان بوو، ئەمن گوتم لە جیاتی ئەوەی پێی بڵێین، جەنگی نەغەدە، حەق وایە پێی بڵێین، نەنگی نەغەدە، چونکێ ئەو شەڕە لە بەینی دوو میللەت دا هەڵ گیرساوە کە بران و چارەنووسی موشتەرەکیان هەیە و وەك یەك غەدریان لێکراوە، حەق وایە پێکەوە

←

بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان خەبات بکەن. ئەمن پێم خۆش بوو ئەوەش بڵێم لە ئوستانداریییەوە، هەم ئوستانداری ئازەربایجانی غەربی، کە دیارە مەنتەقەی کوردستان هەمووی ئەو بەشەی هەمووی هەر دەگرێتەوە، ئاغای عەبباسی، بەشدار بوو هەم ئاغای قورەیشی، لە رووحانیونی خەڵکی ورمێ بەشدار بوو و هەم مەلا برایمی موحەرێر کە وا بزانم ئیمام جومعەی بەشی ئازەری نشینی شاری نەغەدەی بوو، هەم ئەوان بەشدار بوون. باسێکی زۆر کرا لە سەر ئەوە کە ئەو شەڕە خراپە، هەموو تەئکیدیان کردەوە لە سەر ئەوە کە ئەو شەڕە خراپە و دەبێ کۆتایی بێ بهێنرێ، ئەمن زۆر چاکم لە بیرە کە ئوستاندار هەر چەن عومرێکی زۆری نەبوو لەو ئوستانداریدا، بەڵام وا تێگەیشتم کە پیاوێکی بە حوسنی نییەتە، چەن جار بە ڕاستی لە نەقشی کوردەکان و لە حوسنی نییەتی کوردەکان و، بە تایبەتی لە حوسنی نییەتی حیزبی دێموکرات، تەشەککوری کرد. بەیانییەکە بەو موناسەبەتەوە دەرچوو، ئێمە هەر لە محەممەدیاری دانیشتبووین کە بەیانیەکە لە رادیۆی تاران خوێندرایەوە، چونکی بەیانی گەیشتینە وێ و، نەهاریشمان لەوێ کرد و پاش نیوەڕۆیە ڕۆیشتین. بەیانیەکە هەر ئەوەندەی تێدا بوو کە ئەو شەڕە، شەڕێکی براکوژییە، شەڕێکی بە قازانجی هیچ یەك لەو دوو نەتەوەیە تەواو نابێ و ، دەبێ هەر چی زووتر تەواو بکرێ. بە ناوی نوێنەرانی هەر دوو نەتەوەوە داوا کرا بوو کە تەرەفەین دەس لە شەڕ و دەرگیری هەڵ بگرن و بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، کە لەو بارەوە لایەنی کوردی هەتا شەڕکەرەکانیش بە ڕاستی لە حوسنیـنییەتەوە بە دەنگی ئەو بانگەوازەوە چوون، بەڵام ئەوەی کە جێی داخ بوو، ئەوە بووکە دەوڵەت کە نوێنەرانی دەوڵەت لە واقیع دا هەر ئەو کەسانە بوون کە شەڕەکەیان هەڵایساندبوو، دەگەڵ ئەوەی بەناوی ئەوەکە دەیانەوێ شەڕەکە دامرکێنن، هێزی نیزامییان نارد، هێزە نیزامییەکە کە هات بە ڕاستی یەك تەرەفە عەمەلی کرد، عەمەلەن بۆ سەرکوتی کوردەکان هات، ئێمە کە لەوێ دانیشتبووین، هاتن خەبەریان دا کە ئەوە هێزی نیزامی گەیشتێ، لە سێڕای محەممەدیار لەو سێڕایەیەو، بەڵام ئەوە کوردەکان پێشیان پێگرتوە، گوتیان بەڵکوو، بچن پێیان بڵێن، ئەمە چووین، ئەمن و مەرحوومی مامۆستا مەلا ڕەحیمی عەبباسی و مامۆستا مەلا خدر بوو و حاجی ڕەحیمی خەڕازی، چووینە وێ، تەماشامان کرد نەخێر، ئەوە تانکەکانن بەدەوروبەری خۆیان دادەرشینن بێ ئەوەی متەوەجێ بن داخوا کێ لەو ناوەیە، یەعنی وەکوو لە مەیدانی شەڕێدا بن ئەو دەشت و دەرەیان دەکوتا، ئەو باخانەیان دەکوتا. لەوێ خەڵکێکی زۆریان دوچاری زەرەرو زیان کرد. لە هەمووی تاڵتر، ئەوە بوو ڕەفیقێکمان دەگەڵ بوو کە هیچ مەسئوولییەتێکی نەبوو، وا دیار بوو هەر دەبوو ئەم چارەنووسەی بە سەر بێ چارەنووس هەڵی گرتبوو، مەرحومی عوسمانی کەریمی، برای کاك هاشمی کەریمی و قاقای کەریمی هات دەگەڵمان، بە بێ ئەوەی نەزەرێکی هەبێ هات، لەوێ لە ئێمە جودا بووەوە. وەختێکی گەڕاینەوە بێینەوە بۆ محەممەدیاری، ئەرتەش هات ڕەت بوو، ڕۆیی، هەرچی کردمان تەماشامان کرد، کاك عوسمان نەماوە، دوای ئەوە دەرکەوت ڕفاندویانەو کەسێکی بێ چەك کە هاتوە بۆ حوسنی نییەت. ڕفاندویانە بردوویانە بیکوژن، پاش سێ ڕۆژان، جەنازەی بێ گیانی لە چۆمی " گادەرێ"ڕا بینرایەوە. شتێکی دیکەش زۆر ناخۆش بۆ ئەوە بوو، هەر ئەو وەختی دیسان هەر ئەوانەی کە شەڕەکەیان هەڵ ئایساند بوو، شتێکیان دەرکرد بوو زۆر جێی سەرنج بوو، دەڵێن، هەر لە زەمانی شا عەبباسەوە کە ئیلی قەرە پەپاخ هاتۆتە سندووسی، کوردانی تەجزیە تەڵەب و ئاژاوەخواز واوایان ڕەفتار کردوە. زۆر جالیب بوو، بۆ خۆی دەڵێ، کە ئێمە هەمووی ٤٠٠تا٤٥٠ ساڵە هاتوینە بۆ ئەو مەنتەقەیە، بەڵام بە کوردەکانیان دەگوت تەجزیە تەلەب، ئەمن جارێکی دیکەم بە نووسین نووسیوە، نەقشێکی مەنفی کە پیاوێکی حقووق زان و وەکیلی دادگوستەری بە ناوی ماشەڵڵاخانی بوزچلوو یاریی کرد قەت لە بیرم ناچێ کە لە جیاتی ئەوەی هەیئەتی سولح بێ لە واقیعدا دەیویست سولح نەکرێ، کابرایەکی پیری ئازەریی هێنا، زۆرم پێ سەیر بوو، وەك بارانی بەهارێ فرمیسکی هەڵ دەرشتن، ئەو کابرایە کە دەگریا و لە خۆی دەدا، گوتی ئەمن ئێستی لە (مەحمەتشەڕا) هاتوم، تەنیا بۆ خۆم دەرچووم، هوجووم کراوەتە سەر مەحمەتشەی هەرچی ماڵ و منداڵی ئەو خەڵکەیە قەتڵو عامیان کردوە، یەك لەوانە من نەژنم ماوە، نەکورم ماوەو نە کچم ماوە، ماشەڵڵاخان هێنایە ژوورێ، گوتی بابە بە خۆڕایی سەری خۆتان دێشێنن ئەوە حیزبی دێموکرات حەملەی کردوتە سەر مەحمەتشەی و ئاوا قەتڵو عامی لە خەڵکی خستوو. ئەمن وەکوو یەکێك لە غەیبەوە پێم بڵێ، تێگەیشتم کە درۆیە، گوتم ئەو قسەیە درۆیە، ئەمن حازرم ئێستا بچمە مەحمەتشەی یادی بە خێر، حاجی ڕەحیمی خەرازی گوتی، ئەمنیش دێم، ماشینی پێ بوو، جیبی پێ بوو، بە جیبەکەی هەستاین، چووین لەوێ چووینە بەر دەرکی مەدرەسەی تەماشامان کرد کە حاڵەتێکی تەبیعییە. وادیار بوو دەرس تەواو بووبوو، موعەلیمەکان سێ موعەلیمی لێ بوون. لەوێ بوون، چەند کەسی کەیخودای دێیان بە دەورەوە ڕاوەستابوون، زۆریان حورمەت لێ گرتین، زۆریان خولق کردین کە بچینە ماڵ و نیوەڕۆیان لە کن بین، گوتمان ئێمە نەهاتووین، لێرەوە وەمێنین، بەڵام بۆ شتێکی ئاوەها هاتووین، خەبەرێکی وامان بیستوەو بۆیە هاتوین هیچ بووە، لێرە؟ گوتیان نەوەڵا، هیچ نەبووە سورەت جەلەسەیەکمان ئیمزا کردو بردمانەوە کە بەڵێ لەو شەو و ڕۆژەی رابردوودا، لە مەحمەتشە هیچ نەقەوماوە. دواتر کە فەزای کۆبوونەوەکەی کەمێك ئارام بووەوە، دیسان ماشەڵڵاخان، چووە دەرێ و هاتەوە گوتی ئەرێ بابە بە خۆڕای سەری خۆتان بۆ دێشێنن، سولحی چی لە گەڵ کوردان، هەر ئێستی منداڵێکی سێ مانگەی ئازەرییان دیوەتەوە، بە سەر بڕاوی، کە بە چۆمی گادەریان داداوە، هێندە بە تەئسیرەوە قسەکەی کرد، ئوستاندار ئاغای عەبباسی زۆر بە نارەحەتییەوە روی لە من کرد، گوتی توخوا ئاغای حەسەن زادە ئەوە کارە! دووبارە وەك لە غیبەوە پێم بڵێن، زانیم درۆیە یانێ لە واقیعدا تەبێعی بوو کە درۆیە هەر زیرەکیشی نەدەویست، گوتم ئاغای ئوستاندار، لە شەڕێدا، شەڕ هەر بۆ خۆی خراپەو، شتی خراپیش لێ دەبێتەوە، بەڵام دەبێ لێکرا ئافەرین لە ئاغای بوزچلوو بکەین کە ئەوەندە زیرەکە منداڵێکی سێ مانگەی، ئەویش بە سەر بڕاوی تەشخیس دەدا کە کوردە یا عەجەمە، کە وام گوت ئەو پیاوە، کە پیاوێکی بە ڕاستی هەر ئەو جارەم، دی پیاوێکی بە ئینسافم هاتە بەرچاو، زۆر عەجایب کەوتە ژێر تەئسیر. ئیدی دووبارە ئەو بڵێین ئەو بەدنییەتییەی بوزچلووکی خونسا بووەوە، جا بۆیە دەڵێم ئەو کابرایە پیاوێکی بە حوسنی‌نییەت بوو کە ئێمە چووین، گویا نەیەڵێن کوردەکان پێشی هاتنە پێشی ئەرتەش بگرن. ماوەیەك لەوێ بووین، بە دوایدا ناردین گوتی، با بێنەوە، تانگەکانیش پێش ئەوەی ئێمە بێن هاتن ڕۆیشتن، هێزەکە هات و بەرەو محەممەدیار و بەرەو نەغەدە ڕۆیشت. کە چووینەوە گوتی، بۆیە بە دوام دا ناردون، دەبێ بێن پێکەوە بڕۆین، چوونکی ئەگەر ئێوە بە جودا بگەڕینەوە یا لێرەوە بچنەوە مەهابادێ، حەتمەن لێتان دەدەن. لە بیرمە تەنانەت بە ڕێی ئیسفالتەش دا نەرۆیشتین، شوێنێك ئەوان بەڵەد بوون، ڕێگەیەکی خاکی بوو، ڕێیەکەی زۆر ناخۆشیش بوو، بەوێدا ڕۆیشتین لە پردی حەیدەر ئابادی چووینەوە سەر جادەی ئیسفالتەو، چووینە ورمێ. شەوێ لە ورمێ بووین، بەیانی دووبارە چووینەوە، ئوستانداری، پێشوازیی کردین و بە حورمەت و بە حوسنی‌نییەتەوە، دوایە مەجبوور بووین بە ڕێگای بەندێدا و بە مەنتیقەی مەرگەوەرێدا هاتینەوە شنۆیە و لە شنۆیەڕا هاتینەوە پیرانشارێ، نەك خودی پیرانشار، هاتینەوە جەڵدییانێو لە جەلدییانێڕا بە ڕێ "پەسوێدا" ئەوەی پێی دەڵێن سەری مەیدانێ، بەوێدا چووینەوە مەهابادێ. دەنا خەتەری لە سەدا سەد ئێمەیش دەخستە ژێر هەڕەشەی خۆیەوە، ئەوە بیرەوەرییەکی زۆر تاڵ و جێی عیبرەتە کە لە شەڕی نەغەدە هەمە. بە هەر حاڵ ئەوەی مەربووت بە کوردەکان، نە لە ئەوەڵەوە نیازی شەڕ فرۆشتنیان هەبوو، غەیری ئەوەی کە باسم کرد، گوتم ڕەنگە لە دەرك و تەشخیسی هەلومەرجەکەدا، بە هەڵە چووبین، نە خوازیاری درێژەدانی ئەو شەڕە بوون، هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەی بوو، کە هەر چی زووتر ئەو شەڕە تەواو ببێ، کە بە داخەوە خەسارەتێکی زۆری بەدوادا هەبوو، هەیئەتی کورد نەقشی زۆر باشی هەبوو بۆ پێکهێنانی ئەو فەزایەی کە ئاگربەسەکەی تێدا، بە وجوود هات. بەڵام بە داخەوە کوردەکان بێجگە لەوەی خەڵکێکی زۆریان لێ کوژران و ماڵوێران بوون و تاڵان کران، خەڵکێکی زۆریشیان ئاوارەی شارەکانی دیکە بوون، کە هێندێکیان چەندین ساڵ هەر لە ئاوارەییدا ژیان. ڕەنگە پیاو ئامارەکە نازانێ، ڕەنگە ئیستەش هیـوا هەبووبی کە نەگەرابێتەوە سەر جێو ڕێی خۆی. (هیوادارم بە هەر حاڵ ئەو ڕووداوە ببێتە دەرسێ عیبرەتێك کە لە ئایندەدا هەم هەموو لایەنەکان بەوردی هەلومەرجەکان هەڵ سەنگێنن، و هەم ئیجازە نەدرێ کە ئەوانە دوژمنانی ئازەری و دوژمنانی ئاشتی و تەبایی لە نێوان میللەتان دا، ئاوری شەڕی ئاوا خۆش کەن.)

زۆر سوپاس. سوپاسەت دەکەم

**هیوادارم بە هەر حاڵ ئەو ڕووداوە ببێتە دەرسێ عیبرەتێك کە لە ئایندەدا هەم هەموو لایەنەکان بەوردی هەلومەرجەکان هەڵ سەنگێنن، و هەم ئیجازە نەدرێ کە ئەوانە دوژمنانی ئازەری و دوژمنانی ئاشتی و تەبایی لە نێوان میللەتان دا، ئاوری شەڕی ئاوا خۆش کەن.**



**دوو گەلی کوردو ئازەری پێوەندییەکی لەمێژینەیان هەیە، بە درێژایی مێژوو دوژمنان زۆرجار هەوڵیان داوە کە لە نێوان ئەو دوو گەلەدا ئاژاوەو ناکۆکی بنێنەوە. بەڵام بە حوکمی ئەوەی کە ئەم دوو گەلە لە زۆر ڕووەوە هاوچارەنووسن، توانیویانە بەسەر کەندوکۆسپەکاندا زاڵ بن، ئەگەر لە لایەك ڕووداوێك وەك شەڕی نەغەدە رووی داوە، لە لایەکی دیکەوە شاهیدی پەیمانی مێژوویی دوو حکوومەتی میللیی ئازەربایجانو کۆماری کوردستان لە ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ بووین کە جێگای شانازیی هەر دوو گەلە. بەڕێز کاك باباعەلی مێهرپەروەر، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە پێوەندیی دوو گەلی کوردو ئازەریو داهاتووی ئەو پێوەندییە وتی:**

ئوسوولەن وەختێك کە دەڵێین دوو گەل، یانی هەرکام تایبەتمەندیی موشەخەسی خۆیان هەیە، دوو زمانی جیاوازیان هەیەو کولتووری جیاوازیان هەیە. بەڵام ئەو دوو گەلە، بە ڕێزگرتن لە یەکترو پاراستنی حورمەتی یەکتر دەتوانن پێکەوە بژینو بێ ئەوەی موشکلاتێك لەناویان دا سەر هەڵبدا، وەختێك دوو گەل ناکۆکی دەکەوێتە ناویان، لەبەر ئەوە نیە جیاوازییان هەیە، بەڵکوو، لەبەر ئەوەیە کەڵکی خراپ لەو جیاوازییانە وەردەگیرێ. گەلی کوردو گەلی ئازەرییش ئەگەر حیساب کەین ئەو دەورانە کە بەخۆشییەوە پێکەوە ژیاون، زۆر زۆرترە لەو کاتانەی کە ناکۆکی لە بەینیانا هەبووە. ماناو مەفهوومی ئەو قسە ئەوەیە کە خاڵی هاوبەش بۆ پێکەوە ژیانو ئیجبار بۆ پێکەوە ژیان، زۆر زۆرترە لەوە کە ناکۆك بنو ئاڵۆز بن بە یەکەوە. ئەگەر تەماشا بکەین ئەو ڕووداوە تاڵانە کە لە مێژووی ئەو دوو گەلە هاتوونە پێش، زیاتر شەڕایەتێك بووە کە دەستێوەردانی تیا بووە یا عەوامیلی ناباب بوون کە ئەو شەڕایەتەیان خوڵقاندوە. تەنانەت ئەگەر چاو لێ بکەین، لە جەرەیانی شەڕی نەغەدە، پێش لە شەڕی نەغەدە، ساڵەهای ساڵ بوو ئەو دوو گەلە پێکەوە ژیابوون، دوای شەڕی نەغەدەیش، هەر پێکەوە ژیانو بە ئاسایش ژیاون. من پێم وایە کە بە پێکەوە ژیانی دوو گەل یا چەن گەل لە تەنشتی یەکترو دراوسێی یەکتر، شتێکی زۆر تەبیعیو سروشتییەو دەتوانن بە ڕێزو حورمەت گرتن لە یەکترو پاراستنی کولتوورو ئادابی یەکتر، ئەوانە دەتوانن پێکەوە بژین. ئەگەر ئیشارەیەکیش بەو پەیمانە کە لە بەینی حکوومەتی میللیی ئازەربایجانو کۆماری کوردستاندا بکەین، زیاتر ئەوە باری یەکیەتیو یەکدەنگیو یەکدەستی بوو لە موقابیل حکوومەتی پاشایەتیی ئەو کاتەدا، لە عەینی حاڵیش دا ڕێکوپێك کردنی ڕەوابێتو پێوەندییان بوو و کەڵك وەرگرتن لە خاڵە هاوبەشەکانو یەکخستنی هێزەکانیان بوو و، ئەوە قانوونمەند کردنی ڕەوابێتو پێوەندیی ئەوان بوو. تۆ لە هیچ کوێی ئەم دنیایە نابینی کە دوو گەل دراوسێی یەك بن، بەڵام بۆشایییەك لە بەینیان دا بێ. هەمیشە ئەوانە پێکەوە ئەژین. تەنانەت ئەو ئێرتیباتو نزیکبوونە، خزمایەتییش پێك دێنێ لە بەینیانا. ژنو ژنخوازی دەکەن بە یەکەوە. گەلی کوردو گەلی ئازەرییش هەر ئەو تایبەتمەندییانەیان هەیە لەو نوقاتانە کە نزیکن بە یەکترەوە، ئێرتەباتیان هەیە بە یەکەوەو ئیستیکاکیان هەیە بە یەکەوەو مەسەلەی پێوەندیو یا دۆستایەتیو خزمایەتییش ناویانا پێك هاتوو ئەو دوو گەلە دەتوانن ساڵەهای ساڵ هەروەکوو تا ئێستە پێکەوە ژیاون، هەر پێکەوە بژین. من داهاتووی پێکەوە ژیانی ئەو گەلانە زۆر بە روونی دەبینم، جگە لەوە خاڵی هاوبەشی ئێمەو ئازەرییەکان، یان بڵێین کوردو ئازەری، ئەوەیە کە ئەوانیش لە مافی نەتەوایەتیی خۆیان بێبەشن، کوردیش بێبەشە لە مافی کولتووری ئەوان لە مافی سیاسییان بێبەشن، ئێمەش بێبەشین. ئەو خاڵە هاوبەشانە کە هەمانە زۆر زۆرترن لە خاڵی تەفرەقەو جیایی لە بەینی ئێمەدا. بۆیە زۆر تەبیعییە کە ئەگەر ئێمە ئیتکا بکەینە سەر خاڵە هاوبەشەکانمان هەروەکوو توانیومانە پێکەوە بژین دەتوانین لە داهاتوویشدا ژیانێکی ئاسوودەمان بێو تەبێعەتەن میللەتەکانیش لەباری ئاگایی سیاسیەوە گەشەیان کردوەو پێگەیشتونو دەتوانن مەسایلو موشکلاتێك ئەگەر لەنێویاندا هەبێ، لە ڕێگەی دیالۆگو وتووێژو، لە ڕێگەی مسالمەت ئامیزەوە مەسائیلی خۆیان چارەسەری بکەنو، شانبەشانی یەکتر بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی فیدراڵ، ئێرانێك کە هەموو گەلەکان، هەم کورد هەم ئازەریو هەم باقیی گەلانی ئێران، بتوانن لە مافی یەکسانیو لە ژیانێکی ئازاد لەو وڵاتەدا کەڵك وەرگرنو بەهرە ببەنو بتوانن بە ئاسودەیی بژین. من داهاتوویەکی ڕووناك بە شێوەی سروشتی لە بەینی ئەواندا دەبینم. مەسائیلی دەستێوەردانو شتی مەقتەعییش، ئەوانە ئەگەر دوو برا ئاگا بنو هوشیار بنو ڕێبەرانی سیاسیی ئەو گەلانە ئاگا بن، ئەو شتە جوزئییانە لەبەین ئەچن.

**خاڵی هاوبەشی ئێمەو ئازەرییەکان، یان بڵێین کوردو ئازەری، ئەوەیە کە ئەوانیش لە مافی نەتەوایەتیی خۆیان بێبەشن، کوردیش بێبەشە لە مافی ئەوان ئێمەش بێبەشین، لە مافی سیاسییان بێبەشن، ئێمەش بێبەشین. ئەو خاڵە هاوبەشانە کە هەمانە زۆر زۆرترن لە خاڵی تەفرەقەو جیایی لە بەینی ئێمەدا.**

# شێعر لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە

سامان کۆنەپووشی



بەپێی وتەی پێن سێنت "دوستی نزیک و هاوپۆلی ویتگنشتاین"، لەو کاتەدا (ساڵی ١٩١٢) کە ویتگنشتاین خەریکی یەکەمین خوێندنەوەی بەربڵاوی خۆی لە بواری فەلسەفەدا بوو، "دڵپاکانە" سەرسوڕمانی خۆی لەوەدا رادەگەیاند، کە فەیلەسوف گەلێك کە "لە نەزانیدا (جهالت)دا پێیدا هەڵدەگوتن" بەو حاڵەش "گەمژە و خەلەتێنەر بوون و تووشی هەڵەگەلێکی زۆر ڕق ورووژێن هاتوون!"

ڕەنگە ئەفلاتوون کەڵە فەیلەسوف و پێشەوای فەلسەفەی ئایدیالیزمی یونانی کۆن، کە قوتابی سوقرات بوو و لە ساڵەکانی نێوان (٤٢٧ ـ ٣٤٧ پ. ن) ژیا، یەکێك لەو فەیلەسوفە مەزنانە بێ، کە بە خوێندنەوەیەکی ئیمڕۆیی بۆ ئەفلاتوون، پێویستیی دابڕان لێی هەستی پێ دەکرێت. ئەو یەکێك لەو کەسانەیە کە گەرچی سەردەمانێك (لە سەردەمی نەزانین دا) زۆر پێیدا هەڵ دەگوترا، بەڵام ئەمڕۆ هەڵە کوشندەکانی وردە وردە ئاشکرا دەکرێن. یەکێك لە هەڵە کوشندەکانی ئەفلاتوون، دیدی نیگەتیڤانەی ئەو بوو بۆ شێعر، کە لە ڕوانگەی ئەوەوە خاوەنی باری نەرێتی‌یە.

ئەفلاتوون کە لە سەردەمی لاوێتی‌دا خولیایەکی زۆری بۆ شێعر هەبوو، چۆن بوو کە بەم شێوەیە بیروباروەڕی گۆڕانی بەسەردا هات و بە چاوێکی سوکەوە لە شێعر دەڕوانێتەوە؟ بۆ وڵام دانەوەی ئەم پرسیارە و ڕوون کردنەوەی پتر، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ فەلسەفەی مێتافیزیکی ئەفلاتوون.

لە فەلسەفەی میتافیزیکی ئەفلاتوون دا، بوون (هستی، وجود) بەسەر دوو جیهانی لێك جیاواز دا، دابەش دەکرێت، واتە جیهانی ئایدیال و جیهانی مادی (سێبەر یان کۆپی جیهانی ئایدیال). ئەو مادەی بە کۆپی (سێبەر)ێکی پتر لە جیهانی ئایدیال نەبینی و پێی وابوو کە بۆ تێگەیشتنێکی دروست لە بوون دەبێ بۆ جیهانی بەرز یا خود ئایدیال بگەڕێینەوە. چۆن ئەفلاتوون بڕوای بە ڕێژەیی بوونی حەقیقەت نەبوو و عەودالی دۆزینەوەی حەقیقەتی ڕەها بوو. ئەوەی لە جیهانی مادی‌دایە، هەموو ڕێژەییەو دەتوانێ گۆڕانیان بەسەردا بێت. چۆن شاکارێکی هونەری (بۆ نموونە تابلۆیەك) کۆپی لێ هەڵدەگیرێت و لە بازاری فرۆش دا بە زۆری وەچنگ دەکەوێت، بەڵام لەڕاستی‌دا تابلۆ ڕەسەنەکە، تاقانەیەو، ئەوانی‌تر لە کۆپی تابلۆ ڕەسەنەکە پتر شتێکی دی نین، بەم شێوەیەش مادە و جیهانی مادی تەنیا کۆپی‌یەکی جیهانی ئایدیال و بێگەردن و حەقیقەتی بوون لە جیهانێکی بەرزتر و رەسەنتر لە جیهانی مادی دایە، کە ئەو بە جیهانی ئایدیال ناوی دەبرد و ئەگەر بمانەوێ تێگەیشتنێکی دروستنمان لە جیهانی مادی بێت، دەبێ بە شوێن حەقیقەتی هەتا هەتایی و ڕەها دا بگەڕێین، واتە لە جیهانی بەرز بکۆڵینەوە.

ئەفلاتوون بۆ هەرچی زیاتر ڕوون کردنەوەی مەبەستەکەی لە میتافۆری ئەشکەوتەکەی کەڵك وەردەگرێت. ئەو جیهانی مادی بە سێبەری سەردیواری نێوەوەی ئەشکەوتێك دەشوبهێنێت کە بە هۆی تیشکی دەرەوەی ئەشکەوتەکە دەکەوێتە سەر ئەو دیوارە. مرۆڤەکان ڕوویان کردۆتە ناوەوەی ئەشکەوتەکەو لەگەڵ سێبەری شتە ڕەسەنەکان دا دەژین و بە بینینیان سەرسام دەبن.

لای ئەفلاتوون، فەلسەفە ناسینی ڕاستەقینە و حەقیقەتی شتەکانە. هر بۆیە تاقە کەسێك کە دەتوانێت لە حەقیقەتی بوون بگات و سنوورەکانی جیهانی مادی بشکێنێت، فەیلەسوفە. کەوابوو ئەمە فەیلەسوفە کە هەوڵی ناسینی جیهانی ئایدیال دەدات (حەقیقەتی بوون) و دەبێت بە پەیام هێنەری حەقیقەتی بوون بۆ خەڵکی ناو ئەشکەوتەکە.

هرەبۆیە ئەفلاتوون دەگێڕێتەوە، نەفەرێك لە ئەشکەوتەکە هەڵدێت و بەناو دەشت و زەوی‌و زاری جیهانی ڕاستەقینەدا دەسوڕێتەوە و لە حەقیقەتی ڕەهای بوون تێدەگات، کەوابوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەشکەوتەکەو هەواڵی بوونی جیهانێکی ڕەسەن و ئایدیال لە دەرەوەی جیهانی کۆپی و ناڕەسەنی نێو ئەشکەوتەکە دێنێتەوە و ڕادەگەیەنێت کە ئەوەی تا ئەمڕۆکە دیتوومانە و لەگەڵیدا ژیاوین، سێبەرێکی ناشیرینی شتە ڕاستەقینەکان نەبێت، شتێکی دیکە نەبووە.

لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە، مادە ڕێژەیی و ناڕەسەنە و ئایدیال ڕەهاو بەرز و ڕەسەنە. هەروەك کە لە سەرەتا دا ئاماژەی پێ کرا، ئەفلاتوون لە تەمەنی لاوێتی‌دا خولیایەکی زۆری بۆ شێعر هەبوو. بەڵام پاش ئەوەی بیرۆڕا فەلسەفییەکانی چێوەیەکی دیاریکراو بەخۆیەوە دەگرێت، گۆڕانێکی بنچینەیی لە بۆچونیدا لەبارەی شێعر پێك دێت. ئەو پێی وابوو کە شێعر بەرهەمی عاتیفە و وارسکە (غریزە) مرۆڤییەکانە و وارسکەکانیش بەرهەم و ئاماژەدەری جیهانی مادی. هەربۆیە لە ڕوانگەی ئەفلاتوون دا، شێعر دەخرێتە خانەی دیاردە مادی‌یەکانەوە.

شێعر دەروازەیەك نیە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی ڕەها، بەڵکو شێعر بە جیهانی ماددی‌یەوە دەوەستێت و مادە ڕێژەییە و توانای گۆڕانی تێدایە، کەوابوو ئەفلاتوونی عەودالی دۆزینەوەی حەقیقەتی ڕەهای بوون، باوەڕێکی بە شێعر نامێنێت.

ئەمە تەنیا فەلسەفەیە کە بەدووی حەقیقەتی ڕەها دەگەڕێت و تەنیا فەیلەسوفە کە لە حەقیقەتی بوون تێدەگات. ئەفلاوون شێعر و فەلسەفەی بە تەواوەتی لێك جیا کردەوە و پەیوەندی‌یەکی لەنێوان ئەم دوو ڕەهەندەی فکری مرۆڤایەتی‌دا نەدەبینی‌یەوە و، فەلسەفەی لە هەموو ڕەهەندەکانی دیکەی بیرکردنەوی مرۆڤ پێ بەرزتر بوو و مادام کە شێعر توانای دۆزینەوەی حەقیقەتی ڕەهای نیە و بە حەقیقەتە ڕێژەیی‌یەکانەوە دەوەستێت، لە ڕوانگەی ئەفلاتوون دا شێعر باری نەرێنی هەیە.

# بڵاو کراوەی نوێ
















بێ دوان

---

# سەرنج وردە

مەسعوود بابایی

**سەرنجی نۆیەم: (١-٢)**

**لێڕوانینی(رویکرد) زمانەوانی مێژوویی:**

سەرەتا بەم پرسیارە دەست پێدەکەین کە ئایا زمان دیاردەیەکی مێژوویی یە؟ ئایا دروستبوونی کەرەسەکانی زمان‌و پۆلین بونیان لە ڕەوتێکی مێژوویی‌دا پێی گرتوەو ئەم ڕەوتە مێژوویی یە چەند قۆناغە؟ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستی بە لێوردبوونەوەو تێڕامانە لەدۆخی ئەمڕۆی زمان. پێوەری ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین لە تەمەنی زمانێکی دیاریکراو وەکو زمانی کوردی ئاگادار بین ئەوەیە کە ڕەگی کردارو وشەکان هەر لە گاگوڵکێی زمانەوە تا دەگاتە ئێستا پەیجۆر بکەین. بۆ ئەم مەبەستە دەبی پێوەرێکی شیاوی ئێستاییمان هەبێ‌و لە گەڵ ئەوەش دا دەقێکی مێژوویی لە شوێنکاتی دیاریکراوی ئێستا ـ رابردوو، بکەین بە پێوەر. پێوەری ئەمڕۆیی: ئەوەیە کە لەنێو دیالکت‌و لقەکانی زمان دا نزیکترین دیالکت کە لە چەندلایەکەوە لە دەقە مێژوویی یەکە نزیك بێ بکەین بە پێوەر. ئەم دەقە کۆنە کە تا ڕادەیەك دەتوانێ بە کەڵکی زمانی کوردی بێت، ئاڤێستایە. دەقی ئاڤێستا سەرچاوەی سەرەکی زمانی هێندو ئەورووپایی‌یەکانە، زمانی کوردیش وەکوو زمانێکی هێندو ئەورپایی ڕەچەڵەك‌و بنەچەکەی بۆ ئەم دەقە دەگەڕێتەوە: ئێمە ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئاڤێستا لە پاوانی زمانی کوردی دایە، چونکە ئەمە دوورە لە لێڕوانینی زانستی، بەڵام بە دڵنیایی‌یەوە زمانی کوردی زۆر لە ئاڤێستاوە نزیکە. نموونە: مۆرفیمی سەربەخۆ یا وشەی

"واچ" waç ڕەگی کرداری"وتن"ەو وشەیەکی ئاڤێستایی‌یە.

پێوەری ئیستایی: دیالکتی هەورامی، لە شوێنکاتی ئێستایی‌دا.

پێوەری مێژوویی: زمانی ئاڤێستا، لە شوێنکاتی مێژوویی .

پێوانە:مۆرفیمی سەربەخۆ یان وشەی"واچ"WAÇڕەگی کرداری"وتن".

هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێین ئەمە ڕاڤەیەکی لۆژیکی‌یە،واتە ڕێساکانی ئەم ڕاڤەکردنە لۆژیکین، لۆژیکی بوونی ڕێسا یا بۆچوونێك بە واتای ڕاست‌و دروست بوونی بەرەنجامەکە نیە، واتە" لۆژیکی بوون"و "بەرەنجامی ڕاست" دوشتی جیاوازن. بە ڕاشکاوی دەبێ بڵێم ئەوەی کە لێرەدا گرنگە، دروستکردن‌و هێنانە گۆڕی مێژینەیەکی لۆژیکی‌یە نەك مێژینەیەکی سەلمێندراو. ئێمە لە لێڕوانینی زمانەوانی‌مێژووی‌دا سەروکارمان لە گەڵ لایەنی بەرهەست(عینی)ی وشەیەکە کە نزیکە لە بەکار هێنانی ئێستای ئێمەوە، لەم ڕاڤەیەدا سێ ئاست گرینگن:

- ئاستی گۆڕانی سیمای فۆنۆ لۆژیکی‌یانە (١) - ئاستی گۆڕانی مۆرفۆلۆژی(٢)

- ئاستی گۆڕانی واتاناسی(٣) و گۆڕەپانی واتایی(٤) سیمای واتایی٥.

ئاستی یەکەم: سەروکاری لە گەڵ گۆڕانی دەنگی‌یە: چ بۆ ژ ـــــ کچ ـــ کیژ/ خ بۆ غ = خەم ـــ غەم

یا جێگۆڕکێی دەنگی: بەفر. ك ـــ برف. ف/ بچوك. ك ـــ کوچك.ف

ئاستی دووهەم: گۆڕانی مۆرفۆلۆژیك، سەروکاری لە گەڵ وشەو مۆرفیم هەیەو لە گۆڕانی مۆرفیمەکان دەکۆڵێتەوە: بۆ نموونە کوڕ ـ ەکان، کوڕ ـ ان ،کچ ـ ان، کچۆڵە، کیژۆڵە.

ورد ـــ یلە، جام ـــ جامۆلکە،جامیلکە/ گەڕ ـــ ۆك، سەر ـــ ۆك،

دەگەڕێینەوە لای نموونەی پێشوو، وشەی"واچ" بە پێی دوو ئاستەکە گۆڕانی بە سەردا هاتووە، بەڵام لە رووی واتایی‌یەوە گۆڕانی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتوە، ڕەنگە لەڕوی ئەرکی(function)یەوە کەمێك بە پێی بە کار هێنان گۆڕابێ، بەڵام لە ڕوی ڕەچەڵەکەوە... هەمان واتایە دەتوانین گۆڕانەکان بە خشتەبەندکردن‌و هێڵکاری نیشان بدەین.

ماچو: پێوەر، دیالکتی هەورامی:




لە سەرنجی داهاتوودا ئەم هێڵکاری‌یە ڕوون دەکەینەوە.

1: phonologyical seartue.
2: morphology 3. semantic al 4: semantic field
5: semantic feature

# دیار دەرسێمی: لە تورکیە کاتێك مرۆڤ گوێ لە هەر گۆرانییەك دەگرێ و دەیبیسێ، دەبینێ کە کوردییە



هەڤپەیڤین: سەلیم زەنجیری

زۆرن ئەو کەسانەی کەلەپێناوی خزمەت بە هونەرو موزیکی کوردی هەنگاویان هەڵگرتووە، بەڵام کەمن ئەوانەی کەتوانیویانە لەو ڕێگایەدا سەرکەوتن بەدەست بهێننو لەنێو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگادا بگەنە جێگای شیاو، ببنە خۆشەویستی گەل. یەکێ لەو هونەرمەندە بەناوبانگو سەرکەوتوانەی بواری موزیكو سترانی کوردی، "دیاردرسێمی"یە.

دیار لەڕۆژێکی ساردی زستانیلە ١٩٦٥/١٢/١، لەبنەماڵەیەکی جووتیارو زەحمەتکێشی گوندی "هێوەدان "ی هەرێمی"مازگرتێ " سەر بەشاری دێرسیم لەدایك بوو. خوێندنی خۆی هەتا دیپلۆم (لسیە) درێژەی پێداوە. باوکی دیاریش هونەرمەندو دەهۆڵژەن بوە و لەدەوریش دا مرۆڤێکی خۆشەویستو جێگای ڕێزیخەڵك بوو. هەر ئەوە بوە هۆی پێکهێنانیهەوێنی هونەر لەدیاردا و بۆ ماوەیەکیش بوو بە هاوکاری باوکی خۆی. دیار پاییزی ساڵی١٩٨٨پەڕیوەی ئۆرووپا بوو، لەوێ درێژەی بەکاری هونەری خۆی لەئاستێکی بەرزتر دا. ڕۆژ بەڕۆژ توانی سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بێنێو جێگایەکی ژێهاتو شیاو لەدنیای هونەر موزیکی کوردیدا بۆخۆی پەیدا بکا و هەتا ئیستا چەندین بەرهەم و ئالبۆمی پێشکەش بەهونەری کوردی کردوە کە دەتوانین هێما بۆ ئالبۆمەکانی کاروان، جەنگا ژینێ، وای دونیایێ، تیناروژێ، گولێ نەچە و کەهێنا ستران بکەین. چەند ڕۆژ لە مەوبەر ئاگادار بووین کە هونەرمەند دیار سەردانی کوردستانی ئازادی کردوە، ئێمەش هەلمان بۆ هەڵکەوت تا لە نزیکەوە چاوپێکەوتنێکی لە گەڵدا پێك بینین. بۆیە من و هاوکارێکی خۆم کە ئۆگری دەنگی دیارە لە بنکەی وەشانی ئاگری بەرەو هەولێر بەڕێ کەوتینو بە هەوڵو تەقەلایەکی زۆرەوە توانیمان بیبینین. ماندوویەتی و هیلاکی بە هۆی کار و خەباتی بێ وچان و پرۆڤە لەگەڵ گرووپی موزیك بە روخساری جوانیدا دەبینرا چونکە قەرار بوو هەر ئەو ڕۆژە کونسێرتێك لە هەولێربەڕێوەبەرێ. بەگشتی دەرفەتی زۆر کەمی هەبوو، دەرونی ئێمە پڕ بوو لەو پرسیارانەی کە دەمانهەویست بەرسڤیان بزانین، بەڵام کەمی کات نە ئەو دەرفەتەی بە ئێمەدەدا کە پرسیاری زۆرتری ئاراستە بکەینو نە هونەرمەند دیاریش توانیماوەیەك زیاتر لە گەڵمان بێ.

- **موزیكو هونەری بیانی بەتایبەتی هەر چوار دەسەڵاتی حاکم بەسەر کوردستان دا هەتا چ رادەیەك توانیویە کاریگەری لەسەر هونەر، و بەهاگرانیو رەسەنایەتی هونەرو موزیکی ئێمە دابنێ ؟**

ـــ راستە ئێستا نەك تەنیا لە بواری هونەر، بەڵکوو لە بواری کۆمەلایەتیش دا کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگاو ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە داناوە کە ئەوەش لە هێندێك پارچەکان دا زیاتر دەکەوێتە بەرچاو. ئەوان لە باشووری کوردستان لە زۆر بواری ژیانی دا کەلتووری کوردی و کوردایەتیان هێنابوە، ئاستێك کە دەیانهەویست ناسنامەی کوردیوژیانی کورد لە نێو بەرنو گەیاندبویانە ئاستی ئاسمیلاسیونو تەنانەت دەتوانم بڵێم ژێنۆسایدیش. بەڵام سترانو کەلتووری گەلەکمان زۆر دەوڵەمەندو ریشەدارە. من دەڵێم لە باکوور زیاتر سترانی کوردی کاریگەری لەسەر سترانی تورکیو کەلتووری تورکی داناوە چونکە تورك لەبواری کەلتوورەوە زۆر زەعیفو لاوازن. تەنیا توانیان کە موزیکی ئێمە بگرنو وتەکانی بگۆڕنو گوتنی تورکی لە سەر دابنێنو کردیان بەماڵی خۆیان. بەڵام کاتێك مرۆڤ گوێ لە هەر گۆرانیەك دەگرێو دەیبیسێت، دەبینێ کە کوردیە. بە گشتی نەیانتوانی کە سەرکەوتوبنو گۆرانیەکانمان لێ بستێننەوە. لەبەر ئەوەی کە بناژۆو بنکەی فولکلۆری، ستران، شاهیو....کوردی زۆر قاییمو بە هێزە. بەڵام کاتێك کە سەیری پارچەکانی دیکەی کوردستان دەکەم دەبینم کە موزیکی عەرەبیو فارسی کاریگەرییەکی زۆر لە سەر موزیکی کوردی داناوە. چونکە موزیکی عەرەبیو هەتا رادەیەکیش فارسی زۆر بەهێزترەو زۆر مۆتیوێن عەرەبی لەنێو موزیکی کوردی دا هەن، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا دەبینین کە لە باشور مەکتەبو کونسەرواتۆر و....، دامەزراونو لەریگای ئەوانەوەو بەعیلمو زانستەوە موزیکی ئێمە هێندێك دەپالێورێو بەرەو خاوێن بونەوە دەڕوا. لەباکوور لەم ٣٠ساڵەی دوایی دا هونەرمەندەکان دەستیان بە شۆڕشێکی گەورە کردوە. چونکە پێشتر ستران گوتن قەدەغە بوو و نەیاندەتوانی بەکوردی قسە بکەن و گۆرانی بڵێن. بەڵام ئێستا موزیکی ئێمە پێش کەوتووەو گەلێك لەو موزیکانەی کە دزرابوونو هونراوەکانیان گۆڕدرابوون ئێمە سەر لە نوێ تێکستو بێژەکانی ئورژینانی ئەوانمان کردوە بە ئالبۆم پێشکەشی گەلەکەمان کردوە.

- **موزیکی کوردی لە چ ئاستێك دا دەبینی؟**

ـــ ئەگەر بمهەوێ بە تێروتەسەلی لە سەر ئەم پرسیارە راوەستمو شرۆڤەوئانالیزی بکەم ئەوە مەسەلەیەکی زۆر دوورو درێژە. موزیکی ئێمە لە رەوشێکی باش دایە. هەر چەند لە باکوور پەیمانگەی هونەرو مەکتەبەکانی موزیکی هەنەوئەگەر دەرفەتی زیاتر پێك بهێنین، هێشتا باشتر دەبێ. بەڵام زۆر گرنگو پێویستە کە بە پشتیوانیو چاوەدێری دەوڵەت یان دەسەڵاتی هەرێمی لەباشووردا کونسەرواتوارێك چاك بکرێت کە کە ئینسان چۆن دەتوانێ دەرس بخوێنی ئاواش بتوانێ موزیك بخوێنێ. لە باکوور هێشتا ئیمکاناتی بەو شێوەمان نیە. لە دەرەوەی وڵاتیش دا هێندێك ئاکادیمیای چاندیو هونەری کوردی هەن، بەڵام هێشتا بە باشی پێشکەوتوو نینو دەبێ پەیمانگای هونەروزانکۆی پەروەردەیی بۆ موزیك هەبن بۆئەوەی رۆلەکانی کوردو ئەو کەسانەی ئۆگری موزیكو کاری هونەرین بە ئاوایەکی زانستی فێربکرێن تاکوو بتوانن بەرهەمی باشتر بخولقێننو خزمەتی باشتریش بکەن. دەبینین هەر هونەرمەندێك لە ماوەی یەك دوو ساڵ دا کاستێك یان ئالبۆمێك دەخاتە بازاڕەوەو گۆرانی فولکلۆرو نوێی تێدا بڵاو دەکاتەوەو بەو حالە خەزێنەو رەپورەتواری گۆرانیەکانمان دەوڵەمەند دەبێ. بۆ نموونە کاتێك چاو لە تورکی دەکەین دەبینین زۆر لە هونەرمەندان گۆرانیەك دەڵێنو دووپاتی دەکەنەوە. بەڵام، لە ناو ئێمەدا هەر هونەرمەندێك گۆرانی تایبەت بە خۆی دەڵێتەوەو بەگشتی پێشڤە چونێکی گەورە هەیەو من دەیبینم.

- **بەڵام ئەم پێشکەوتنە کە جەنابت باست لێوە کرد، لە هەموو ناوچەو پارێزگایەکی کوردستان دا بە دی ناکرێ. بۆ نمونە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هونەرمەندەکان تەنیا لە گۆڤەند دا دەناسرێن، ئێوە هۆی ئەوە لە چی دا دەبینن؟**

> ...من ئەو هەنگاوە لە بواری فەرهەنگی دا وەها هەڵدەسەنگێنم کە مرۆڤ بچێت بۆمبێك بێنێو بیخاتە نێو ماڵی خۆی.

ـ هەروەکوو پێشتر هێمام بۆ کرد جێگای پەروەردەو راهێنانو زانکۆی فێر کردن لەم پارچە دا نین، واتە پەیمانگاو کونسرواتوار نین کە مرۆڤ بتوانێ بە شێوەیەکی زانستی تێیاندا فێر بکرێ. لە باشوور ئازادی هەیە بەڵام ئێمە لە باکوور، رۆژهەڵات، باشووری بچووك هێشتا بندەستینو ئازاد نین لەوەی کە بتوانین مەکتەبێکی موزیك یا ئەنیستیتۆیەك بە شێوەی زانستی ئاڤا بکەین کە تێیدا پەروەردەو راهێنان بکرێت. لە لایەکی دیکەوە هونەرمەندان بۆ خۆیان هۆکاروباشتر وایە کە گران، ستایل، سیلاڤ، ... بخولقێنن بسترن کە بەبێ شك دەبێتە جێگای رەزامەندی گەل. بۆنموونە من شتی گران گرانم زۆر گوتوە جەماوەریش زۆر حەزیان لێ کردون. بەڵام هێندێك هونەرمەند هەن کە ترسیان هەیە، و پێیان وایە کەئەگەر شتی عادیو پۆپۆلیست نەڵێن کەس گوێیان لێ ناگرێ. بۆیە بەردەوام بەدوای شتی سوكو پۆپۆلیست دان کە تەنیا گوی لێ بگیردرێ. واتە تەنیا بۆ شاهی گۆڤەندەکان بەکار بێ. وەکوو ئەوەی وایە کە کونسرتێك بەڕێوەبەرێو تەنیا بە ریتم بێ. خەڵکەکەش پێی هەڵپەڕن، کەس تێ ناگا کە چی دەڵێن هەستی چیە؟ یان وەکوو ئەوە وایە کەهونەرمەندێك دەهۆڵوزورنا لێبداو هونەرمەندێکیش گۆرانی هەڵپەڕکێ بڵێتەوە هەر دوو وەك یەکن. بەڵام ئەرکی سەرشانی هونەرمەندەکانە کە خولقێنەرو داهێنەربنو گۆرانی جۆربەجۆرو رەنگاورەنگ بچڕن.

*** دیار وەکوو هونەرمەندێکی دەنگ خۆشو خۆشەویست لە سەرەتای کاری خۆیدا زیاتر کەوتە ژێر کاریگەری چ هونەرمەندێكو ئیستا حەز لە دەنگی چ هونەرمەندێك دەکا؟**

ـ هەر لە سەرەتادا ویستم کە لاسایی کەس نەکەمەوەو ببمەخۆم، ببم بەدیار کە ئەوەش بۆ من خاڵێکی گرینگی پوزەتیڤ. بەڵام گوێ لە دەنگی محەمەد عارف جەزراوی ، حەسەن جەزراوی، عەیشە شان، کاووس ئاغا، ئەردەوان زاخۆی، حەسەن زیرەك ، تەحسین تەهادەگرمو هەروەها زۆرم گوێ لە رادیۆ ئێریڤانیش گرتووە. ئێستاش موزیکی هەر چوار پارچەی کوردستانو رۆژئاواو بەگشتی هەرچی دەکەوێتە بازاڕ گوێی لێ دەگرم. بەڵام، ئەگەر دەتانهەوێ بزانن حەز لە دەنگی چ هونەرمەندێك دەکەم دەبێ بڵێم محەمەد عارف جزراوی، بەڕاستی زۆرم حەز لە دەنگیەتی زۆریش کارم لێ دەکات.

- **ئێوە هێندێك جار بە تورکیش گۆرانی دەڵێن ئایا ئارمانجێکی تایبەتت لەم کارە هەیە یان نا؟**

ـ راستە بەڵێ مەبەستێکی تایبەتیم هەیە، ئێمە لە تورکیە لە شۆڕشێکی گەورەدایین، لەباکوور زۆر شەهیدمان داوەو فیداکاریمان کردوەو... کاتێك گۆرانیەك بە تورکی دەڵێم دەمهەوێ ئێمە چۆن بۆ شەهیدێك دەسترین یان روانگەی ئێمە لگۆر ئازادیو ئاشتی چۆنە، جا چ بۆ دۆستو چ بۆ دوژمنیش بێ لە باکوور، تاکوو ئەوانیش حاڵی بکەم یان تێبگەیەنم من هەر لە ئالبۆمەکەم دا گۆرانی یەکی تورکی هەیە. بۆ نموونە من گۆرانیەکی تورکیم لەسەر ئاشتی دروست کرد. جا ئاشتی لە گەڵ تورکەکان بێت یا لە گەڵ هەر کەسێکی دیکە. من ویستم کە ئەوانیش لە ئێمە تێبگەن کە ئێمە کێین؟ چی دەڵێین؟ چیمان دەوێ؟... تەنیا ئارمانجی من ئەوەبوو دەنا من کوردمو هونەرمەندێکی کوردمو بە کوردیش گۆرانی دەڵێم.

- **، زۆر لە کلیپو بەرهەمەکانت غەمگینو غەریبو غەمێکی شاراوەیان تێدا بەدی دەکرێ. باشە دیار لە دڵو دەروونی خۆی دا چ غەمێکی هەیە کە وەها غەمگین گۆرانی دەڵێ؟**

ـ دیار ژی کوردو هونەرمەندێکی کوردە، کورد بەکاتو قۆناغێکی زۆر حەساسو دژواردا تێدەپەڕن. زۆر ئێشو ئازارمان چێشتوەو دەچێژین. منداڵەکانمان لە ژێر پانزەرەکان( ئایفا، ماشینی نیزامی گەورە)دا ماونەتەوە، لە باوەشی دایکان گیانیان لە دەست داوە. بە هەزاران کورد لەبەندیخانەدانو لە ژێر ئەشکەنجەدان، رۆژ نیە کە جەرگو کەزەبی دایکانمان نەسوتێننو بێ حورمەتییان پێ نەکرێ، ساڵی ١٩٩١، زوڵمو زۆری سەدام، هەڵەبجە، ئەنفال،بەگشتی ئێمە زۆر ئازارمان چێشتوەو باوەڕیش ناکەم کوردێك هەبێ کە لە دڵی خۆی دا نارەحەتیو غەمگینی نەبێ، منیش بە تەنیا هونەرمەندێکمو کاری هونەر دەکەم،بەڵکوو سیاسەتی کورد سەرنجی من رادەکێشیو بایەخی بە رۆژەڤی سیاسی کورد لەهەر چوار پارچەدا دەدەم کە جیهان چۆن سەیری کێشەی کورد دەکا.بۆیە ئێمە کەم جار هەیە کە خۆشحاڵ بین، ئێمە زۆرتر نارەحەتو غەمگینینو هەر بۆیەشە گۆرانیەکانم بە غەمگینی دەردەچن.

- **هەڤالو هاوبەشی ژیانت سەرەرای ئەوەکە هونەرمەندێکی نوێو تازە هاتوتە نێو قەدی هونەرەوە بەڵام توانیویەتی سەرنجی زۆر کەس راکێشێو لایەنگرێکی زۆر بۆ لای دەنگی خۆی پەیدا بکا. ئایا ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە "دەنیز" هەواڵبەندی دیارە یان نا کاریگەریت کەمتر بووە؟**

ـ نە، "دەنیز" نە ئەوەی کە هاوژینی منە، بەڵام لە راستی دا دەنگخۆشە. ئەگەر دەنگەکەی ناخۆش بوایە، ئێمەش کارێکی بەم شێوەیەمان نەدەکرد. منیش هونەرمەندم ئەگەر وەنیز جیران، خوشك یان هەر کەسێکی دیکەش بوایەو، من زانیبام کە دەنگخۆش و دەتوانێ خزمەت بە چاندو هونەری کوردی بکا حەتمەن هاوکاریم لە گەڵ دەکرد. وەنیزیش هاوسەرو شەریکی ژیانمە کاتێك کە زانیم دەنگێکی خۆشی هەیەو دەتوانێ لە زۆر کەس باشتر بسترێت، لە بواری تەکنیکی، ئارەنجە، ... هاوکاریم لە گەڵی دا کردو توانیمان ئالبۆمێك پێشکەش بکەین کە بەرای من شتێکی باشی لێ دەرهات. جا نازانم کە جێگای پەسەندو رەزامەندی گەلیشە یان نە، ئەوەش لە دوا رۆژدا دەر دەکەوێ.

- **هێندێك هونەرمەند کە لە ئەسڵیەتی خۆیان دا کوردن. بەڵام هونەری خۆیان لە خزمەتی نەتەوەو زمانی بیانی(بەتایبەت هەر چوار دەسەڵاتی حاکم بەسەر کوردستان دا) داناوە. هونەرمەند دیار لەم پێوەندیەدا چۆن بیر دەکاتەوە؟**

ـ بەڵێ ئێوە باشتر لە من دەزانن، کە ئیبۆ(تاتلیسەس) تان هێنایە کوردستان. من دەڵێم ئەوانەی کە کوردنو لەم قۆناغەدا خزمەت بە فەرهەنگو هونەری بیانی دەکەن، هەمیشە گوتومە دیسانیش دووپاتی دەکەمەوە کە ئەوانەی کەری ئێمەن، چوونە لە گەورەی خەڵکی دا دەزەرن.ئێمە زۆر بە هەستو ئێحساسی خۆمانەوە حەرەکەت دەکەین، کاتێك کە کەسێ دەڵێ من کوردم، ئێمە زوو دەڵێین کە ها فلان کەس گوتی من کوردم. ئەوە بۆ من هیچ بایەخو قیمەتێکی نیە. چوونکە ئێمە بەو رادەیە شەهیدمان داوە، خوێنمان رژاوە، بەدبەختیمان دیوە،... لەم کاتەش دا کوردێك هەستێ بڵێت من کوردم، منیش پێی دەڵێم زۆر باشە. چونکوو ئەگەر ٣٠ ساڵ لەوەو پێش کەسێك گوتبای کە کوردم، زۆر گرینگ نەبوو. بەڵام زۆر شەرمو عەیبە کە کوردێك هەتا ئیستا هەست بە کوردبوونو کوردایەتی خۆی نەکردبێو ئیستا هەستێتو بڵێت کە کوردم، بە بڕوای من فلسێك ناهێنێ. بۆ نموونە ئەوانەی باشوور بە هێنانی ئیبۆ بۆ کوردستان هەڵەیەکی زۆر گەورەیان کرد. چونکوو ئێمە لە کاتو قۆناغێکی ناسكو هەستیاردا تێپەڕین پێویستە لەم دەرفەتانەی لەباشوور پێك هاتوون کەڵکی باشی لێ وەربگیرێ. من ئەوهەنگاوە لە بواری فەرهەنگی دا وەها هەڵدەسەنگێنم کە مرۆڤ بچێت بۆمبێك بێنێو بیخاتە نێو ماڵی خۆی. چونکوو ئیبوو خزمەت بە چاندی تورکەکانو سیستمی ئەوان دەکاو دێتە ئێرەو دەڵێت کە تورکی کوردی تورکمو خۆی ئینکار دەکات. بۆیە ئێمە نابێ لاسایی کۆمەڵگاکانی دیکە بکەین. لە بە ئەوەی کۆمەڵگا بندەستەکان هەمیشە کومەڵەکەسێکیان هەیەو دەیانهەوێ خۆیان وەکوو کۆمەڵگای سەردەست نیشان بدەن. وەکوو ئەوەی وایە لە غولامێك پرسیار بکەی کە دەتهەوێ ببی بە چی؟ بێ گومان ئەویش دەڵێ کە دەمهەوێ ببم بە ئاغا. بۆیە ئەوانە شتی ناسكو هەستیارن و گرینگە کە لەم ئیمکانو دەرفەتەی مەوجوددا هەڵە نەکەین. بە گشتی هێنانی ئیبۆ بۆ کوردستان لە بواری چاندیو سیاسیەوە هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو. بائەوەش بڵێم شتێکی زۆر نورماڵە کە مرۆڤ بچێو هونەرمەندێکی ئینگلیزی یان تورك بانگهێشتی کوردستان بکا کە کونسێرت بەرێوە بەرێ، ئەوە شتێکی دیکەیە بەڵام گرینگ ئەوەیە کە مرۆڤ هەست بکا کە ئیبۆ چۆن، بەچ رەنگو شێوە، مەبەستو ئارمانجێك دێتە کوردستان.

- **پەیامی تۆ بۆ گوێگرانو ئەڤینداراني دەنگی خۆت چیە؟**

ـ بۆ گوێگرانی خۆم ڕێزو سلاوان پێشکەش دەکەمو هەمیشە دووپاتی دەکەمەوە لە بەرئەوەی کە کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بە پێشکەوتن هەیە، بۆیە دەبێ کۆمەڵگا لەهەر بوارێکی سیاسی، چاندی، هونەری، کۆمەڵایەتی ،... لەسیاسەتڤانانو هونەرمەندان،..خاوەن دەرکەوی و ئەوان تەقیب بکاتو هەڵەکانیان بدۆزنەوە، خاڵە لاوازەکانیان ببیننو سەداسەد کەمو کوڕیەکانیان بە جەسارەتەوە بڵێنو ئەوان رەخنە بگرن. بەڵام رەخنەی راستو پوزەتیڤ، نە ئەوەی کە بە شتی خراپی نە باش کەسایەتی مرۆڤ بشکێنن. بۆیە منیش داوادەکەم کە گوێ لە گۆرانیەکانم بگرنو هەڵەو کورتیەکانم ببیننو رەخنەشم لێ بگرن. چونکە ئەوانەی کە لە ژیانم دا رەخنەیان لێم گرتووە هەمیشە قەدرو قیمەتو بایەخو گرنگییەکی تایبەتم بەوان داوە. چونکە ئەگەر مرۆڤ حەز لە کە شتێك دەکاو دەیهەوێ پێش بکەوێ دەبێ لە هەموو لایەك دا هەڵەو کەموکورتیەکانی دەست نیشان بکەنو بە شێوەیەکی ئەرێنی رەخنەی لێ بگرن. من هەمیشە ئاوابیر دەکەم کاتێك کە دەبینم زۆر ئینسانو گوێگرێکی زۆر حەزیان لە دەنگی منە بارەکەم قورستر دەبێ. دەترسمو دەڵێم چۆن دەتوانم شیاوی هێژای ئەم حەز کردنە بم. دیسانیش بۆ خوێنەرانی ئاگریو گوێگرانی خۆم سلاوان دەنێرمو دەڵێم ئیستا لە داهاتوودا بە یەکەوە هێشتا بەرهەمی باشتر، رۆژی گەشترو خۆشتر دەبینین.

دەتوانن بەرهەمەکانتان بەو ناونیشانەی خوارەوە بۆ بەشی "ئەدەب و هونەر" بنێرن
edeb_huner@yahoo.com

# گرنگایەتیی تەلەفزیۆن لە جیهانی ئەمڕۆدا

**مەنووچێهر ئاتەش پووش**

چەمکی تەلەفزیۆن بە مانای" دیتن لە رێگای دوورە" و بیری داهێنانی ئەو ئامێرە کاتێك لە مێشکی بیرمەندەکاندا پێك هات کە شۆڕشی پیشەسازی لە سەدەی ١٩دا دەرگای ئۆمێدی بەرەو مرۆڤـ کردبۆوە.

بە داهێنانی تیلێگراف و تەلەفون و رادیو "بیستن لە رێگای دوورەوە" بە کردەوە بە دەست هات. هەروەها داهێنانی کامێرای وێنە گرتن و وێنە هەڵگرتنەوە و هاتنە ئارای دیاردەیەك بە ناوی سینەما مرۆڤی بە سەیر و سەمەرەکانی وێنە ئاشنا کرد. داهێنانی تەلەفزیون بە پێچەوانەی زۆر لە ئامێرەکانی دیکە بە زوویی نەکرا و بەرهەمی بلیمەتیی داهێنەرێکی تایبەت نەبوو ، دیان ساڵ درێژەی کێشا و دەیان داهێنەر و بیرمەند لە گۆشە و قوژبنی جیهان دەستیان دایە لێکۆڵینەوە و تاقی کردنەوە و لە تەکنیك گەلێك کەڵکیان وەرگرت تا سەرئەنجام ئەم ئامێرە لە قۆناغی بیر و تیوریەوە گەیشتە قۆناغی کردەوە. یەکەم کەس کەبە تەواوی تەلەفزیونی سازکرد ، "جۆن لاجی بێردی" ئیسکاتلەندی لە ساڵی ١٩٢٣ ی زایینی بوو ، کە بەراستی پەنجەرەیەك بەرەو جیهان بوو کە لەودا سروشت و خەیاڵەکان نیشان دەدران.

تەلەفزیون لە بواری تیۆریەوە وەك ئامرازێك بۆپێوەندی چاوی لێ دەکرێ ، کە رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانی کۆمەڵگا و باسێکی زۆر دوور و درێژ و توێژینەوەی جۆربەجۆری لە روانگەی کۆمەڵناسی و پێوەندییەکاندا لە سەر کراوە.بەڵام ئەو شتەی کە کەمتر لێی ورد بوونەتەوە ، بنچینە و جۆری سازکردنی پرۆگرامگەلێکە کە بە گشتی بناغە و کۆڵەکەی هێز و توانای ئەم ئامرازە راگەیاندنە پێك دێنێ. تا ئێستا بۆ تەواوی جبهان دەرکەوتوە کە ئەم ئامێرە هاتۆتە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ئاڵوگۆرێکی بەرچاوی پێك هێناوە ، چونکە کاریگەریی راستەوخۆی لە سەر خەڵك هەیە بۆیە دەتوانین بڵێین تەلەفزیون هێزی دەست تێوەردانی لە نێو کۆمەڵگادا هەیە . دەرهێنەر و نووسەرە گەورەکان و ئەو کەسانەی لەو بوارەدا چالاکی دەکەن توانیویانە لەم ئامێرە بۆ خستنەروو و ئاشکراکردنی چلۆنایەتیی کۆمەڵگا کەڵك وەرگرن و ببێتە هۆی پێك هاتنی رەوشت و کردەوەی کۆمەڵگا ، بە جۆرێك کە ئەگەر بناغەیەکی نەخۆشی هەبێ بۆ نێو خەڵك دەگوازرێتەوە ، کە وایە ساغ و دروستبوونی تەلەفزیون پێویستە و دەبێ گریمانە و پرۆسەکانی پێداهاتنەوەی بە سەردا بکرێ، بۆ وێنە دەبێ بینەر وشیار رابگیرێ تا ئەو جێگایەی کە بۆ تێگەیشتنی بیری دەرخراو، زۆری لێ بکرێ ئەو کات هەستی رەخنە گرانەی بینەر دەبووژێتەوە و دەتوانێ رێگایەك بۆ داخوازە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و...هتدکان ببینێتەوە. بۆیە دەبێ کەرەستەی بە هێزی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی بە رێگاگەلێکی تایبەت و جۆراوجۆردا بدۆزرێتەوە، و بە ناسینی ئەم کەرەستەیە، بنچینەکان دەتوانن پەیامی خۆیان بە کارتێکەرترین شێوە بە کۆمەڵگای بینەران بگەیەنن . تەلەفزیۆن لەم سەردەمەدا کە بە هەزارەی سێهەم ناوی براوە، توانایەکی بێ هاوتای بۆ ئاشکراکردن، نەمایش دان و خەڵك رازی کردن لە هیندێك زانیاری هەیە. مەبەست لە زانیاری هەر ئەو بەرنامانەن کە رۆژانە بە بڵاو کردنەوەیان خەڵك دابین دەکرێن وەکوو: بەرنامەی پەروەردەیی، سەرقاڵکەر، فێر کردن، پرۆپاگەندەی بازرگانی و...هتد. بە بڵاو کردنەوەی ئەو زانیارییانە خەڵك وەك دراوێك لە مامەڵە کۆمەڵایەتییەکاندا کەڵکی لێ وەردەگرن. لێرەدا مەسەلەیەك هەیە ئەویش ئەوەیە کە زۆر لە وڵاتان کەڵکی خراپ لەم ئامێرە وەردەگرن ، کە وایە زانیارییەکان ناتوانن لەم رەوتە دا تەنیان. تەلەفزیۆنێك کە دەتوانێ دنیای شاراوە بدۆزێتەوە، بە پێچەوانە کار دەکات، واتە دەوڵەت دێت و زانیارییەکان کۆدەکاتەوە، گولبژێریان دەکاو بۆ پێکهێنانی سیستمێکی ئیدئۆلۆژیك بڵاویان دەکاتەوە، جا دەتوانێ لە پیشان دانی بەرژەوەندی زلهێزەکاندا زێدەرۆیی بکا، یا قازانجی خەڵکی دیکە بە شێوازێکی شاراوە باسی لێ بکرێت. هەر ئەم سیستمە کە کەڵکی خرایە لە تەلەفزیۆن وەردەگرێ، دەتوانێ چەمك گەلی سیاسی کە لە بەرژەوەندیی گروپ یا دەستەیەك دان حاشا لێ بکات، و بە لە ژێر پێنانی مافی تاقمەکانی دیکە، باوەڕی خۆی بە شێوازێکی تایبەت بکاتە پەیامی پەسەند کراوی خۆی، پرۆپاگەندەی بۆدەکات و رەوایی پێ دەدات .

### * تەلەفزیۆن و پاسەوانی لە کەلتوور:

تەلەفزیۆن نوێنەری پرەنسیپێکی جێگیر کراوە، لەم رووەوە بەرلە هەرئاڵوگۆڕ یان هەڕەشە و لاواز کردنێك لە خزمەت پەرەپێدان و پاسەوانی لە بیروباوەڕی سیستم و پرەنسیپەکەیە و کاروباری بنەڕەتی کەلتوورییەکەی، گەشە پێدان و سەقامگیرکردنی هێماکانی کۆمەڵایەتییە. شتێکی زۆر ئاساییە کە ئەم سیستمە بایەخ بە کەلتووری خۆی بدات و بە هۆی تەلەفزیۆنەوە کە لەئاستی ناوچەیی تا جیهانی بڵاو بۆتەوە، بایەخی تایبەت بە کەلتوورەکەی بدات . خەڵکێك کە بە هەزاران فەرسەق یەکتر دوورن، بۆ راهێنان و پەرەپێدانی دەسەڵاتی کەلتووری خۆیان پەنادەبەنە بەر تەلەفزیۆن، کە وایە لە جیاتی ئەوەی کە بڵێین تەلەفزیۆن راگەیاندنێکی گشتییە دەتوانین، بە راگەیاندنێکی کەلتووریی ناو بەرین .

راگەیاندنە بینرارەکان بە شێوەیەك کەلتوور دەپارێزن کە هیچ کات لە توانای راگەیاندنە چاپکراوەکاندا نیە. یەکێك لەو هۆکارانە کە بوونە هۆی هاتنە کایەی چەمکی"بە جیهانی بوون" لە بارەی ئەو ئاڵوگۆڕانە دایەکە لە پێوەندییەکان و کەلتوور دا پێك هاتوون. ئەمرۆکە راگەیاندنە گشتییەکان بە گشتی و تەلەفزیۆن بە تایبەتی زۆر بەئاسانی توانیویانە لە سنوورە نەتەوەیی و کەلتوورییەکان تێ پەڕن . ئەو گۆڕانە تیکنۆلۆژییانە کە پێك هاتوون، پێکەوەدوان لە سەر زاڵ بوونی کەلتوور لە نێوان وڵاتان ئاڵۆزتر دەکەن، و راستەوخۆ لە سەر پێوەندیی سیاسیی نێوانیان کاریگەر بن. لەوانەیە ئەم پێوەندییە یا چاکتر بڵێین، ئەم لێك نزیك بوونە کەلتوورییە، ببێتە هۆی دۆستایەتیی زیاتر یا دوژمنایەتییەکی درێژخایەن.



### * تەلەفزیۆن و راهێنانی کەلتووری :

هەروەك باسمان کرد، راگەیاندنە گشتییەکان بە تایبەت تەلەفزیۆن، بە کارتێکردن لە نێو کۆمەڵگاکاندا رۆڵێکی گرینگیان گرتۆتە ئەستۆ و گومان لەوە دا نیە کە ئەم کەرەستە پێوەندییە بە بەربڵاویی خۆی دەتوانێ بەشداری لە پێکهێنانی"کەلتووری لێك نزیك" بکات. چۆنیەتیی پێکهێنانی ئەم کەلتوورە بە شێوەی کەڵك وەرگرتن لەم ئامێرەوە گرێ دراوە، کە پۆزتیو یا نێگاتیو بوونی کردەوەکەی دیاری دەکا.

ئێستا بە کورتی باسێك لە کارتێکەریی ئەم ئامێرە لە سەر کەلتووری خەڵك دەکەین: پێش ئەوەی تەلەفزیۆن لە لایان راگەیاندنە گشتییەکانەوە گشتگیر بێ، قوتابخانە تەنیا شوێنێك بۆ پەروەردە و فێر کردن بوو، و ماموستا تەنیا وێژەری زانست و کتێب وەك گشتی ترین کەرەستە بۆ ئاگاداری لە زانستە مرۆڤایەتییەکان چاوی لێدەکرا. دوای قوتابخانە، بنەماڵە لە پلەی دووهەم دا بوو، بەڵام لەوێدا پێوەندییەکان سنووردار بوون و رەوشتو گوێ لەمشت بوون لە گەورەی بنەماڵەدا حاکیم بوو. ئێستا تەلەفزیۆن بە هۆی رەنگین بوونی بڵاوکراوەکانی وکارتێکەری لە نێو بچوکترین تاك گەلی کۆمەڵایەتیدا، خەڵکێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوەو دۆخی پێشوی لێك داوە. بەم هۆیەوە بۆ لاوان بەربەرەکانی لە نێوان ناوەند گەلی پەروەردەیی و راگەیاندنە گشتییەکان بە تایبەت تەلەفزیۆن تیژتر بووە، چونکە ئەو شتەی لاوی دوێنی لە رێگای کتێب و بڕواکردن بە رەوشتە پەروەردەییەکانی بنەماڵە فێری دەبووهەنووکە، هەر ئەوانە بەبێ ماندووبوون لەبەر دەستی داین و فێریان دەبێ. لە راستی دا تەلەفزیۆن زۆر لە زنجیرە پایەکان( هیرارکی ) و مەوداکان لە نێودەبا و دەست ڕاگەیشتن بە سەر چاوە بنەڕەتییەکان ئاسان تر دەکات، ئەمە گرینگ ترین تایبەتمەندیی تەلەفزیۆنە، کەبچووکترین کەمتەرخەمی لە هەڵسەنگاندن یان خۆش خەیاڵی لەبەهرەی کاردا ، شوێنەوارێکی رووخێنەر دادەنێ.

رادەی کارتێکەریی تەلەفزیۆن و بەربڵاویی ئەو چەمکێکی نوێی بە ناوی"کەلتووری لێك نزیك" پێك هێناوە کە بە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەلتووردا زاڵە، کەم یا زۆر بوونی رادەی کاریگەرییەکەی لە کۆمەڵگاکاندا جیاوازە. ئەگەر سیاسەتی کەلتووری و ئیستراتیژیی پەروەردە دیاری کراو بێت، ئەم راگەیاندنە نەتەنیا دەتوانێ ببێتە پێکهێنەری"کەلتوورێکی لێك نزیك" بەڵکوو، هێزی ئەوەی هەیە کە زۆر لە کەم و کوڕییەکانی کۆمەڵگا بە تایبەت لە نێو وڵاتانی جیهانی سێهەمدا قەرەبوو بکاتەوە و بەسەر گیروگرفتەکانی وەك: کەمیی فێرگەکان، کەمیی جێ ورێ لە زانکۆکان، ئاستەم بوونی هاتوچۆ بۆ شوێنە دوورەکان و ...هتد، زاڵ بێت. لێرەدا بەو ئاکامە دەگەین کە ئەم راگەیاندنە چەند گرینگە و ئەگەر بێت و لەگەڵ ئامانجە پەروەردەییەکان یەك نەگرن ، دەبێتە هۆی دژایەتی کردن لەگەڵ یەکتر و دەرەنجامەکەی شڵەژاوی لە کۆمەڵگا دا دەبێت.

### * تەلەفزیۆن و پێداویستیەکان :

هەست بە پێویستی، یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی تەلەفزیۆنە بۆوەی کە خەڵك بۆلای خۆی راکێشێ ، دەبێ ئەم هەستە لەنێو جەماوەر دا پێك بێنێ، هەرچەند تا ئێستا تا رادەیەك وابووە و تەلەفزیۆن بە یەکێك لە سەرچاوەکانی دابین کردنی پێویستییەکان ناسراوە، و بە هۆی چالاکیی بەربڵاو و سرنج راکێش، بۆتە کانگای کۆمەڵایەتی و کەلتووری کە خەڵك بە دڵخۆشییەکی تایبەت سەیری دەکەن. "هارۆڵد لیسوێل"بیرمەندی زانستە سیاسییەکان دەڵێ : تەلەفزیۆن (لقێك لە راگەیاندنە گشتییەکان )چوار کاری بنەڕەتیی بۆکۆمەڵگا وەك ئەرك لە سەر شانە، کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:

١- چاوەدێری بە سەر دەوروبەری دا بکات ( گەیاندنی زانیاری و هەواڵەکان )

٢- دژکردەوەکان لەگەڵ ئەو زانیاری و هەواڵانەو کە بڵاوی کردوونەوە گرێ بدات( توێژینەوە- راپرسی)

٣- پێکهێنانی بەرنامەگەلی سەرقاڵکەر( رابواردن و فێرکردن )

٤- گواستنەوەی کەلتوور بۆ نەوەکانی داهاتوو ( پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی )

ئەگەر بێت و تەلەفزیۆن بەم شێوەیە کە باسمان کرد بجوولێتەوە، دەتوانین بڵێین دەبێتە بەهێزترین ئامێری سەردەمی نوێ، هەر ئێستاش بەم پلەیە گەیشتوە چونکە، زۆربەی هەرە زۆری خەڵك کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دا دەژین دەڵێن لە تەلەفزیۆن زۆرتر لە هەر سەرچاوەیەکی دیکەی هەواڵنێری دڵنیان، هۆیەکەشی دەگەرێتەوە سەر:١- کتوپڕبوون (واتە دەتوانرێ بەشێوەی راستەوخۆ بەرنامە لەم سەرو ئەوسەری جیهان بڵاوکاتەوە بێوەی کە ماوەیەکی کورتیش لە کاتژمێردا جیاوازیی هەبێت)٢- ئاسوودەبوون (تەلەفزیۆن قەبارەیەکی بچووکی هەیە و دەتوانرێ بە ئاسانی بۆ ئەم لاو ئەو لا بگوازرێتەوە ، هەروەها هەموو چینەکانی کۆمەڵگا دەتوانن هەیانبێت و بە هەرزانی دەکڕدرێ )٣- دیتنی راستەوخۆ لە هەرکات، تا ئەو جێگایەی کە بۆ دابەش کردنی زانیاری و رابواردنەکان، سنووری جوغرافیایی لەگەڵ سنووری چین، رەگەز، کەلتوور، سیاسەت و خوێندەواری لێك گرێ دەدا

---

دریژەی

## کۆماری ئیسلامی لە نێوان سیاسەتی شەڕخوازانەو توندبوونەوەی گوشارەکاندا

دوژمنانەیدا بە تەواوی ناتەبا بوو، هەر بۆیە بە تەواوبوونی سەردەمی سەرۆك کۆماریی خاتەمی، سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی گەڕایەوە سەر رەوتی سەرەکیو بنەمایی خۆی.

**بێهێزیی رێژیم بۆ خۆگونجاندنو خۆرێکخستن لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی سەردەمدا**

پێداگرتنو سووربوونی رێبەرانی حکوومەتی "ویلایەتی فەقیه" لە سەر بنەما نەگۆڕو رەهاکانی ئایینی ئیسلامو مەزهەبی شیعە، دەرفەتی بۆ هەر جۆرە خۆگونجاندنێك لەگەڵ راستییەکانی سەردەمو پێکهێنانی رێفۆرم لە پێکهاتەی حکوومەتو یاسای بنەڕەتیی رێژیمدا گرتوەو چووکترین پاشەکشەیەك سەرجەم بنەماو بایەخە ئایینییەکانی رێژیم کە تەنیا رێگەی رزگاریی مرۆڤ لە جێبەجێکردنو سەپاندنی ئەو بنەماو بایەخانەدا دەبینێ، لەرزۆكو بنکۆڵ دەکاو لە کۆتاییدا رووخانی رێژیمو کۆشکی دەسەڵاتی سیاسیی رۆحانییەکانی لێدەکەوێتەوە. هەر بۆیە بە تەواوی پێش بە رەوتی ریفۆرمە دەوڵەتییەکان کە رەوتێکی درۆزنانەو فریودەرانە بوو گیرا، چونکە پاراستنی رێژیم لە بە ئاکام گەیشتنی ئەو رەوتە رواڵەتییەشدا مسۆگەر نەدەبوو.

لە لایەکی دیکەوە رەوتی دێموکراسیخوازی لە نێوخۆی ئێرانو لە ئاستی ناوچەی رۆژهەلاتی ناڤیندا رۆژلەدوای رۆژ گوڕو تین دەستێنێو رێژیمیش کە ناتوانێ خۆی لەگەڵدا رێك بخا، بە ناچاری دەبێ بکەوێتە دژایەتیو راگەیاندنی شەڕ لە دژیو ئەم هەڵوێستەش بە یەکدەست کردنی دەسەڵاتو داسەپاندنی کەشێکی ئەمنییەتی ـ پۆلیسیی توند لەنێوخۆو یارمەتیدانی ئاشکرا بە رێکخراوو گرووپە توندڕەوو شەڕخوازەکان لە ناوچەدا، بەکردەوە بەرێوەدەبا. بەگشتی حکوومەتی "ویلایەتی فەقیه" کە خۆی بە حکوومەتێکی خوداییو هەقیقەتی بێئەملاوئەولا دەزانێ لەگەڵ دێمۆکراسیو بایەخە مرۆڤانییەکانی سەردەم ناتەبایەو بۆ سەپاندنی بنەما ئیدئۆلۆژیکییە ناسەردەمییانەکانی ناچارە رێگەی شەڕو توندوتیژی بگرێتە پێش.

***

**ستراتیژیی ئەمریکا بۆ گۆڕینی رێژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە**

هەڵوێستی روونو لێبڕاوانەی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ گۆڕینی حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەو جێگیرکردنی دێموکراسیو ئاشتیو سەقامگیری لە وڵاتانی دێکتاتۆر لێدراودا، رێبەرانی رێژیمی لەو راستییە تێگەیاندوە کە ئەگەر دەست لە سەردەست دابنێن درەنگ یان زوو دەسەڵاتی سەرەرۆیانەیان دەکەوێتە مەترسییەوەو جێپێیان بە تەواوی لێژ دەبێو چارەنووسیان لە کۆتاییدا باشتر لە رێژیمی بەعس نابێ. هەربۆیە کۆماری ئیسلامی ئەگەر بەپێچەوانەی نێوەرۆکی شەڕخوازانەشی بجوولێتەوە، ناتوانێ خۆی لەو کێشەو قەیرانانەی کە تەنگیان پێی هەڵچنیوە دەربازکاو بە پێچەوانەی ویستی خۆشی بووبێ دەبێ بکەوێتە شەڕ لەگەڵیانداو کەمترین بەختی مانەوەشی تەنیا لەگرتنەبەری شەڕو گرژیو ئاڵۆزکردنی ناوچەدایە. بەوتەی خودی رێبەری رێژیم چووکەترین پاشەکشە، زنجیرە پاشەکشەگەلێکی دواتری بەدوادا دێ.

****

ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لە گرتنەپێشی سیاسەتی شەڕخوازانەدا چەندە ئەگەری سەرکەوتنی هەیە بەستراوەتەوە بە هەڵوێستی خەڵکی ئێران، هەڵوێستی وڵاتانی جیهانو ئەو ئامرازانەی کە رێژیم دەتوانێ لەم پێناوەدا کەڵکیان لێوەربگرێ.

بەشێکی زۆر لەخەڵکی ئێران لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆیان لوابێ دەریان خستوە کە سیستمی "ویلایەتی فەقیه" بە سیستمی دڵخوازی خۆیان نازانن‌و لە رێگەی تەحریم کردنی هەڵبژاردنە فەرمایشییەکانی دەورەی نۆیەمی سەرۆك کۆماریو دەورەی حەوتەمی پارلمانەوە، رەوایی خەڵکیو نێونەتەوەییان لێئەستاندۆتەوەو رێژیم بە داگیرکەری ئازادییە تاکەکەسییەکانیانو تاڵانکەری سامانە سروشتیو مرۆڤانییەکانی خۆیان دەزانن، هەربۆیە ئەستەمە لە هاتنەپێشی هەر ئاڵوگۆڕێکدا پشتگیری لە رێژیمێك کە بەدەستییەوە بارمتەو دیلن، بکەن.

وتە کێشە خولقێنەکانی ئەحمەدینەژاد لەسەر کوشتوبڕی یەهوودییەکانو بەدرۆخستنەوەی ژینۆسایدی یەهوودییەکان لە کارەساتی هۆلۆکاستدا لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیو پێداگریی لەسەر سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەر تۆپی زەویو پشتیوانیی روونو بێپەردەی رێژیم لە رێکخراوو گرووپە تیرۆریستییەکانی ناوچە بۆ دژایەتی لەگەڵ رەوتی ئاشتیو تەناهی بە تایبەت لە فەلەستینو عێراقداو سووربوون لەسەر درێژەدان بە پیتاندنی ئۆرانیۆم، هاوڕاییو هاوهەڵوێستییەکی لە نێوان وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپاو ئەمریکادا بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەم سیاسەتانە پێك هێناوەو بەو شێوەیەی رەوتەکە دەچێتە پێش رۆژ بە رۆژ یەکدەنگیی نێونەتەوەیی لەبەرامبەر رێژیمدا بەهێزتر دەبێ.

ئەو ئامرازانەی کە رێژیم دەتوانێ هیوای سەرکەوتنیان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر جۆرە پێشهاتێك پێببەستێ، کەمنو دەبینین کە رێژیم لە ئاستی جیهانیدا هاوپەیمانو پشتیوانێکی ئێستراتیژیکی ئەوتۆی نیەو هیچ وڵاتێك نایەوێ بەرژەوەندییەکانی خۆی بۆ پشتگیری لە رێژیمێك کەلەگەڵ دنیادا کەوتۆتە شەڕەوە، لە مەترسی بخا.

رێژیم بە پاڵپشتی لە دەوڵەتی رادیکاڵو بناژۆخوازی فەلەستین کە حەماس پێکی هێناوەو پێکهێنانی کۆنفرانسی جۆراوجۆر بۆ پشتیوانی لە قودسو یارمەتیدانی ٥٠ میلیۆن دۆلاریی بە حەماس، دەیەوێ بیروڕای گشتیی خەڵکی وڵاتانی ئیسلامی بۆ پشتگیری لە سیاسەتەکانی راکێشێ، ئەم هەنگاوەش بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەوڵەتانی زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان هەڵوێستەکانی رێژیم بە مەترسی بۆ سەر خۆیانو تەناهیی ناوچە دەزانن‌و سیاسەتەکانیشیان رەنگدانەوەی ویستو ئارەزووەکانی خەڵکەکەیان نیە، سەرکەوتنی ئەستەمە.

بەگشتی تەنیا هێزێك کە رێژیم دەتوانێ هیوای پێی هەبێ، هێزی تیرۆرو رەشەکوژییە. ناونووسی کردنی گوێ لەمستانی رێژیم لە نێوخۆدا بۆ بەرێوەبردنی چالاکیی خۆکوژییو خۆتەقاندنەوەو پشتیوانی لە چالاکییە خۆکوژیو رەشەکوژییەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراقو فەلەستیندا، ئەوە دەسەلمێنن کە رێژیم باشترین رێگەی مانەوەی خۆی لە بەرێوەبردنی چالاکیی تیرۆریستیو ئاڵۆزکردنی ناوچەکەدا دەبینێتەوە.

سووربوونی رێبەرانی رێژیم لەسەر درێژەدان بە سیاسەتە شەڕخوازانەکانیانو جەختکردنەوەیان لەسەر ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەك لە هەڵوێستەکانیاندا پاشەکشە ناکەن، لەسەریەكو پێداگریی رێبەرانی ئەمریکا لە دەست پێڕانەگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکیو ئەوەی کە ئێران لە لایەن ئەمریکاوە بە پشتیوانیی تیرۆریزم لە جیهانداو لەبەرەی تیرۆردا ناودێرکراوە لە سەرێکی دیکەوە، ئەوە دەردەخەن کە رێژیی کۆماری ئیسلامیو دەوڵەتی ئەمریکا لە دوو بەرەی بە تەواوی دژ بە یەکدا بەرەوڕووی یەك وەستاونو بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەر دوو لایەن لەسەر هەڵوێستەکانیان پێداگرنو ئامادەی هیچ جۆرە پاشەکشەیەك نینو هەروەها لە ئەگەری شکستی رێگەچارەی دیپلۆماسی لە کێشەی ناوکیی ئێراندا، رەوتی رووداوەکان بەرەو پێکدادانو هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان رێژیمو ئەمریکادا دەڕۆن.

١ـ ئاینو دەسەلاـ لە پرۆسەی مێژوویی روحانیەتی شیعەدا، نووسینی هاشمی کەریمی

# باسێك سەبارەت بە جوداییخوازیو کوردستان

**بەشی یەکەم**

**کاوە ئاهەنگەری**

**لە فارسییەوە بۆ کوردی: لوقمان**

داخوا لە ئێراندا چ کەسێك هانی جوداییخوازی دەدا؟ یان هەر لە جێدا جوداییخواز لە نێو ئێراندا کێیە؟ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، پێویستە ئاوڕێك لە باری دێموگرافیی ئێران بدەینەوە، تاکوو باشترو روونتر دەردەکەوێ کە لە مەڕ چ کەسێك یان نەتەوەیەك باس دەکەین.

بە سەرنجدان بە واقیعییەتی باری دێمۆکرافیی مێژوویی ئێران، بۆ هەموان روونو ئاشکرایە کە ئێران لە ٦ نەتەوەی سەرەکیی کورد، فارس، عەرەب، بەلووچ، ئازەریو تورکمەنو چەند تیرەیەکی وەك مازنی، گیلەکیو لۆر پێك هاتوەو سەبارەت بەم سێ تیرەیە (مازنی، گیلەکیو لۆر) زانیارییەکی تەواو لە دەست دا نیە، بەڵام مێژوونووسان، کوردەکان، لورەکانو گیلەکەکان دەگەڕێننەوە سەر میدیاکانو لە ئاکامدا لۆرەکانو گیلەکەکان بە بەشێك لە کوردەکان دەزانن.

ئەو چەند دێرە نیشاندەری پێکهاتەی فرەجۆریی ئێرانن، بۆ هەموانیش روونە کە لەو پێناسەیەدا، جیاوازیو فرە رەنگییەك لە فەرهەنگی (بەمانا کۆمەڵناسانەکەی) ئەو نەتەوەو تیرانەدا هەیە. زمانی کوردی لە گەڵ زمانی عەرەبیدا، فارسی لەگەڵ تورکی، بەلووچی لەگەڵ تورکمەنی، جۆری خوراك، جێژنو بۆنە قەومییەکان، رێورەسمی شاییو زەماوەند، ئایینو مەزهەبو ئاووهەواو زۆر تایبەتمەندیی دیکەی لەو بابەتەوە لەنێو فەرهەنگی هەرکام لە نەتەوەکانی ئێراندا هەن، کە بە هیچ جۆرێك ناکرێ ئەو فەرقوجیاوازییانە لەبەر چاو نەگرین.

لێرەدا دەمهەوێ پتر پێ لەسەر بناغەو پایەی فەرهەنگ، واتە "زمان" دابگرمو تیشکی زیاتر بخەمەسەر رۆڵیو نەخشی ئەو فاکتەرە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی ـ مێژوویی ئەو بوونەوەرە بیرمەندە واتە مرۆڤ.

بە بڕوای نووسەر، زمان بەردی بناغەی ژیانە. لە راستیدا پێشکەوتنەکانی مرۆڤ لە رێگای زمانەوە بەدی نەهاتونو مێژووی مرۆڤیش قەرزداری زمانو خەملێنو پەرەسەندنی زمانە. ئەگەر مێژووی مرۆڤ بۆ ساتێك بەبێ زمان بێنینەبەرچاوی خۆمان، ئێمە وەکوو پاشماوەکانی شارستانیەتی چەندهەزار ساڵەی مێژووی مرۆڤ لە کوێی رەوتی رووداوەکاندا دەبووین؟ ئایا ئەگەر زمان نەبوایە بە رادەی ئەمڕۆ پێش دەکەوتین؟ یان لە کام قۆناخی پێشکەوتندا دەبووین؟ بێگومان زۆر لاوازترو دواکەوتووتر لە ئێستا دەبووین. تەواوی دەسکەوتی مێژوویی مرۆڤ (مێژوو، پزیشکی، ئەدەبیات، سەنعەتو تێکنۆلۆژیو. ...)، لە رێگای زمانەوە گوازراونەتەوە. بە واتایەکی دیکە دەکرێ بڵێین کە زمان کاناڵی سەرەکیی پێشکەوتنی مرۆڤایەتییە. بە روون بوونەوەی بایەخی زمان، گرینگیی جیاوازیو ئاڵوگۆڕەکانی زمانیش باشتر روون دەبێتەوە. بە جۆرێك کە هێندێك لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەرچەشنە رووداوێك بەسەر وشەو پەیڤەکانی نەتەوەیەكدابێ، بەسەر فەرهەنگو هزری ئەو نەتەوەیە هاتوە. چونکە بەکاربردنی وشەکان لەسەر بناغەی فەرهەنگەکان، جێگای بەرزی خۆیان دەگرنەوەو دانیشتوانی وڵاتێك لە رەوتی ئاڵوگۆڕی فەرهەنگەکان تێدەگەن. یان بە وتەی "رۆژەلاباتو" گرنگایەتیی شەخس بە زمانەکەیەتیو تاك تەنیا بە زمانەکەیەوە دەناسرێتەوە. مرۆڤ بەبێ زمان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئاژەڵدا نیە.

جیاوازیی نێوان زمانەکان لەنێوخۆی ئێراندا بە ئاسانی دێتەبەرچاو. بەجۆرێك ئەگەر کوردێك بە زمانی کوردی لەگەڵ عەرەبێکی نێوخۆی وڵات یان بە پێچەوانەوەش قسە بکا، هیچیان لەیەکتری تێناگەنو ئەوە لە بارەی زمانەکانی دیکەی ئێرانیشەوە راستەو زمانیش یەکەمین پێوانەو نیشانەی جیاوازیی نەتەوەکانی نێوخۆی ئێرانە.

لە چەند دێڕی سەرەوەدا، زۆر لەسەر فەرهەنگ دواین، بەڵام پێناسەیەکمان بۆی نەکرد، بۆیە پێویستە ئاوڕێك لەو وشەو چەمکە بدەینەوە: وشەی فەرهەنگ پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بەڵام بە روانینێکی گشتی دەتوانین چەند لایەنێکی وەك یەك لە هەموو پێناسەکاندا بدۆزینەوە، کە لە چەمكو وشەگەلێکی وەك ئایین، دابونەریت، خووخدەی قەومی، زانست، سەنعەت، زمان، هونەر، ئەخلاقو تەنانەت لایەنە ماددییەکانی ژیانیشدا دەکرێ، بیاندۆزینەوە. لە پێناسەکردنی فەرهەنگدا لەگەڵ دوو میتۆدی فیکریدا بەرەوروو دەبینەوە. یەکەم میتۆدی فیکریی ئینگلیسیو ئەوی دیکەش میتۆدی ئەڵمانییە. بەڵام بە تێڕوانینی هەموو ئەو پێناسانەی کە کراون، دەکرێ ناوەندێك کە قورسایی بەسەر گشت پێناسەکاندا هەبێو وەدەست بخەین. لەسەر ئەو پایەو ئەساسە دەکرێ، بڵێین کە فەرهەنگ بە تەواوی داراییو سامانی جوغرافیایەکی خاوەن کردەو رەفتارو کەرەسەی هاوبەش دەڵێن کە لەودا بە درێژایی مێژوو پێك هاتونو بوونەتە بەشێك بە خووخدەی دانیشتوانی ئەو سەرزەمینە، بەوپێیە دەتوانین جۆری سازکردنو شێوەی خانووبەرەکانی ناوچەیەك کە جیا لە ناوچەیەکی دیکەیە بە فەرهەنگی خانوو سازکردنو وەستاکاری ئەو ناوچەیەدا بنێین. یان شێوەو جۆری خۆراکی دەستەیەك یان کۆمەڵێك کە لەگەڵ یەکی دیکە جیاوازیی هەیە، بەتایبەت کە ئەو شێوە کردارو رەفتارانەی کە چەندین ساڵو سەدەو هەزارەیە لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکەوە دووپات دەبنەوەو لە ئاکامدا جێگای خۆیان دەکەنەوە. بۆ نموونە خۆرشت (شلە)ی فسنجان لە باکووری ئێران لەگەڵ بەربەسێڵی کوردی کە لە دوو ناوچەی جوغرافیایی جیاواز، سەریان هەڵداوەو لێك جیانو لەبارەی مۆسیقاو.... هەروەها فەرهەنگ خاڵی جیاکەرەوەی نەتەوەو قەومەکان لە یەکترین. ئەوەش سروشتییە کە، ئەگەر روخسارێکی هاوبەشو وێکچوو لە دوو فەرهەنگی نزیك بەیەکتر لە بواری جوغرافیاییەوەو تەنانەت دوور لە یەکتریش وەبەرچاو بکەوێ. بەڕای نووسەر ئەم مەسەلەیە لە رەفتاری وێکچووی مرۆڤەکان لە شێوەی بەربەرەکانێ کردنیان لەگەڵ سروشتداو رووبەرووبوونەوە لەگەڵ ژیانی بە کۆمەڵدا سەرچاوە دەگرێ. بەتایبەت مرۆڤەکان توانیویانە لە ئەزموونی یەکتری لە زەمینەی جۆراوجۆردا، بە هۆی پێوەندی لەگەڵ یەکتری (بەشێوەگەلی جیاواز) کەڵك وەربگرنو لێکتر فێربن. تا ئێرە چەندین جار سەبارەت بە نەتەوە باس کرا. جێگای خۆیەتی بە شێوەیەکی چڕتر باس لەو وشەیە بکەین.

"نەتەوە"ش لە روانگەی بیرمەندانی زانستی کۆمەڵایەتییەوە، بە شێوەگەلی جیاواز پێناسە کراوە. "ئالێن بیرو" بەم جۆرە پێناسەی نەتەوە دەکا: کۆمەڵێك لە مرۆڤەکان کە لە ناوچەیەك، دەژینو سەرچاوەیەکی هاوبەشیان هەیە، لە رۆژگارانی کۆنەوە قازانجو بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبووە، خاوەنی دابونەریتی وەك یەکنو زۆربەیان بەیەك زمان دەدوێنو، یان لە روانگەی لاکروا "J.lacroix" میللەت بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێك کە سەرچاوەی هاوبەشی نەریتی، کەلتووریو بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی خۆیان دەناسن.

"رایت Q.wrigth " دەنوسێ: وەشەگەلێکی وەك نەتەوە، دەوڵەت، حکوومەتو خەڵك زۆرجار بە جێگەی یەکتری بەکار دێن! بەڵام هەریەك مانای تایبەت بە خۆیان هەیە. وشەی میللەت، بە واتای کۆمەڵە خەڵکێك کە یەکیەتییەکیان لە بواری فەرهەنگ، بایەخەکان، پێوانەکان، ئاواتە سیاسییەکانو خاکی هاوبەشیان لەنێودا هەبێ. بارکر "E.barker" لەو پێوەندییەدا دەڵێ: نەتەوە یەك یەکی کەسانێك دەگرێتەوە کە لەسەر خاکێکی دیاریکراو دەژینو لە سەرچاوەو هزرو هەستی مێژوویی‌دا شەریكو هاوبەشن.

گولد "Gould" میللەتێك دەتوانێ بە واتای مێژوویی، کۆمەڵایەتیو پێکهاتەیەکی فەرهەنگی لە دایك بێ؟ بەبێ ئەوەی کە خودموختاریی سیاسیو حکوومەتیشی هەبێ. ئیمێرسون "R.Emerson" دوای توێژینەوەیەکی زۆر لەسەر بە نەتەوە دەنووسێ: نەتەوە بریتییە لەو خەڵکانەی کە بۆخۆیان هەست بکەن کە نەتەوەیەکن. ئێستا ئەگەر ئەو پارامێترو پێناسانەی سەرەوە وەك بنەمای قەزاوەتی خۆمان سەبارەت بە میللەت بوونو نەبوون، یان بە میللەت زانین یان نەزانین دابنێین، ئاسانتر دەتوانین لە مەڕ پێکهاتە فەرهەنگییەکانی ئێران لە ئێستاو تەنانەت رابردووی دووریشدا قسە بکەین. بە پێی ئەو پێناسانەی سەرەوە ئەمن (نووسەر) هەرکام لە کوردەکان، فارسەکان، ئازەرییەکان، عەرەبەکان، بەلووچەکانو تورکمەنەکان، وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ لە بواری فەرهەنگی جیاواز چاو لێدەکەم. هەرچەند بە زۆرەملی یان بە ویستی خۆیان بە یەکەوە لە نێو سنوورێکی (سیاسی)دا ژیابن، یان بژین.

**"هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئیدئۆلۆژیی سیاسی...."**

ئەمڕۆ بە خۆشحاڵییەوە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون، جێگایەکی پەسندی لە نێو قەڵەم بەدەستانو زانستخوازاندا پەیدا کردوە. هەربۆیە دەکرێ بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە لەو زەمینەیەدا خەریکی توێژینەوە بین. هەنووکە باوی تەکدەنگی یان سەپاندنی هێژموونیی بیر لە جیهاندا نەماوەو بەو مانایەش نا کە ئیدی ئەو چەشنە کەلتووورە بە تەواوی لەبەین چووە، بەڵکوو بەو مانایە کە هزرە خۆسەپێنو پاوانخوازەکان کە تەنیا بیر لە خۆیان دەکەنەوەو بوونی خۆیان لەسەر ئەساسی نەفیکردنەوەی بەرانبەر دەبینن‌و، توانایی قبوولکردنی کەسانێکی دیکەیان نیە، مەودایەکیان بۆ مانەوە لە مەیداندا نەماوە. لەوەش روونتر ئەوەیە کە ئیدی دەورانی مرۆڤی تەك رەهەندیو هزرو ئەندیشەی تەسکبین بەسەر چووە. ئێستا بیروبۆچوونی رەها جێگای خۆی داوەتە بیروئەندیشەیەکی ئاوەڵاترو پلورالیزمی فیکری. هەرچەندە وڵاتانی دواکەوتوو بە نیسبەت وڵاتانی پێشکەوتوو، چەندقات لە دوایەن، بەڵام ئەمڕۆکە لە وڵاتێکی وەك ئێرانیشدا جگە لە تاقمی پاوانخواز کە هەڵگری ئیدئۆلۆژیی مەزهەبییەو، دەستەیەکی تایبەتو دیاریکراون، ئەو بەشەی کە ئەهلی قەڵەمن لانیکەمی پلورالیزمی فیکریو سیاسییان قەبووڵە. لە بواری سەرهەڵدانو وەدیهاتنی ئیدئۆلۆژیو خەتی سیاسیی دیاریکراو، لە کوردستاندا، دەبێ کوردستان لەنێو هەلومەرجو فەزای تایبەت بەخۆیدا بە وردبینی لێی بکۆڵرێتەوە. سەرچاوەی بەدیهاتن، چەکەرە کردن، زاوزێ، سەرهەڵدانوگەشەکردنی ئیدئۆلۆژیی سیاسیی تایبەت لە کوردستانداو، هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو (ئابووری، سیاسی، پەروەردەو فێرکردنو حەشیمەتو...) جوغرافیاییو.... کۆمەڵگا بکەوینە پێوشوێنیو، کۆی ئەوانە لە وێناکردنی کۆمەڵدا چ هەستو چ نەستی مرۆڤ پێدا بچینەوە. چونکە ئیدئۆلۆژییە سیاسییەکان دەگەڵ کاروباری دەروونیو فەرهەنگیی کۆمەڵگادا، پێوەندیی نزیکیان هەیە. بە واتایەکی دیکە هەلومەرجی ئابووری، فەرهەنگی، بیروباوەڕی، سیاسی، مێژووییو هتدن کە دەبنە زەمینەخۆشکەری سەرهەڵدانو بڵاوبوونەوەو قبووڵکردنی ئیدئۆلۆژییەکان، یان بە پێچەوانەوە، پێش بەسەرهەڵدانو بڵاوبوونەوەو، قبووڵکردنی گشتی دەگرن.

---

# تیرۆریستەکان لە بەرگی ئۆگرانی فووتباڵدا

**مورتەزا رەئیسی**

**و: شەفیع رەوشەنی**




بەشداریی ئێران لە جامی جیهانیی فووتباڵدا، بازاڕی شكو گومانو نیگەرانیی ئەمنییەتیی لە ئاڵماندا گەرم کردوە.

ماوەیەك لەمەوبەر رۆژنامەکانی ئاڵمان لەلایەكو لە لایەکی دیکەشەوە هێندێك لە دەسەڵاتداران، نیگەرانیی خۆیان لەوە دەربڕیوە کە بەشداریی ئێران لە کێبەرکێیەکانی جامی جیهانیدا، دەتوانێ هۆکارێکی گرنگ بێ بۆ پێکهێنانی ئاژاوە لە نەزمو دیسیپلینی کێبەرکێیەکانو تەنانەت هۆکارێك بێ کە مەترسیی ئەمنییەتیی هەیە.

پلانو بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە توند کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆی ئێرانییەکانەوە بگرە، تا نەدانی ویزاو لانیکەم سنووردانان بۆ ویزای سەردانی ئێرانییەکان بۆ ئاڵمان، لە کاتی بەڕێوەچوونی بازییەکاندا، لەبەرچاو گیراوە.

بڵاوکردنەوەی کاریکاتۆرێك لە رۆژنامەیەکی بێرلینیدا کە تیمی میلیی ئێرانی لە هەیئەتێکی تیرۆریستیدا نیشان دابوو،و لە بەرامبەردا هەڕەشەی ئێرانییەکان، بە نۆبەی خۆی نیگەرانیی کۆمەڵگای ئاڵمانی، زیاتر کردوە. هەرچەند کە کاریکاتۆریستەکە رایگەیاندبوو کە ئامانجی ئەو رەخنەگرتن لە دەسەڵاتدارانی ئاڵمانی بووە کە لەوانەیە بیانهەوێ بۆ پاراستنی ئەمنییەتی یارییەکان لە ئەرتەش کەڵك وەرگرن، بەجۆرێك کە وەرشوانانیش وەك تیرۆریست چاو لێ دەکەن. بەداخەوە دەسەڵاتدارانو وەرزشدۆستانی ئێرانییش تێگەیشتنێکی هەڵەیان لە نێوەرۆکی کاریکاتۆرەکە هەبوو.

ئێستا کە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکان نزیك دەبێتەوە، پڕتیراژترین رۆژنامەی ئاڵمانی، بەناوی "بیلد"، لە ژمارەی رۆژی دووشەممەی خۆیدا (٢٤ی ئاوریل) دەنووسێ: "بە قسەی سیاسەتوانانی حیزبەکانی دێموکرات مەسیحیو سوسیال مەسیحی (ئانگێلا مێرکێل راوێژکاری ئاڵمان، رێبەری حیزبی دێموکرات مەسیحییەو حیزبی سوسیال مەسیحی بە رێبەریی ئێدموند ئیشتۆیبێریش دەستەخۆشکی ئەم حیزبەیە) لەمەڕ کەڵك وەرگرتنی ئێران لەم هەلەی جامی جیهانیی تۆپی پێ بۆ بەڕێوەبردنی کردەوەی تیرۆریستی، هۆشدارییان داوە.

ئەم رۆژنامەیە دەنووسێ: لەوانەیە ئێران لە هەوڵی ئەوەدا بێ کە تیرۆریستە خۆکوژەکانو تیرۆریستە "شاراوەکان" لە جلوبەرگی ئۆگرانی تۆپی پێدا بەرێ بکاو، نوێنەرانی حیزبە مەسیحییەکان لەم بارەوە نیگەرانن.

رۆژنامەی "بیلد" دەنووسێ: "هەر لەم چەند رۆژەی رابردوودا، ئەحمەدینەژاد، سەرکۆماری ئێران، بە هەڕەشەی ئەنجامدانی هێرشی خۆکوژیی تازە، ئیددیعا دەکا کە ٤٠ هەزار کەس دڵخوازانە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی خۆکوژی راهێنراون."

**گۆڕینەوەی زانیاریی ئەمنییەتی**

لە پەنای بڵاوبوونەوەی ئەمجۆرە راپۆرتانەدا، کاربەدەستانی ئاسایشی ئاڵمان دەڵێن کە ئەم مەسەلەیە زۆریش جێی نیگەرانی نیە.

لە نیوەی یەکەمی مانگی ئاوریلدا "ئۆگوست هانینگ"، جێگری وەزارەتی ناوخۆ، کە بەسەر کاروباری رێکخراوە ئەمنییەتییەکاندا رادەگا، سەردانی ئێرانی کردو دوای وتووێژ لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی، راپۆرتەکەی داوەتەوە بە دەوڵەتی ئاڵمان.

لەم سەردانەیدا لایەنی دیکەی مەسەلەکە جێگای سەرنج بوو کە بە پێچەوانەی راپۆرتی رۆژنامەکانی ئاڵمانیو هێندێك لە بەرپرسە سیاسیو حیزبییەکانی ئەم وڵاتە، کە نیگەرانی کردەوەی تیرۆریستی لە لایەن ئێرانەوەن، کۆماری ئیسلامی، خۆی نیگەرانی دابینبوونی ئاسایشی تیمی میلیی وڵاتەکەیەتی!!

کۆڕو کۆمەڵە ئێرانییەکان پەرۆشی ئەوەن کە "رێکخراوی موجاهێدینی خەڵق" کە بە پێی راپۆرتی رۆژنامەکانی ئاڵمان لەم وڵاتەدا نفووزیان زۆرە، هێرش بکەنە سەر تیمی ئێران.

بە پێی راپۆرتی حەوتەنامەی "فوکوس" وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی ئاڵمان وێڕای ئاماژە بە سەردانی ئاغای هانینگ بۆ تاران، ئەم بڵاوکراوەیەی دڵنیا کردۆتەوە کە رێکخراوە ئەمنییەتییەکانی ئاڵمان لەبارەی بەرهەڵستکارانی دەوڵەتی ئێرانەوە، زانیاری نادەن بە بەرپرسانی ئێرانی. ئەمە لە حاڵێك دایە کە رێکخراوی موجاهێدینی خەڵق دەڵێ، رێکخراوە ئەمنییەتییەکانی ئاڵمان لەبارەی بەرهەڵستکارانی ئێرانەوە زانیارییەکانیان ئاڵوگۆڕ پێ دەکەن.

دیارە وەزارەتی ناوخۆی ئاڵمان ئەوە پشت راست دەکاتەوە کە لە سەردانی "ئۆگوست هانینگ"دا بۆ تاران، هێندێ زانیاری لەم بارەیەوە ئاڵوگۆڕ کراون، بەڵام ئەو زانیارییانە، زانیاریی تایبەتی نین.

هۆکارێکی دیکە کە بۆتە مایەی نیگەرانیی ئاڵمان، ئیحتماڵی دیداری کتوپڕی ئەحمەدینەژاد لە یارییەکانە.

لەم بارەوە ولفگانگ شویبلە، وەزیری ناوخۆ ئاڵمان گوتویەتی: "لە ئەسڵدا ئەحمەدینەژادیش وەك رێبەرانی وڵاتانی دیکە دەتوانێ بەشداری لە دیتنی یارییەکاندا بکاو، هەڵبەت ئەم دیدارە سانا نیەو تیمی ئێرانیش لە رووی ئەمنییەتییەوە منداڵێکە کە مایەی نیگەرانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "BBC"

# تەوەرێك لە سەر تیرۆریزم

**هوشیار ئەحمەدی**
hoshearahmady@yahoo.com

**تیرۆریزمی نێودەوڵەتی تیرۆریزمی ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتدار**

ئەو فەندەمێنتالیزمەی کە ئەمڕۆ خەریکی پتەوکردنی بنجو بنەوانی دەسەڵاتی خۆیەتی، ئەو فەندەمێنتالیزمەی کە لە هەوڵی خۆگەشاندنەوەو خۆبەهێز کردن دایەو ئەو فەندەمێنتالیزمە تەنانەت فەندەمنتاڵەکانی دیکە لێ‌دەترسن دەستیان گەیشتوە بە ئامرازو کەرەستەی مۆدێڕن، یان بە واتایەکی دیکە دەتوانین بێژین، ئەم قۆناخەی فەندەمێنتالیزم بە گشتیو فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی بە تایبەتی، بەرهەمەکانی دنیای پیشەسازیو سەردەمی مۆدێڕنیان خستۆتە خزمەتو ترسو دڵەراوکێیان لە ئەنتی‌تیرۆری دنیای مۆدێڕن نیە، لە لایەکی دیکەشەوە، بڵاوبوونەوەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیو کردەوە تیرۆریستییەکانی لە سووچاوسووچی جیهان دا، مەشرووعییەتی بە پلانی ئەنتی‌تیرۆری جیهانی بە پێشڕەوایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان داوە، بەو کردەوانەی کە فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی بە شێوەیەکی پرژوبڵاو ئەنجامیان دەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ بوونی لە هەر جێگایەك دا مەشرووعیەتی وەدەست هێناوە.

بە بوونی ئەو شێوە حوزوورەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە جیهان دا بە گشتیو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بە تایبەتی، ڕۆژئاواو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا ناچار بوون جارێکی دیکە بەهاوکێشە سیاسییەکان دا بچنەوە. ئەو هاوکێشە سیاسییانەی کە لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیخوازی دامەزرا بوونو چەندین هێزو لایەن، بزووتنەوەو خەباتی ڕەوای نەتەوەییو کەمینەیی‌یان کردبووە گەرووی دێوی بەرژەوەندیخوازی‌داو لە سووچاوسووچی جیهان دا خەبات لە پێناو ئاشتی، ئازادیو دێموکراسییان لە ئامێزی تیرۆریزمدا کرد بە قوربانیی بەرژەوەندی خۆیان، بێ‌ئاگا لەوەی ئەو ماددەی کە لەباخەڵی خۆیانە پەروەردەیان کردوە، ئەمڕۆ ئەو حەزیا نادیارەی تیرۆریزمە کە لە شەقامەکانی نیویورك دا مۆتەکەی مەرگ دەخولقێنێ، ئەوەش وتمان ناتوانێ بە تەنیا بێ، چونکی پێکهاتەیەك وەکوو گرووپێکی تیرۆریستی بە هەر پێوەرێك هەڵسەنگێنین وزەو پۆتانسیەلی بەڕێوەبردنی پلانو بەرنامەی دژە ئاسایشیی گەورەو بەربڵاوی نیە، دیسان پرسیار دەورووژێو رادەمێنن، وەڵامەکەشی روانگەی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام یەکێ لە روانگەکان تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەر وەك ئاماژەمان پێکرد لە سەردەمی ئینفۆرماتیك دا. ئیدی بە تەواوی جیهان بە دوو بەش دابەشکراوە، باشوور، باکوور، کە باشوور وڵاتانی قارەی ئاسیاو ئافریقاو باکووریش وڵاتانی ئورووپاییو بەشێك لە وڵاتانی ئامریکاییو ویلایەتەیەکگرتووەکان لەخۆ دەگرێ.

داگیرکردنی
باڵوێزخانەی هەر
وڵاتێك بە مانای
بەزاندنی سنووری
داگیرکردنی خاکی
ئەو وڵاتەیە، کەچی
کۆماری ئیسلامی وەك
یاسایەکی تایبەتی
خۆی هێرشی کردە
سەر باڵوێزخانەی
ویلایەتە
یەکگرتووەکان

یان بە دابەشکردنی سەردەمی شەڕی سارد، ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاووا، کە ڕۆژهەڵات خاوەن شارستانییەتێکی جیاواز لە شارستانیەتی ڕۆژئاواو بووەو هەیە، لەو نێوەش دا بەرگری لە شارستانییەتو مەزنایەتیی کولتووری ڕۆژهەلاتی بۆتە دروشمی درێژەدان بە کونترۆڵ کردنی دەسەڵات لە لایەن ئیدئۆلۆژییە فەندەمنتاڵەکانەوە، کەشو هەوای ژیان لەژێر دەسەڵاتی فەندەمێنتالیزم داو تاکەکانی کۆمەڵگاش بە گشتی لە زۆربەی فاکتەرەکانی پێکهاتنی ڕۆشنبیری بێبەش دەکا، کەوابوو دەسەڵات (بیەوێ یان نەیەوێ) بە چەکی ئیدئۆلۆژیکی خۆی، کۆمەڵگا تەیار دەکا، ئەوەش راستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کۆمەڵگایەکی وەکوو ئەفغانستان کە بە دەیان ساڵە بۆتە مەیدانی شەر، دەمێکە بۆتە بەشێك لە مەیدانی پێکدادانی بەرەی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو دەمێکە مەیدانی رمبازێنی باندو گرووپە مافیایی‌یە جیهانییەکانە، دەبێ ببێتە ئاخێزگەی بناژۆو فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیو لە ئاکام دا حکوومەتو دەسەڵاتێکی کۆنزرڤات ببێتە حاکمو نە تەنیا ببێتە ژێئۆپولێتیکێکی تیرۆریستی، بەڵکوو دەکرێ ببێتە فێرگەو مۆڵگەیەکی بەهێزو ناوەندێکی جیهانی بۆ تیرۆریزمیش. یان کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەمێکە نازناوی وڵاتانی سەر بە "تەوەری شەڕو ئاژاوەگێڕی"ی پێ‌بڕاوە. ڕێژیمێك نیازپاکیو راست بێژیی لێ‌دەبارێ!! ئەوەش راستییەکی حاشاهەڵنەگرە، واتە هەر لە سەرەتای پێ‌گرتنیەوە خۆی وەکوو غوولی تیرۆر ناساندو ئەودەم بەوێنەی ژاکۆبیسمەکان پێ دادەگرت کە پێ‌بێژن، بانکی نێودەوڵەتی تیرۆریزمی جیهانی، واتە ئەو نازناوە واقیعییەی کە وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا کوندالیزاڕایس لەسەری دانا، بەڵام بۆ راگرتنی باڵانسی سیاسی ناچار بە چاوپۆشی لەو دێوزمە پڕمەترسییەی کردن.

هەمووان دەزانین کە داگیرکردنی باڵوێزخانەی هەر وڵاتێك بە مانای بەزاندنی سنووری داگیرکردنی خاکی ئەو وڵاتەیە، کەچی کۆماری ئیسلامی وەك یاسایەکی تایبەتی خۆی هێرشی کردە سەر باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانو بۆ ماوەی زیاتر لە چوارسەد ڕۆژ، کاربەدەستانی ئەو باڵوێزخانەیەی لە بەندیخانە هێشتنەوەو زۆر بە شانازیشەوە پڕوپاگەندەی بۆ دەکردوو وەك بایەخێکی حکوومەتیو وەکوو دەسکەوتێکی سیاسی - مەزهەبی لەقەڵەم دەدا، زمانی مەنتیقی ئیدئۆلۆگەکانی ئەو نیزامە، چەکی ئیدئۆلۆژییەکەیان واتە تیرۆریزم بوو، زمانی ئیقناعیشیان، هەڵوێستی تیرۆریستانەیە، زمانی پرۆگرامی پەروەردەو فێرکردنیشیان ئامرازی تیرۆرە، روانگەو بۆچوونەکانیشیان



تیرۆریزە کراوە، هەڵوێستەکانیشیان چ لە ئاستی دەوڵەتی‌دا، چ لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا لە زمانی تیرۆر زیاتر نین، بۆ وێنە تراژدیی فەتوای "جیهاد" لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە دژ بە کورد، پێناسەی تیرۆرمان کرد بە پێ‌فاکتەرەکانی ناسینی چوارچێوەی تیرۆرو کردەوەی تیرۆریستی، قەتڵو کوشتاری خەڵکی مەدەنیو هێرشی نیزامی لە ئاستی ئەرتەشو هێزی ئاسمانی‌داو کوشتاری دەیان هەزار پیرو لاوو منداڵ، ئێعدامی هەزاران کەس بە تاوانی ئەویتربوونو خەبات بۆ ئاشتی، ئاسایشو پێکەوەژیان، لەناوبردنو وێران کردنی چەندین گوندو ژینۆسایدی خەڵکی گوندگەلێك وەکوو "قاڕنێ"و "قەڵاتان" دەچنە خانەی تیرۆریزمەوە.

**تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و جیهانی تیرۆریزمی ئیدئۆلۆژی دەسەڵاتدار بە ئامرازی مودێرنەوە**

"قاڕنێ و قەڵاتان"مان وەك دوو نموونەی زیندوی ژاکۆبیزمی دەسەڵاتداری فەندەمینتالیزم لە کۆماری ئیسلامی‌دا هێنایەوە، "قاڕنێ و قەڵاتان" بەپێی پێناسەکانی تیرۆر دوو جینایەتی زیندوون کە ئێستاش خاکەکەی دارستانەکانی، خەڵکەکەی ڕەنگ و بۆنی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەیان پێوە دیارە، یەکێك لەو مرۆڤ کوژییە بێ وێنانەی کە بە ناساندنی بی‌وڕای جیهانی دەکرا هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، نێوەڕۆکی بۆ دنیا ڕوون بکرابایەوە. بەڵام ئەوەش دیسان سەنگ و هێزی نێودەوڵەتی پێویستە، تراژیدیی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لەوێوە وەکوو ئیستراتژیەکی نێودەوڵەتی و تەنانەت جیهانیش خۆی ڕێك خست. ستراتژییەك کە ئامانجەکەی پێکهێنانی جیهانێکی ئیسلامی و شیعەی دوازدە ئیمامی بوو، وەکوو سەرەتای بناخەکانی ڕێژیمی پاشایەتی تێکدرا، حکوومەتێك بونیاد نرا بە میکانیزمێکی بەتەواوی نەناسراو بۆ جیهان، حکوومەتێکی پڕ نهێنی، بەو مانا کە لەگەڵ هیچکام لەو نیزامە پەیڕەوکراوە نێودەوڵەتییەکان دا یەك ناگرێتەوە، دەسەڵاتی پڕ لە شەکو گومانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دەسەڵاتدارێتییەوە وەك یاغییەکی لەخۆبایی دروشمی بەشیعە کردنی جیهانی هەڵگرت. یەکەم هەنگاوی مەبەستە ئیدئۆلۆژییەکەی بە ئازاد کردنی قودس لەدەست سەهیونیزم دەستی پێکرد. دیارە ئەوەش کاری بۆ کرابوو، کاری تیۆری. خەڵکێکی ڕاپەریوی تامەزرۆی ئازادی، خەڵکێکی مەزهەبی کە تا سەر ئێسقان هەستی مەزهەبی کاری تێ کردبوون، باشترین بواربوون بۆ پتەوکردنی بنج و بنەوانی دەسەڵاتێکی رادیکالی ئیسلامی، هەوڵی پراکتیزەکردنی ئیدەکانی دا، ڕێگای بۆ پەرەپێدانی تیرۆریزمی جیهانی و نێودەوڵەتی لە عێراقەوە هەڵ بژاردبوو، واتە کەربەلا ڕێگای دڵخوازی ئەوان بوو، ئەو شەپۆلە لێڵاو لافاوەیە کە ه یچ پرنسیپ و پرستیژێکی دنیای هاوچەرخی تێدا بەدی نەدەکرا، بەڵام پێشتر، واتە لە بابەتەکانی پێشوودا باسمان کرد کە تیرۆریزم بۆ پێکانی مەبەستەکانی لەبواری دۆگم و چەقبەستوویی ئیدئۆلۆژیك کەڵك وەردەگرێ و ڕێبەرانی حیزب و لایەن و بیرێکی ئیدئۆلۆژیکیش بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان پێویستیان بە میکانیزمگەلێکی توندوتیژ وەك تیرۆریزم هەیە، کەوابوو تیرۆریزم بۆ گەیشتن بە ئامانج لای کۆماری ئیسلامی ئەسڵێکی سیاسییە کە وەك بایەخ و دەسکەوتێکی شوڕشی ئیسلامی دەبێ پەیڕەو بکرێ و بپارێزرێ، بۆیە، بەشێك لە پرۆگرامی دەزگای ڕاگەیاندن ڕۆژانە بە فەرمی پروپاگەندە بۆ تیرۆر دەکا. لە قوتابخانەکان وەك ناوەندی پەروەردەیی بیری کۆمەڵگا و بناغەدانانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری، ئابووریو...، بە شێوەیەکی تیۆریك تیرۆریزە کراوە، لەئاستی سەرەوەش دا، لە قوناغەکانی دیکەی پەروەردەیی‌دا هەوڵ دەدەن کەسایەتییەکی بەتەواوی ئیدئۆلۆژیك و مۆنۆپۆل کراو بەرهەم بێنن کە بتوانێ لەبەرامبەر تێزەکانی "کۆتایی مێژووی" فرانسیس فۆکۆ یاما و"پێکدادانی شارستانی"یەکانی ساموئێل هانتینگتن و...،دا ئەنتی تێزی هاوشێوەیان هەبێ؟! بۆ ئەو مەبەستەش، خوێندکارانی شوێن کەوتووی ڕێبازی ئیمام کە حەرێمی باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایان بە پێچەوانەی تەواوی یاسا جیهانییەکان بەزاند، وتاربێژانی ئەمرۆی زانکۆکان و هێمای ڕووناکبیری ئیسلامی فەندەمنتاڵ و "ئەنتی تێز داڕێژانی" ئەمرۆی سیاسەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و جیهانیی کۆماری ئیسلامین. ئەم ئەنتی تێزانەش دنیا و بایەخەکانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی فەندەمنتاڵەوە دەکاتە دوو بەش، دنیای ئیسلام و غەیری ئیسلام. واتە ئەوەی بەتەواوی کۆماری ئیسلامی سیاسەتەکانی لەسەر داڕشتوە و ئیددیعای ڕێبەرایەتیی دەکا، لەو پەیوەندییەدا دورکهایم بە شێوەیەکی گشتیتر پێی وایە. خەسڵەتێکی هەرە جیاکەرەوەی ئایین بریتی‌یە لە دابەشکردنی جیهان بەسەر دوو مەملەکەتدا کە ناکۆکن لە گەوهەردا، یەکەمیان پێکهاتوە لە سەرجەم ئەوانەی کە پیرۆزن و ئەوی دیکەش پێکهاتوون لە سەرجەم ئەوانەی کە ناپیرۆزن "ناپاك یان قیزەون"، ئەو ئەنتی تێزانەش کە بە دەیان هەزار کەس بەتەنیا لە ئێراندا بەسیج دەکا بۆ کردەوەی خۆکوژی یان بە وتەی ئەوان "عملیات استشهادی" ڕاستەوڕاست بەرهەمی ئەو بیرەیە، ئەو بیرەی کە لە خوێندگا و زانکۆکان دا هێزی کردەوەی خۆکوژی ڕێك دەخا، واتە بە ڕاشکاوی رایدەگەیەنێ کە ئێمە ئامادەی تیرۆرزەکردنی جیهانین، ئەوەش لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ داخوا سەرچاوەکە لە نەزانیی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوەیە؟ یان بەڕاستی پاڵپشتێکی ئیدەیی و هێز و توانایەکی باوەڕپێکراوی هەیە؟ هەروا کە باسمان کرد، جیهان بە کردەکی بەسەر دوو جەمسەردا دابەش بوو، ویلایەتی یەکگرتوەکانی ئەمریکا سەردەمداری بەرەی دژەتیرۆری گرتە ئەستۆ و کۆماری ئیسلامیش ناراستەوخۆ بوو بە سوکانداری بەرەی تیرۆر، شایانی باسە کە ئەوە شتێکی تازە نیە، بەڵکوو لە چەند دەهەی رابردوودا بەردەوام ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەلایەك فێرگەی مەکتەبی و نیزامی و لەلایەکی دیکە جێگای حەوانەوە و خۆ حەشاردان و خۆ بەهێز کردنەوی گرووپ و لایەن و حیزبە تیرۆریستییەکان بووە.

وەکی دیکە کۆماری ئیسلامی باوکی مەشرووعی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و جیهانییە، تیرۆریزمی ئیسلامیش واتە ئەو تیرۆریزمەی کە شێوازێکی جیهانیی بەخۆیەوە گرتوە، کوڕی مەشرووعی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی و دەسەڵاتدارەکانی واتە توێژی ئاخوندەکانی ئێرانە، ئەوەش گوتمان راستیی ئەم قسەیەش بەوە پشت راست دەبێتەوە کە کوندالیزرایس حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە بانکی نێونەتەوەیی تیرۆریزمی جیهانی ناودێر کرد، جێی ئاماژەپێدانە ئەو دەوڵەتانە کەمن کە بە ئاشکرا پشتیوانی لە تیرۆری نێودەوڵەتی و جیهانی دەکەن، بەڵام وەو گرووپ و لایەنانەی کە پەرە بەو شێوازانەی تیرۆر دەدەن ڕەنگە بە ئاسانی لە ژماردن نەیەن، بەڵام گرنگتر لە هەمووان ئەوەیە کە کام گرووپ، رۆژئاوا و جیهانی پێشکەوتووی هێنایە سەر ئەم قەناعەەی کە دەبێ ئیعتراف بە تیرۆریزمی جیهانی بکەن و وەك دێوەزمەیەك پێشانی جیهانی بدەن. لە ٧ی ئووتی ١٩٩٨ دوو ماشێنی مینرێژکراو و پاش ڕەدبوون لە پێش باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە کینیا و تانزانیا دا تەقینەوە و پتر لە ٢٥٠ کوژراو و ٥٥٠٠ بریندراری لێ کەوتەوە پاش لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکان، قامکەکان بەرەو گرووپی ئەلقاعیدە و ڕێبەرەکەی ئوسامە بن لادن راکێشران، پاش ماوەیەکی دیکە هێزەکانی ئەمریکا بە تۆڵەی ئەو کارەساتەیان مەقەڕ و بنکەکانی ئەم گرووپەیان لە ئەفغانستان دایە بەر مووشەك کە مقەڕەکان بریتی بوون لە کەمپێکی ئامووزشی، ناوەندێکی فەرماندهی و چوار ناوەندی ئامووزشی و ئەنبارێکی تەقەمەنی و...، لەم کەمپەدا ئەندامانی گرووپی ناوبراو هەموو چەشنە ئامووزشێکی تیرۆریستی دەدران، بە واتایەکی دیکە، ئەو ئوردوگایە گەورەترین فێرگەی تیرۆریستییە لە دنیادا کە لە ئیمکاناتی مۆدێرنی سەردەم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کەڵکیان وەردەگرت و هاوکات لە چەندین وڵاتی وەکو ئەفغانستان، سودان، کنیا و تانزانیا، عەرەبستان سعودی، پاکستان، یەمەن، سومالی، میسر، بریتانیا و...دا بنکە و چالاکیی تیرۆریستیان هەبووە و لە سەرانسەری جیهانیشدا ئەندامگیرییان کردوە و خۆیان ڕێك خستوە و چالاکیی تیرۆریستیشیان بەڕێوە بردوە.

**وەکی دیکە کۆماری ئیسلامی باوکی مەشرووعی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و جیهانییە، تیرۆریزمی ئیسلامیش واتە ئەو تیرۆریزمەی کە شێوازێکی جیهانیی بەخۆیەوە گرتوە، کوڕی مەشرووعی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی و دەسەڵاتدارەکانی واتە توێژی ئاخوندەکانی ئێرانە، ئەوەش گوتمان راستیی ئەم قسەیەش بەوە پشت راست دەبێتەوە کە کوندالیزرایس حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە بانکی نێونەتەوەیی تیرۆریزمی جیهانی ناودێر کردن،**

# سیمیناری "کودیتایەك لە ژێر ناوی شۆڕشی فەرهەنگیدا"

ڕۆژی شەممە ٢ی بانەمەڕی ٨٥ کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ سیمیناری "کودیتایەك لە ژێر ناوی شۆڕشی فەرهەنگیدا" لە لایەن یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە بۆنەی ساڵڕۆژی کودیتای فەرهەنگی، کە بوو بە هۆی داخستنی زاستگاکانی ئێران بۆ ماوەی سێ ساڵ، بەڕێوە چوو. لەو سیمینارەدا تیشك خرایە سەر بنەما فیکریو کاریگەرییەکانی ئەو کودیتایە لە سەر بزووتنەوەی خوێندکاریو هەروەها کۆمەڵگای ئێران بەگشتی. پێویست بە ئاماژەیە کە خوێندکاران لە زانستگاکانی سلێمانی، کۆیەو هەولێر و هەروەها ژمارەیەك لە مامۆستایانی زانستگاکان لەو سیمینارەدا بەشدار بوون.

سیمینارەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان کاك عیرفان ڕەهنموون ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکیەتیی خوێندکاران بۆ بەخێر هاتن لە میوانەکانو کردنەوەی سیمینارەکە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. پاشان کاك کەریم پەرویزی سکرتێری یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتارێکی لە ژێر ناوی "بنەما فیکرییەکانی کودیتای فەرهەنگیی ٥٩" پێشکەش کرد کە لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە چۆنیەتیی پێك هاتنی "ستادی شۆڕشی فەرهەنگی" کردو تیشکی خستە سەر چالاکیو کارەکانی ئەو ستادە کە بریتی بوون لە

١- پەروەردەکردنی مامۆستاو گوزینشی کەسانی لێهاتوو و شایانی دەرس وتنەوە لە زانستگادا

٢- گوزینشی خوێندکار

٣- ئیسلامیکردنی کەشو هەوای زانستگاو ئاڵوگۆڕی بەرنامە فێرکارییەکانی زانستگا

کاك کەریم چواتر ئاماژەی بە چۆنیەتیی سەرکوتی خوێندکارانو داخستنی زانستگاکان کردو چەندین نموونەی هێنایەوە کە لەوانە زانستگای ئەهواز بوو کە لە وتارەکەیدا هاتبوو کە چەند کەس لە زانستگای ئەهواز کوژرانو نزیکەی هەزار کەسیش بریندار بوون کە حیزبوڵڵای ئەهواز تەرمی کوژراوەکان دەخاتە نێو چۆمی کاروون، چەند کەسیش لە خوێندکارە دەستگیرکراوەکان ئیعدام دەکا. لە درێژەی باسەکەیدا بە دو تەوەری سەرەکیی ئەو فیکرەی کە لە پشتی داخستنی زانستگاکانەوە بوو ئاماژەی کرد کە بریتی بوون لە ١ـ پاوانخوازیو توتالیتاریزمی ڕژێمی خومەینی

٢ـ دژایەتیی بیری ڕێژیم لەگەڵ مۆدێرنیزم دا

لە درێژەی سیمینارەکەدا وتاری "کاریکەرییەکانی کودیتای فەرهەنگی لە سەر جووڵانەوەی خوێندکاریی ئێران" لە لایەن موحەممەد جەمیل کولاهی ئەندامی یەکیەتیی خوێندکارانەوە خوێندرایەوە، کە سەرەتا تیشکی خستە سەر گرینگیی سیستمی فێرکاریی باڵا لە گۆرانکارییەکانی نێو کۆمەڵگادا. بۆ ئەم مەبەستە سیستمی کراوەی پەروەردەو فێرکردنی لەگەڵ سیستمی داخراوی پەروەردەو فێرکردن هەڵسەنگاند. پاشان ئاماژەی بە هێندێك لەو ئاکامانە کە لە کودیتای فەرهەنگیدا کەوتنەوە، ئاماژەی کرد، کە لەوانە دەتوانین

١ـ زاڵبوونی ڕێژیم بە سەر زانستگا

٢ـ خاڵی بوونەوەی زانستگا لە هێزە جودابیرەکان

٣ـ زاڵ کردنی ئیدئۆلۆژیی مەزهەبی بە سەر زانستگادا

٤ـ هاوئاهەنگ بوونی زانستگا لەگەڵ ڕێژیم. پاشان ناوبراو تیشکی خستە سەر کاریگەرییەکانی کودیتای فەرهەنگی لە سەر بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران کە لە سێ تەوەری سەرەکیدا بەوردی باسیان لێ کرا کە بریتی بوون لە

١ـ کاریگەری کودیتای فەرهەنگی لەسەر ئەو هێزە مرۆڤیەی کە لە زانستگادا پەروەردە دەکرێ

٢ـ کاریگەری کودیتای فەرهەنگی لە سەر سەربەخۆیی زانستگاو بزووتنەوەی خوێندکاری

٣ـ کاریگەریی کودیتای فەرهەنگی لەسەر داخوازییەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری

بەدوای ئەودا کاك هەژار ڕەحیمی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتاری "شۆڕشی فەرهەنگی ئاماژەیەك بۆ سەلەفییەتی مودێڕن"ی خوێندەوە. کە تێیدا ئاماژەی بە چۆنیەتیی کەڵك وەرگرتنی سەلەفییەکان لە زانستی نوێ بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانیان کردو بە وردی باسی لە سەر کرد.

پاشان وتاری "شۆڕشی فەرهەنگیو جینۆسایدی فەرهەنگی لە کوردستان دا" لە لایەن کاك رامبود لوتف پووری ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خوێندرایەوە کە سەرەتا ئاماژەی بە دیاردەی شۆڕش لە ڕوانگەی لیبراڵیو مارکسیستییەوە کرد. پاشان ئاماژەی بەو گۆڕانە هزریو کۆمەڵایەتییانە کرد کە بوون بە هۆی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە. بە دوای ئاماژە بە هێندێك لە ئاکامەکانی کودیتای فەرهەنگی، کاریگەریی ئەو کودیتایە لە سەر کوردستان خستە بەر باس و کردەوەکانی ڕیژیمی لە کوردستان بە جینۆسایدی فەرهەنگی ناو بردز

بە دوای ئانتراکتێکی کورت دا پانێلێکی پرسیارو وەڵام لە سەر وتارەکان پێك هات کە لە لایەن ئامادەبوانی سیمینارەکەوە بەشداریی چالاکانەی تێدا کرا. بە دوای ئەو بەشە، سیمینارەکە لە کاتژمێر ٦:٣٠ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆتایی پێ هات.

# فستیڤاڵی هاوبەشی ناوەندی (٣)ی کوردستانو هێزەکانی کورەی باشووری






ڕۆژی ١٣٨٥/٢/٩، بەبۆنەی سەرکەوتنی پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لەژێر دروشمی: "بە یەکیەتییو تێکۆشانمان داهاتوویەکی گەشو ژیانێکی بەختەوەرانە، مسۆگەر دەکەین"، کە لەلایەن هێزی کورەی باشوور و بە هاوکاریی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوەندی ٣ی کوردستان لە ماوەی ٢٠ ڕۆژدا کۆتایی پێهات، فستیڤاڵێك لە ناوەندی ٣ی کوردستان دا سازکرا.

ئەم فستیڤاڵە بە بەشداریی زۆربەی کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی حیزبی لە ناوەندو کەمپە جۆراوجۆرەکانی حیزبیو ئەندامو لایەنگرانی حیزبی لە شارەکانی کوردستانو بەتالیۆنی ١٢١ی تیپی زەیتوونو چەند فەرماندەیەكو فەرماندەکانی هێزی کورەی باشوورو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، وەك پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیەو هەروەها نوێنەری گوندەکانی ناوچەی بەرانەتی لە جۆشو خرۆشێکی کەم وێنەدا بەڕێوە چوو.

چۆنیەتی بەڕێوەچوونی بەرنامەکانی فستیڤاڵ بەم شێوەی خوارەوە بوو:

بە دوای کرانەوەی فستیڤاڵەکە بە سروودی "ئەی ڕەقیب" سەرەتا پەیامی ناوەندی ٣ی کوردستان، لەلایەن بەڕێز کاك محەممەدساڵح قادرییەوە خوێندرایەوە. بەڕێزیان لە پەیامەکەیدا وێڕای دەستخۆشیو پێداگرتن لەسەر بەهێزکردنی پێوەندیی، دۆستایەتیو هاوکاریی نێوان کوردو دۆستانی وەك هێزی زەیتوونی کورەی و هاوپەیمانان، سۆزو ئەمەگناسیی حیزبی دێموکراتو خەڵکی کوردستانی ئێرانی بە نیسبەت ئەم پرۆژە خزمەتگوزارییەی کە لە ناوەندی ٣ی کوردستان ئەنجامیان داو بە هێزی کورەی و خەڵکی ئەم وڵاتە ڕاگەیاند. دواتر پەیامی هێزی زەیتوونی کورەی لەلایەن فەرماندەی ئەم هێزە، بەڕێز "چۆهیۆهانگ"وە خوێندرایەوە. بەڕێزیان لە پەیامەکەی خۆیدا، سەرەڕای پێداگرتن لەسەر بەهێزکردنی پێوەندیی نێوان خەڵکی کوردستانو کورەی باشوور، هیوای سەرکەوتنی بۆ خەڵکی کورد خواست. دوای خوێندنەوەی پەیامی بەڕێز فەرماندەی لیوای ١٢ی هێزی زەیتوونی کورەی باشووری، بڕوانامەی ڕێزلێنانی لەشکری زەیتوون بە نیشانەی وەفاداری خەڵکی کورە، بۆ کوردی ئێرانی پێشکەشی بەڕێز محەممەدساڵح قادری کرد. دواتر بەڕێز محەممەدساڵح قادری، چەندین لەوحی ڕێزلێنانی بە نیشانەی ڕێزوپێزانینو دەستخۆشیکردن، لەم پرۆژەیان پێشکەشی



"چۆهیۆهانگ" فەرماندەی لیوای ١٢ی هێزی زەیتوونی کورەی باشووریو فەرماندەکانی کرد. هەروەها لە درێژەی بەرنامەکانی فستیڤاڵ کە پێك هاتبوو لە کۆمەڵێك نمایشی جۆراوجۆر سەرنجی زیاتری بەشدارانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

پێویستە بگوترێ لە کاتی بەڕێوەچوونی فستیڤاڵەکەدا ژێنراڵ "چۆنگ سۆنگ جۆ" بەرپرسی گشتی لەشکری تیپی زەیتوونی کورەی باشووری لە کوردستان دا وێڕای چەندین فەرماندەی پایەبەرزی لەشکری کورە کە بۆ سەردانی هێزی زەیتوون گەیشتبوونە کوردستان، گەیشتە شوێنی فستیڤاڵەکەو لەلایەن بەڕێز "محەممەدساڵح قادری"یەوە خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا.

پێویستە بگوترێ کە فستیڤاڵەکە تا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ درێژەی کێشاو کۆتایی فستیڤاڵەکەش بەڕێوەچوونی هەڵپەڕکێی کوردی لەلایەن بەشدارانو هێزی زەیتوونو هێزی پێشمەرگەو بەهاوکاریی کۆڕی هونەریی، بە جۆشو شاییەکی کەم وێنە ڕازابۆوە.

# لە قامووسی فیمینیزمدا

**(١٢)**

**وەرگێڕانی: ب.هانا**

**زانست** Science

دەروونناسیو ژینناسی (بایۆلۆژی)، ئەو لقانەی زانستن کە زۆر جاران دەکەونە شیکردنەوەو لێکدانەوەی سروشتی ژن. فیمینیستەکان دەڵێن لەم دوو پانتاییەدا، بینینەکانو لێکدانەوەکان تێکەڵ بە جیاوازیدانانو چەواشەکراون؛ بۆ نموونە، ژینناسی بە مەبەستی تێگەیشتن لە ئولگوو (نموونە)ی ڕەفتاریی نەگونجاوی تاکەکانی مرۆڤ، کەڵك لەو لێکۆڵینەوانە وەردەگرێ کە لەسەر یەکەمین گوانداران (پستانداران نخستین) کراونو، دەروونناسییش بەڵگە دێنێتەوە کە هۆرمۆنە جینسییەکان هۆی جیاوازیی ڕەفتاری پیاوانەو ژنانەن. بە بۆچوونی ڕۆتوالیسگرۆو، تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی زانستگەکان - ئاوەزمەندێتیو ئاواتی کۆنترۆڵ - دژکردەوەیەکن بە دژی تایبەتمەندییە عاتیفییەکانو چاوەدێرییو پێڕاگەیشتن، کە بە شێوەیەکی نەریتی پێناسە کراون. (wallsgrove,1980)

تێورییە فیمینیستییەکانی زانست دوو ئەرکیان لەسەر شانە:

ڕوونکردنەوەی ئەم کێشەیە کە میتۆدەکانو بیردۆزە زانستییەکان لە کام شێوەدا جنسگەرا (سیکسوالیتە)نو، هێنانەگۆڕی هەڵوێستی نوێ.

مێژوونووسە فیمینیستەکانی زانست ئاماژە بە "پیاوانە بوون"ی زانست لە سەدەکانی شانزدەو حەڤدەی زایینیدا دەکەن. بۆ نموونە، میتۆدی ئەزموونیی [فرانسیس] بیکێن، زانایانی بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشت هان دەداو، ئیلهامی لە تاقیکردنەوەکانی جادووبازە (ساحرە)کانی سەردەمی پێشوو وەردەگرت. بەبۆچوونی کرۆلین مێرچانت سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژیاو زانستی مۆدێرن لە سەر بناغەی سەرهەڵدانی زانای نێری "واعظ مأب" دامەزراوە (Merchant,1983). ڕەخنەگرە لیبراڵەکان ئاماژە بەلایەنگریی زانست لە هەڵبژاردنی بابەتەکانی خۆیو پێناسەکردنی گرفتەکاندا دەکەن کە بۆنموونە لە گرنگی نەدان بە کێشەکانی پێوندیدار بە لەشساغیی ژناندا، خۆدەنوێنێ.



فیلسوفانی فیمینیست بەڵگە دێننەوە کە زانست نوێنگەی دووفاقییە جینسییەتییەکانە.

ئەو دوالیزمانەی لە زانستدا هەن بۆ وێنە ناسندە (شناسندە)/ بابەتی ناسین، کەلتوور/ سروشت، هزر/ هەستو، چالاك/ ناچالاك، هەموویان سەمبۆلو، پەساودەری دوالیزم تەوەری، واتە پیاو/ ژنو، پێوەندیی دوولایەنەی فەرمانڕەواییو فەرمانبەرین. سوزان گریفین وەبیر دێنێتەوە کە خوازە (استعارە)ی بەربڵاو لە زانستی ڕۆژئاواییدا، زاڵبوون بەسەر سروشت دایە (Griffin,1978).

بە پێی بەڵگە هێنانەوەکانی ئێڤێلەین فۆکس کیلێر، زانست لە زۆربەی بوارەکاندا کە بە نێرینەو جینسییەتی کراوەو، بووە بە ئانتیتێزی ڕەمەك (غەریزە)ی ژیان. زانا (زانستمەند) کە بە شێوەیەکی نەریتی پیاوە، دەبێ ژنایەتی لە خۆی دوور بکاتەوە تا شوناس (هویت)ی پیاوانەی خۆی جێگیر بکا؛ ئەمە، پێویستی بە فرێدانی بیرکردنەوەی بەدوور لە دووفاقیەتو، پێداگرتن لەسەر یا ئەم یا ئەو، واتە تایبەتمەندیی هەرە دیاری جیهان بینیی نێوتۆنییە. فۆکس کیلێر بەڵگە دێنێتەوە کە ئەم پێناسەیە لە بارەی زانستەوە، لەو نەریتە کەلتوورییەوە سەرچاوەی گرتوە کە لەودا سروشت بە ژن دادەنرا کە ناسندەکەی پیاو بوو. ئەم شێوە پیاوانەیە، زانستمەندانی پیاوی ڕاکێشاو، زانست تەنیا بە ڕووخاندنی ئەم پێوەندییە سەمبۆلیکە، بەڕاستی دەتوانێ پێش بکەوێ (Keller,1978).

ئێلیزابێت فی، دەڵێ لەم ساتە مێژووییدا، ئەوەی ئێمە دەمانەوێ پێکی بێنین زانستێکی فیمینیستی نیە، بەڵکوو ڕەخنەگرتنی فیمینیستیی لەم زانستەی ئێستایە. بە گوێرەی بەڵگەهێنانەوەکانی ئەو، پیشەسازیی لادێ، ئاڵترناتیڤی فیمینیستیی ئایدۆلۆژیای زانستی نێرینەی زاڵە. بەڵام بە بۆچوونی دۆننا هاراوەی زانستێکی فیمینیستی سۆسیالیستی خەریکە پێهەڵ دەگرێ (Haraway,1979). زانستی فیمینیستی، پێویستی بە ڕووکردنی بە کۆمەڵی ژنان لە ناسینی سروشتو خۆیانو، دەروەستبوون لە ئاست مانەوەی هەردووکیانە.

سەرچاوە: فرهنگ نظریەهای فیمینیستی،

نووسینی مەگی هامو ساراگەمبل لاپەڕەکانی ٣٨٩و ٣٩٠

وەرگێڕان بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، نوشین احمدیخراسانیو فرخ قرەداغی

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکراتو پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 436   5 May 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، رۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com   http://www.pdk-iran.org   www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com   e- mail: pdkiran@club-internet.fr   e- mail: rdk_iran@yahoocom


بەر لەماڵاوایی

## "دۆستایەتی"و "برایەتی"ی شووێنیستێك لەگەڵ نەتەوەی کورد!

قادر وریا

نامەی ۲۰ی مارسی دوکتور عەلیرەزا نەزمیی ئەفشار، بناغەدانەرو بەرپرسی "کۆمیسیۆنی دیپلۆماتیکی ئازەربایجانی باشوور" بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێز کاك مستەفای هیجری، وەڵامی سکرتێری گشتیی حیزب بەم نامەیە، ماوەیەکە کەوتوونەتە بەر سەرنجو لێدوانی هێندێك کەسو لایەنو، لەم پێوەندی‌یەدا ژمارەیەك وتار لە سایتە ئینتێرنێتی‌یەکاندا بڵاوبوونەتەوە.

رەخنەو تووڕەیی ئەو کەسانەی بەرامبەر بەو نامەیەی نەزمیی ئەفشار دژکردەوەیان نیشان داوە، لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە ناوبراو لە حاڵێکدا بە ناوی کەسێکی نیاز پاکی دۆستو لایەنگری کورد چۆتە سەر مینبەری ئامۆژگاری، لە سووکایەتیکردن بە نەخشەی کوردستانو، بە دزوچەتە ناوبردنی سمایل ئاغای سمکۆ، دەستی نەپاراستووەو، ئەو بەشەش لە شارو ناوچەکانی کوردستان کە لە تەقسیماتی شوومو مەبەستداری دەوڵەتی‌دا، وێڕای هێندێك شارو ناوچەی تورکنشین کراون بە "پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا"، بە سەرزەویی ئازەربایجان ناودەبا! نەزمیی ئەفشار ئەو بەشە لە نەتەوەی کوردیش کە لەسەر سەرزەویی خۆیان بەڵام لەگەڵ تورکەکان، لەو پارێزگایەدا دەژین، بە "عەشایری دانیشتووی نەواری رۆژئاوای ئازەربایجان"، دەناسێنێ! لە وتووێژێکیشدا کەلەگەڵ سایتی "شمس تبریز" بە دوای ئەم نامەیەدا کردوویەتی، بە شانازییەوە ئیددیعاکانی نێونامەکەی دووپات دەکاتەو، روونتر پێیان لە سەر دادەگرێتەوەو دەڵێ: "من بە راشکاوی ناوچە کوردنشینەکان، تەنانەت پێتەختی جمهووریی کوردستانم بە هەمیشە ئازەربایجان ناوبردوە"و "بەپێچەوانەی بڕوای خۆمو وەك نارەزایەتی دەربڕین، لەسەر ناوی تورکیی پێتەختی کۆماری کوردستان "سەردەشت، ساوجبلاغو سلدوز" پێم داگرتوە"[(1)]. لەوەش تاڵتر ئەوەیە کە سەرەڕای ئەو هەمووە رێزەی سکرتێری حیزب لە وەڵامی نامەکەی‌دا بەرامبەر ناوبراو نواندوویەتی، بە فیزو سەرکەوتنەوە دەڵێ: "لە کۆتایی [نامەکەم]دا وەك برایەکی گەورە ئامۆژگاریم کردوەو.... ئەویش بەوپەڕی مێهرەبانی‌و ئەدەبەوە، بێ‌ئەوەی چووکترین حاڵەتی داکۆکیی یا پاسیڤی هەبێ، خاڵە سەرەکی‌یەکانی منی سەلماندوون"[(3)].

شایانی باسە بیانووی دوکتور نەزمی ئەفشار بۆ نامەنووسین بۆ کاك مستەفا هیجری، ئەو بەشە لە وتووێژەکەی هاوڕێ رامبود لوتفپووری‌یە کە شارەکانی ماکۆ، ورمێ، نەغەدە، میاندواوو سەلماس‌و.... بە کوردستان ناو دەباو، دانیشتوانی تورکی ئەم شارانە وەك میوانی جێگای رێز لە سەر زەویی کوردستان دادەنێ. (کوردستان، ژ۴۳۲). بەڵام ناوبراو کە ئەوەندە بەم قسانە تووڕەیەو بە توندڕۆییان دەزانێ‌و، داوا لە سکرتێری حیزب دەکا "بۆ هەمیشە کۆتایی بە پیلانەکانی دوژمن بێنێ کە بە کورتترین رێگادا واتە لە زاری توندڕەوانی کوردو تورك دەیانەوێ سەرزەویی ئێمە نوقمی خوێن بکەن"[(3)] لە یەك یەکی وشەکانی‌دا، "وەك ئۆرتۆدۆکسێکی نێو هەر نەتەوەیەك کە نەخۆشانە بە ئاواتی فراوانخوازانەو دوور لە عەقڵیانەوە نووساونو، پێشی هەر چەشنە هێمنی‌یەك، رێککەوتن‌و دۆستایەتی‌یەك دەگرن" [(4)] خۆی دەردەخا!

دوکتور نەزمیی ئەفشار، بۆخۆی لە جیاتی هەر دوو میللەتی کوردو تورك کێشەکەی براندۆتەوەو، هەرچی شارو ناوچەیەکی کوردستانەو، رێژیمە شۆوێنیستو دژ بە کوردەکانی ئێران لە تەقسیماتی ئیداری‌و دەوڵەتی‌دا ناوی پارێزگەی ئازەربایجانی رۆژئاوایان لەسەر داناوە، بە هی میللەتی تورك رادەگەیەنێ. دانیشتووانی ئەوانیش بە عەشایرو بە سنوورنشینانی قارەمانی ئازەربایجانی رۆژئاوا لە قەڵەم دەدا! بەمەندەشەوە ناوەستێ‌و دەڵێ: "هەر نەتەوەیەك تەماحی لە تۆسقاڵێك خاکی پاکی میللەتی تورك‌دا هەبێ، نەك بە ئاگرو خوێن، بە چنگ‌و ددان رۆژگاریان رەش‌و تاریك دەکەین." بۆ پاڵپشتیی ئەم قسەیەشی پەنا بۆ وتەیەکی ئەتاتورك دەبا کە "بۆ پاساوی ۲۵۰/۰۰۰ شەهیدی جاناق قەڵا گوتوویەتی دایکانی تورك، بە میلیون منداڵی دیکەیان دەبێ، بەڵام هیچ دایکێك، ناتوانێ بستێك خاکی ببێ."[(5)]

تا ئێرە هەر ئەوەندەم بۆ کرا پێتان بڵێم کەسانێك کە خۆیان وەك دۆستو لایەنگری نەتەوەی کورد دەنوێنن بەڵام لە راستی‌دا بە ساویلکەی دەزانن، هەبوونی "نەخشەی کوردستانی گەورە" لە کورد دەکەن بە تاوان. بەڵام لە بەرچاوی خۆمان، خاکێك کە هەزاران ساڵە لەسەری دەژین، دەخەنە سەرنەخشەی خەیاڵیی خۆیان! لەگەڵ ئەمەش‌دا ئامۆژگاریمان دەکەن کە بەم جۆرە برایەتی‌یە رازی بین‌و ناشکوری نەکەین!

هێنانە بەرباسی رەهەندو لایەنەکانی رابردووی پڕ هەورازو نشێوی دراوسێیەتیی دوو نەتەوەی کوردو تورك‌و، بەرپەرچدانەوەی ئیددیعاکانی دوکتور نەزمی ئەفشارو، بوختانەکانی بەرێوەبەری تەلەفزیۆنی "گون آذ" لە بارەی حیزبی دێموکرات، لە حەوسەلەی ئەم نووسینەدا نین. بەڵام بەسەرنجدان بە زۆرلێکراویی مێژوویی نەتەوەی کوردو، پشت قایم بە سیاسەت‌و هەڵوێستە دروستەکانی حیزبی دێمۆکرات لە سەردەمی کۆمارەوە تا ئێستا لە پێوەندی لەگەڵ ئازەری‌یەکان‌و ئازەربایجاندا، منیش بۆم هەیە بچمە سەر مینبەری ئامۆژگاری‌و بڵێم: بۆ پێشگیری لە هەرچەشنە گرژی‌یەکی نەتەوەیی‌و، لە پێناوی ئاڵۆز نەبوونی پێوەندی‌یەکانی ئەم دوو نەتەوەیەدا، هەموو لایەکمان بە کوردو تورکەوەو لە هەر شوێنێك‌و لە هەر پۆست‌و مەقام‌و بەرپرسایەتی‌یەك داین، دەبێ حەکیمانە بدوێین‌و بنووسین. هیچ لایەکمان بۆمان نیە هەر وا بە فتوایەك سەرزەوی‌و نیشتمانی ئەویتر بکەین بە هی خۆمان... ئەو سیاسەتانەی رێژیمە دژی‌گەلی‌یەکان بۆ تواندنەوەی نەتەوەکان‌و شێواندنی سنوورە مێژوویی‌یەکان گرتوویانەتە بەر، هەروەها تێکەڵاوی‌و پێکەوە ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کەلتووری بە درێژایی سەدان ساڵ، وای کردوە دیاریکردنی سنووری سەرزەویی هەر کام لەوان لەو شوێنانە کە پێکەوە دەژین، ببێتە شتێکی یەکجار دژوارو، کێشەو ئیددیعای ئەرزی ببێ بە گرێ کوێرە. بەم حاڵەشەوە ئەگەر عەقڵی سەلیم بەسەر بڕیاربەدەستانی ئەو نەتەوانەدا زاڵ بێ‌و، هیچکامیان بەتەمای داگیرکردنی سەرزەویی ئەویترو، ئینکاری مافی رەوای یەکتر نەبن، دەتوانن چارەسەری دروست بۆ کێشەو گرفتەکان بدۆزنەوەو شانبەشانی گەیشتن بە مافی چارەنووسی خۆیان بە تەبایی لە پەنا یەکتر بژین. رێگەچارەی کێشەی ئەرزیی نەتەوەکان لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا بەکەڵکوەرگرتن لە پێوانەو رێوشوێنی گونجاو لەگەڵ عەقڵ‌و مەنتیق‌و، لەسەر بناغەی یەکتر قەبووڵکردن‌و یەکهەڵکردن دەدۆزرێتەوە نەك بە پاکسازیی قەومی‌و ئاسیمیلاسیۆن‌و، بە گوێرەی حەزو ئارەزووی زێدەرۆیانەو رەگەزپەرستانە! ئەگینا هەموو کات ئەگەری دووپاتبوونەوەی ئەزموونە تاڵەکانی ناگۆرنو قەرەباغ، کوشتاری هۆتۆکان‌و تووتسی‌یەکان، شەڕی قەومیی سێرب‌و کرۆوات‌و بۆسنیایی‌یەکان‌و، تازەترین نموونەش دارفور هەیەو ئەمەش بە قازانجی هیچ نەتەوەیەك نیە.

۱)و۲) سایتی "شمس تبریز"، بەشی سێهەمی وتووێژی دوکتور عەلیرەزا نەزمیی ئەفشار لەگەڵ ئەو سایتە.

۳)و٤) نامەی دوکتور عەلیرەزا نەزمیی ئەفشار بۆ کاك مستەفا هیجری

٥) سایتی شمس تبریز، بەشی سێهەمی وتووێژی دوکتور عەلیرەزا نەزمیی ئەفشار لەگەڵ ئەو سایتەدا!



چیاکانی کوردستان

## قەرەوڵ Qaragol

قەرەوڵ (قەرەگوڵ)، یەکێك لە جوانترین ترۆپکەکانی نزیك شاری سنەیەو لە پێنج کیلۆمیتریی باکووری رۆژهەڵاتی سنە هەڵکەوتوەو دەڕوانێتە سەر ئاوایی‌یەکی بناری خۆی بە ناوی "دوشان".

لە باکوورەوە دەگاتە چیای خاتوون، لە باشوورەوە دراوسێی ترۆپکی سوڵتان سیراجەدینەو، لە رۆژهەڵاتەوە لەگەڵ چیای "قەڵا کێلان"و "پەنجەعەلی"و لە رۆژئاواشەوە لەگەڵ ئاوایی‌یەکانی "کانی بووچکەلە"و "دوشان" هاوسنوورە.

بەرزایی "قەرەوڵ" ۲۹۰۰ میترەو لە دیمەنە جوانەکانی، دەتوانین شاری سنە، گوندەکانی بناری، ترۆپکەکانی دەوروبەری‌و... ناو ببەین. خاتوون شیشەڕێ، سوڵتان سیراجەدین، سەردەخانی، سورمەعەلی، قەڵاکێلان‌و بەرزایی‌یەکانی سەڵواتاوا، بە گرنگترین ترۆپکەکانی دەوروبەری "قەرەگوڵ دەژمێردرێن.

"کانی بووچکەڵە"، "کانی دەروێش"، "کانی کیسەڵان"، "کانی تاڵە"، "کانی یاران"و "هەوارە رەشە" لەو کانی‌یە گرنگانەن کە لە هەناوی قەرەوڵ هەڵدەقوڵێن.

کانی بووچکەڵە، دوشان، گورگاوا، هەلیزاوا، زرعە، گزگزارەی سەروو خواروو، سەرواڵەو.... لە گوندەکانی نزیك بەم چیایەن.

ئاوەڕۆی قەرەوڵ دەچێتەوە بۆ گەلی‌و دۆڵەکانی دزاندەرە، وێسفتە، بەردی بزنان، چەم دەرەوەن‌و..... دامێنەکانی وەك دۆڵی کانی بووچکەڵە، دۆڵی دزاندەرە، هانیس‌و خەیارە شیاوی ئاماژە پێکردنن. لە دۆڵە بەناوبانگەکانی دەوروبەری قەرەوڵ، دەتوانین چەم دەرەوەن، بەردی بزنان، وێسفتە، دزاندەرە، دۆزەقەو.... ناو ببەین.

قەرەگوڵ، حەشارگەی زستانیی نیە، باشترین رێگای سەرکەوتن لەم چیایە، گوندەکانی کانی بووچکەڵە، هانیس‌و بە تایبەتی رێگای ناسراوی ئاوایی "دوشان"ە. چوون‌و هاتنەوە لە دوندی قەرەوڵ، لەسەریەك ٥ کاتژمێر دەخایەنێ.

کەما، لۆو گژگیای بۆنخۆش، رووەکی خۆراکی‌و دەرمانی، رێواس، گێلاخەو داربەڕوو گۆیژی سوورو زەرد، جۆرەکانی دیکەی رووەك‌و زیندەوەری وەك کەروێشك, مار، کەو، قەناری، گورگ، رێوی‌و ژووشك گرنگترین جۆرەکانی گژو گیاو زیندەوەری ئەم ناوچەیەن.

ئەم چیایە، هەڵکەوتێکی ستراتیژیکی هەیەو مەترسیی تەقینەوەی مین لەم چیایەدا بەدی دەکرێ. بەم هۆیەوە کە داوێنەکانی زۆر لێژن، هەموو وەرزەکان، بە تایبەتی زستانان، ئەگەری هەڵدێرانی مرۆڤ، هاتنی لافاوو رنوو هەیە.

دیمەنی قەرەوڵ لە نێو تەم‌و مژ، لە پاییز، زستان‌و بەهاردا، کەم وێنەیە.

**سەرچاوە: کتێبی "جلوەهای طبیعی کردستان" دفتر اول: کوهها**

**ئامادەکردنی: اکبر ولدبیگی**

## لە شاری هەولێر، سێهەمین فستیڤاڵی بەدرخان بەڕێوەچوو




رۆژی ۲۲ی نیسانی ئەمساڵ، لە سەدوهەشتەمینساڵڕۆژی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی‌دا، سێهەمین فستیڤاڵی بەدرخان بە بەشداریی رۆژنامەنووسان‌و نووسەرانی کورد لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

فستیڤاڵی ئەم ساڵی بەدرخان کە لەژێر دروشمی "لەپێناو چەسپاندنی ئازادی‌و بەرز راگرتنی رەوشتی رۆژنامەنووسی"دا پێك هات، وەك فستیڤاڵەکانی پێشوو بوو بە بۆنەیەك بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەبۆنەی خزمەتی زۆریان بە رۆژنامەنووسیی کوردی‌و بوارە کەلتووری‌یەکانی دیکەی نەتەوەی کوردو، رێز لە میقداد مەدحەت‌و بەدرخانی‌یەکانی دیکە بنێنەوە، شانبەشانی نواندنی ئەم ئەمەگناسی‌یە، لایەنە جۆراوجۆرەکانی رۆژنامەنووسیی ئەمڕۆی کوردستان بێننە بەرباس.

لە رێورەسمی کرانەوەی فستیڤاڵی ئەمساڵدا کۆمەڵێك پەیام وتە پێشکێش کران، بۆ وێنە وتاری لێژنەی باڵای فستیڤاڵ، دوکتور کەمال فوئاد، پەیامی سەرکۆماری عێراق، بەڕێز جەلال



تاڵەبانی، پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مەسعوود بارزانی، وتاری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەڕێز عەدنان موفتی، وتاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، پەیامی پیرۆزبایی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان، پەیامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق، وتاری بەڕێز دوکتور کەمال مەزهەر.

ئەمساڵیش فستیڤاڵی بەدرخان بۆوە بە ناوەندی کۆمەڵێك چالاکیی فەرهەنگی. پێکهاتنی پێشانگەی کتێب، شێوەکاری، فۆتۆگراف، کاریکاتێرو بەرهەمی شێوەکاریی منداڵان بەشێك لەم چالاکییانە بوون. لە دانیشتنی دووهەمی رۆژی یەکەمی کاری فستیڤاڵدا، مامۆستا شێرکۆ بێکەس پەخشانە شێعری "رۆژنامەیەك لە کاغەزی هەتاوو سەرنووسەریش لە قەڵەمی ئەرخەوان‌و مانگە شەو"ی پێشکێش کرد. هەر ئەو رۆژە پوختەی کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە پێشکێش کران‌و کەوتنە بەرباس‌و لێدوان.

لە رۆژی دووهەمی کاری فستیڤاڵدا، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، "پرۆژەی رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان"ی بۆ پێداچوونەوە خستە بەرچاوی رۆژنامەنووسان‌و، پێشنیارو رەخنەو هەڵسەنگاندنی ئەوانی لەبارەی پرۆژەکە وەرگرت. لەگەڵ ئەو پرۆژەیەدا "میثاق الحقوق الاجتماعیه والمهنیه للصحفیین فی‌العراق" کە لەلایەن فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان (IFJ)ەوە ئامادە کراوە، کەوتە بەرباس. بەشدارانی فستیڤاڵ لەماوەی رۆژێك کاردا، زۆر لە ناتەواوی‌و کەم‌و کورتی‌یەکانی "پرۆژەی رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان"یان دەستنیشان کردو قامکیان لەسەر لایەنە بەهێزو باشەکانی دانا. لە درێژەی کاری رۆژی دووهەمیش دا، دوو لێکۆڵینەوەی رۆژنامەنووسی پێشکێش کران.

لە دانیشتنی یەکەمی سێهەم رۆژی کاری فستیڤاڵدا، پوختەی پێنج لێکۆڵینەوە (رۆڵی کامیران بەدرخان دشرۆڤە کرنا کێشا کوردیدا، گۆڤاری روناهی لەبەر تیشکی لێکۆڵینەوەدا، هایداری نوو لەسەر عەبدولڕەحمان بەدرخان لەلایەن مالمیسانژەوە، بەراورد لەنێوان رۆژنامەی رۆژهەڵات‌و ئاشتی‌و، "ریا تازە" بە تەمەنترین رۆژنامەی کوردی) کەوتنە بەرباس‌و هەڵسەنگاندن.

دوا دانیشتنی فستیڤاڵ کە کەوتبووە دوانیوەڕۆی یەکشەمە ۲۰۰٦/٤/۲۳، تەرخان کرابوو بۆ دوو لێکۆڵینەوەو بەرنامەکانی تایبەت



بە کۆتایهاتنی فستیڤاڵ. لەو مەراسیمەدا خەڵات بەسەر چەندین رۆژنامەنووس دا دابەش کرا. پاشان بەڕێز حەمید ئەبووبەکر، سەرنووسەری مانگنامەی بەدرخان‌و سەرۆکی دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی بەدرخان راگەیاندنی کۆتایی فستیڤاڵی خوێندەوە. هەر لەم رێورەسمەدا، شازادە سینەم جەلادەت بەدرخان وتاری بنەماڵەی بەدرخانی‌یەکانی پێشکێش کرد.

شایانی باسە کە دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، بۆ فستیڤاڵی ئەمساڵیش ژمارەیەکی تایبەتی لە مانگنامەی بەدرخانی ئامادە کردبوو بە ژمارەیەك پاشکۆی سەنگین‌و رەنگینەوە. دیاریی بەنرخی ئەم دەزگایە بۆ بەشدارانی فستیڤاڵ، چاپی سێهەم (چاپی تاران)ی "کوردستان" یەکەمین رۆژنامەی کوردی بوو کە لەسەرجەمی ۳۲ ژمارە تەنیا ژمارە ۱۹ی تا ئێستا دیار نیە. ئەم دەزگایە، ئەلبۆمێکی دەوڵەمەندی رۆژنامەنووسانی کوردستانیشی بە سەرپەرستیی مومتاز حەیدەری، مەحموود زامدارو حەمید ئەبووبەکر ئامادە کردبوو. سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش ژمارە ۷ی وەرزنامەی "رۆژنامەنووس"ی بۆ یادی ۱۰۸ ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی‌و باس‌و لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەم فستیڤاڵە تەرخان کردبوو.

بڕیار وایە چوارەمین فستیڤاڵی بەدرخان، دوو ساڵی دیکەو لە سەدودەهەمین ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی‌دا پێك بێ.

ب. هیوا

## مرواریی دەریای وشە

**هەموو بەدبەختی‌یەکان لە ژوورەوە سەرچاوە دەگرن‌و هۆیەکەیان، ئێمە خۆمانین. بەڵام بە هەڵە پێمان وایە لە دەرەوەڕا دێن. ئەوە لە حاڵێك دایە کە ئێمە لە نێوخۆمانداو بە سروشتی خۆمان دروستیان دەکەین.** (ئاناتول فرانس)

**خراپیی کاروباری وڵاتێك دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ ۱ـ نەبوونی خەڵکی زاناو لێوەشاوە. ۲ـ نەسپێردرانی کاروباری وڵات بەوان.** (ڤۆلتێر)

**ئەو دەوڵەتەی لە میللەت دەترسێ، هەمیشە دەیەوێ میللەتەکەی داماو بێتوانا بێ.** (فەتحی رەملی)

**بایەخی مەعنەویی سەرۆکێك زیاتر لە هەر شتێکی دیکە بەستراوەتەوە بە کەسانی دەوروبەری. بەڵام چۆنیەتیی هەڵبژاردنی کەسانی لێوەشاوە، لە چۆنیەتیی حکوومەت کردن بەسەریان دا، سەختترە.** (گۆستالوبون)